نووسینی: زێبار عزیزخان مهاجر

# کاریگەری کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



## پێناسی کتێب:

نـــــاوی کتێـــــــب: کاریگەری کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

ناوی نووســــــــــەر: زێبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی نـــــاوەوە: زێبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەســـازی بەرگ: بەرەکات قورتاس

بـــــڵاوکــــــــــار: نووسینگەی کاروان

نــۆرە و ساڵی چــاپ: یەکەم، ٢٠٢٢ز

تـــیـــــــــــــراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٥٣)ــی بۆ ساڵی (٢٠١٧)ــی پێدراوە.

کاروان
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥
Karwancenter18@gmail.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾

[سورەتی : تاها، ئایەتی: ١١٤]

**گێتڵ دەڵێت:**

"ئەگەر سەروەری ڕەها نەبوو، ئەوا دەوڵەت هەر بوونی نابێ، ئەگەر سەروەری هەر دەوڵەتێك بەش بەش کرا، ئەوا ئەو کات زیاد لە دەوڵەتێك بوونی هەیە".

## پێشکەشە بە:

❖ زانستخوازان و ئەوانەی بایەخ بە پرسە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان دەدەن.

❖ هاوڕێی خۆشەویستم (سەرهەنگ عەبدولواحید).

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستایشێکی بێ پایان بۆ خوای مەزن و دلۆڤان، کە هەردەم لوتفی ئەو سەرچاوەی تێگەیشتن و پێگەیشتن و بەرجەستەبوونی تواناکانم بووە.

❖ سوپاسی مامۆستای هێژام (د. شاری خالد نانەکەلی) دەکەم، کە بە دابینکردنی کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بەنرخ و ڕێنماییە بەپێزەکانی یارمەتیدەرم بوو، هاندان و پاڵپشتییەکانی پشتیوانییەکی گەورە بوون بۆ من، سەرنجە و تێبینیەکانی بەرهەمەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

❖ سوپاسی ڕێزدار (م. کاوار مەحمود) دەکەم بۆ پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبە.

❖ هەروەها سوپاسی یەکە یەکەی ئەوانەش دەکەم، کە یارمەتیدەرم بوون، ئەگەر بە یەك وشەش بووبێ

**هاوکارم بوون لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمەدا، تا بە ئەنجام گەیشتنی.**

# پێشەکی

سەروەری یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، بەسەیرکردنی مێژووی دەوڵەتان و چۆنیەتی دروستبوونیان، ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی هاتوونەتە بەردەمیان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە دەوڵەتان هەر چەندە بەهێز بووبن، لە ژێر هەر دەسەڵات و سیستەمێکدا هەبووبێ، ئەوا هەردەم گەورەترین مەترسی و هەڕەشە کە بەرۆکی ئەوانی گرتبێ، بریتی بووە لە لێدان لە سەروەری و کەوتنە ژێر هەژموونی ویست و دەسەڵاتێکی تر، چ ناوخۆیی یان دەرەکی بێ. بە مانایەکی دیکە سەروەری واتە بوونی دەوڵەت، سەروەری ئەگەرچی شتێکی مەعنەوی بێ و نەپێوری، ئەوە لە ڕووی کردارییەوە شتێکی ڕێژەییە، کەواتە چەندە دەوڵەت بەهێز بێ و سەروەرییەکەی پارێزراو بێ، ئەوە بوونی دەوڵەمەکە مسۆگەرتر دەبێ.

دەوڵەتان هەموو ڕێوشوێنێکیان گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی شکۆ و سەروەرییەکەیان، گرنگترین ڕێگا و ئامرازیش ئەوەیە، کە دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و هەژموونی دەدەن، هێز لەلای بەشێکیان ئامرازە و لەلای بەشێکی دیکەیان ئامانجە.

ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتنی جیهان، بەتایبەت لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە بە گشتی، تەکنەلۆژیای زیرەك و تەکنەلۆژیای سەربازی بەشێوەیەکی تایبەت، پرسی سەروەری و دیاری کردنی مانا و ڕەهەندەکانی زۆرتر زەقبووەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی پێشوو.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە بۆ دروستبوونی قەوارەی تازە پێویستە لە سەروەری ئەو دەوڵەتە بدرێ، کە قەوارە نوێیەکەی لێی دروست دەبێ، بە مانایەکی دیکە پێویستە لە بنیاتی بوونی دەوڵەتەکە بدرێ، چونکە دابەشکردن یان پارچەکردنی سەروەری واتە لێدان لە بوونی دەوڵەت و نەمان قەوارەی دەوڵەت. جا بۆ نموونە، بۆ ئەوەی دەوڵەتێك بە ناوی کوردستان، لە باشووری کوردستان (مەبەستمان ئەو بەشەی کوردستانە، کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی دەستکردی

عێراق) دروست بکرێت، پێویست دەکات سەروەری دەوڵەتی عێراق بشکێنرێت. ناتوانین بڵێین دەوڵەتێك سەربەخۆیە ئەگەر خاوەنی سەروەری تەواو نەبێ، بۆیە سەروەری ستوون و ڕاگری بێ هاوتای سەربەخۆیی دەوڵەتە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکەوتە مەزنانەی لە کاڵبوونەوەی سەروەریەوە دروست دەبن، ئەو شوێنەوارانەی جێی دەهێڵێت لەسەر ئایندەی دەوڵەتان، و گۆڕانی نەخشەی سیاسی.

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لە عێراق و ناوچەکە، کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتی عێراق، جێی سەرنج و بایەخی لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، بە ناڕاستەوخۆ هاریکارە بۆ دروستبوونی قەوارەی دیکەی سەربەخۆ.

ئامانج لەم کتێبە، دەستنیشان کردنی مانا و جۆر و تایبەتمەندییەکانی سەروەرین، لەگەڵ پەنجە خستنەسەر گرنگترین ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە، لەسەر کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، و هەڵوەشانەوەی نەخشەی دەوڵەتان و جارێکی تر داڕێژتنەوەیان.

لە نووسینی ئەم کتێبەدا، پەیڕەوی شیکاری و وەسفیمان گرتۆتەبەر. سروشتی بابەتەکە وایخواست کە بۆ سێ بەش دابەشی بکەم، کە بە پێشەکی دەستپێدەکات و بە کۆتایی دوماهی دێت.

لە بەشی یەکەمدا: لە میانەی دوو دەروازەدا تیشکم خستۆتە سەر مانای چەمك و مێژووی سەروەری، لە دەروازەی یەکەمدا: مانای چەمکی سەروەریم ڕوونکردۆتەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە و لە ڕووی زاراوەیی یاسایی و سیاسیەوە. لە دەروازەی دووەمدا: تیشك خراوەتەسەر مێژووی سەروەری.

لە بەشی دووەمدا: تاوتوێی خەسڵەتەکانی سەروەری کراوە. لە بەشی سێیەمدا: باسی جۆرەکانی سەروەری کراوە.

بەشی چوارەمدا: تایبەت کراوە بە ڕوونکردنەوەی گرنگترین هۆکارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان. لە بەشی پێنجەمدا: باسی گرنگترین لێکەوتەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتەکان لەخۆدەگرێت. لە کۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانمان خراونەتەڕوو.

هیوادارم توانیبیێتم خزمەتێك پێشكەش بكەم، كەلێنێك لەو بوارەدا لە كتێبخانەی كوردی پڕ بكەمەوە، چونكە كتێبخانەی كوردی پێویستی بەو جۆرە كتێبانە هەیە.

زێبار عەزیزخان مهاجر

سۆران

# بەشی یەکەم

# مانا و مێژووی سەروەری

## دەروازەی یەکەم: مانای سەروەری

### یەکەم: سەروەری لە ڕووی زمانەوانیەوە

### دووەم: ســــەروەری لە ڕووی زاراوەییەوە

## دەروازەی دووەم: مێژووی سەروەری

لەم بەشەدا، کە لە دوو دەروازە پێکدێت، لە دەروازەی یەکەمدا، مانای سەروەری تاوتوێ کراوە، سەرەتا لە ڕووی زمانەوانیەوە، دواتر لە ڕووی زاراوەی یاسایی و سیاسیەوە. دواتر لە دەروازەی دووەمدا، ڕۆشنایی خراوەتەسەر مێژووی سەروەری.

## دەروازەی یەکەم

## مانای سەروەری

لەم دەروازیەدا، هەوڵ دەدەین مانای چەمکی سەروەری شیبکەینەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە، پاشان بە وردی مانای زاراوەیی ئەم چەمکە ڕوون دەکەینەوە، لە ڕووانگەی زاراوەی یاسایی و سیاسیەوە، چونکە سەروەری مانا و پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، وەك هەر چەمك و زاراوەیەکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە بەگوێرەی ڕووانگە و تێڕووانینی کەس و شارەزاییانی ئەو بوارە دەگۆڕێت، هەر یەکێك پێناسەیەکی

جیاوازی بۆ دەکات، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە هەوڵ دەدەین ماناکەی ڕوون بکەینەوە:

### یەکەم: سەرووەری لە ڕووی زمانەوانیەوە:

لە پێناو ڕۆشنایی خستنەسەر مانای چەمکی سەرووەری لە ڕووی زمانەوانیەوە، پێویستە لێرەدا بۆ فەرهەنگە زمانەوانییەکان بگەڕێینەوە، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندنی زمانن و یارمەتیدەرێکی سەرەکین بۆ ئەوەی بە مانای چەمکی سەرووەری لە ڕووی زمانەوانیەوە بگەین.

لە فەرهەنگی (المصباح المنیر[1])ـــدا هاتووە: (("وَسَادَ يَسُودُ سِيَادَةً وَالِاسْمُ السُّوْدُ" واتە: شکۆ و شەرەف. بە پیاو دەوترێت " سَيِّدٌ" بە ژن دەوترێ " سَيِّدَةٌ"، دواتر ئەمە بۆ "الْمَوَالِي" بەکارهات، بەهۆی ئەوەی پلەوپایەیان هەبووە بەسەر خزمەتکارەکاندا، ئەگەرچی لە نێو هۆزەکەشیاندا پێگە و شکۆیان نەبووبێ، بۆیە بەو پیاوەی کە خزمەتکار و بەندەی یان ئەو ژنەی خزمەتکار و بەندەی هەبووە وتراوە: "سَيِّدُ الْعَبْدِ وَسَيِّدَتُهُ"، کۆی وشەی "سید" بریتیە لە "سَادَةٌ وَسَادَاتٌ" واتە: سەرووەرەکان، گەورەکان. بە مێردی ژن دەوترێت "سَيِّدَهَا"، واتە: گەورەکەی.

هەروەها گەورەی هۆزیش بریتییە لە سەرۆك و ڕێزدارترین کەسیان)).

لە فەرهەنگی (الصحاح تاج اللغة وصحاح العربیة[٢])ـــدا هاتووە: (("سادَ قومَه یَسودُهُمْ سِیادَةً و سوددا و سیدودة" واتە: گەورەیانە. "وتقول: سوده قومه. وهو أَسْوَدُ من فلانٍ" واتە: لەو پایەدارترە. فەڕاء وتویەتی: ئەمە گەورە و سەروەری هۆزەکەیەتی ئەمڕۆ، هەواڵتدا سەبارەت بەوەی کەسەکە لە بەشێکی کەمدا گەورەی هۆزەکەیەتی، ئەوە دەڵێی: "هو سائِدُ قومِهِ عن قلیل" واتە: لە بەشێکی کەمدا سەروەری گەلەکەیەتی)).

هەروەها خاوەنی فەرهەنگی (("سادَ: یَسودُ – سِیادَةً و سدودا و سوددا و سیدودة" واتە: شکۆ و پایەبەرزی، "سادَ قومَه" واتە:بووە گەورە و دەسەڵاتدار بەسەریانەوە. "سادَهُ" واتە: بەسەریدا زاڵ بوو لە ڕووی پایە و شکۆوە. "سوَّد: جرء و سوّده" واتە: کردیە گەورە و سەروەر. "إستاد القوم" واتە: گەورەکەیان کوژرا یان بەدیل گیرا. "السود مصدرها السیادة، السودَّدُ و السودَدُ" واتە: ڕێز و پایەی بەرز. "السیادَة" واتە:

نازناوێکی ڕێز و شکۆیە، کۆیەکەی "أسیاد و سِیادَةً و سیائدُ" واتە: خاوەن شکۆ و ڕێز و سەروەری))[٣].

وشەی سەروەری لە زمانی عەرەبیدا، بەشێوەیەکی گشتی بە مانای پایەبەرزی و پێگەی بەرز دێت، ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە پێشەنگی هۆزەکەیەتی لە ڕووی شکۆ یان دەسەڵات یان حوکمەوە، دەوترێت فلان کەسە گەورەی هۆزەکەیەتی، کۆی وشەی "سِیادَةً" بریتییە لە "سادة".

هەروەها لە کتێبی (سیستەمی جیهانی و ئایندەی سەروەری دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) سەبارەت بە مانای زمانەوانی وشەی سەروەری هاتووە: پوختەی مانای زمانەوانی وشەی سەروەری لە زمانی عەرەبیدا، ئاماژەیە بۆ پێگە و زاڵبوون و هێز، مانای زاراوەیی چەمکی سەروەریش هەموو ئەم مانایانەی تێدایە))[٤].

هەروەها لە زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیدا هاتووە: (("السید" واتە: پاشا و خاوەن، "المولى" گەورەی بەندە و خزمەتکارەکانە، "وسید کل شيء" بەڕێزترین و باڵاترین و

بەرزترین و لوتکەی شتەکانە. "souverain bien" لەوەوە هاتووە واتە باڵاترین و چاکترین و باشترین))[٥].

مانای وشەی سەروەری لە: ((زمانی ئینگلیزیدا وشەی: supreme، لە زمانی فەڕەنسیدا: soverain، لە زمانی لاتینیدا: superanus، لە زمانی ئیسپانیدا: soberano، لە زمانی ئیتاڵیدا: soprano، هاتووە، کە هەر هەموویان بە مانای باڵاترین، شکۆدارترین و گەورەترین دەسەڵات دێن))[٦].

کەواتە بە ڕامان لە پێناسەی ئەم فەرهەنگانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەست لە مانای زمانەوانی وشەی (سەروەری)، بریتییە لە لوتکەی گەورەیی، شکۆمەندی و شەرەف، گەورەترین پایە. هەموو ئەم مەبەست و واتایانە لە مانای زاراوەیی چەمکی سەروەریدا ڕەنگ دەدەنەوە، چونکە سەروەری شتێکی مەعنەوییە کە باڵاترین و شکۆمەندترین پایەی دەوڵەتە.

### دووەم: سەروەری لە ڕووی زاراوەییەوە:

چەمکی سەروەری لە ڕووی زاراوەییەوە پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، کە بتوانین بە تەنها پشتی پێ ببەستی، ئینجا بۆ ئەوەی مانای ئەم چەمکە لە ڕووی زاراوەییەوە بە تەواوی ڕۆشن ببێتەوە، ئەوا پێویستە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی بکەین، ئەوانیش بریتین لە ڕوانگەی سیاسی و یاسایی، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

#### أ. لە زاراوەی سیاسیدا:

یەکێك لە کایە گرنگەکانی چەمکی سەروەری بریتییە لە کایەی سیاسی، کایەی سیاسی زۆرترین ڕاجیایی و فرەبۆچوون لەخۆدەگرێ، سەبارەت بە پرسە سیاسیەکان، لەوانە مانا و پرسی سەروەری.

لە ڕوانگەی "جان بودان"ـــەوە سەروەری بە مانای: "دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دێت، بەسەر هاوڵاتیان و خەڵکدا، کە یاسا سنووری بۆ دیاری ناکات"(٧).

بەم پێیە و لە ڕووانگەی "بۆدان"ـــەوە سەروەری پەیوەستە بەهێزەوە، واتە ناوبراو سەروەری لە هێزدا دەبینێتەوە، ئینجا کە دەشڵێت یاسا سنووری بۆ دیاری ناکات، بەو مانایە دێت، کە لە ئاستی ناوخۆ کاتێك یاسا بەرکارە و سەروەری دەوڵەت دەکەوێتە مەترسی و ژێر هەڕەشەوە، ئەوە هەمان ئەو سەروەرییە پاڵنەرە بۆ ئەوەی دەوڵەت هەموو شتێك بکات، لە پێناو پاراستنی سەروەرییەکەی، ئەگەر بە پێشێل کردنی یاسای بەرکاریش بێ، یان بەگرتنەبەری ڕێکاری باری لەناکاویش بێ.

لە ئاستی دەرەکیشدا سەروەری دەوڵەت بەهەمان شێوە پەیوەستە بەهێزەوە، لە ئاستی شانۆی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانشدا دەبینین کە ئەو دەوڵەتەی هێز یان یامرازەکانی هێزی بەردەستی زیاترە، ئەوا سەروەریەکەشی بەهێزتر و تۆکمەترە، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان سەروەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین ئەوە هێزە سەروەری ئەو دوو دەوڵەتە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، یان بە مانایەکی تر، ئەوە هێزە وایکردووە کە سنووری سەروەری

ئەمریکا سنووری دەوڵەتی ئەمریکا تێپەڕێنێت، لەکاتێکدا دەوڵەتێکی وەك عێراق کاتێك ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێ سەروەری ناوخۆیی خۆی بپارێزێ، چ جای سەروەرییە دەرەکیەکەی، کە لە هەموو لایەکەوە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیدا دەکرێ. کەواتە هێز پارێزەری سەرەکی سەروەرییە. بەڵام ئەمەش کەوتۆتە ژێر پرسیار بەتایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکان و غازە ژەهراوییەکان، کە هیچ سنوورێك ناناسن و هیچ هێزێك ناتوانێ بەریان پێبگرێ، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و ڕووسیا..هتد، دواتر بە تێروتەسەلتر قسەی لەسەر دەکەین.

هەروەها د. محمود حیدر زاراوەی سەروەری پێناسەکردووە، بەوەی کە بریتییە ((لەوەی دەوڵەت ئازادی و سەربەخۆیی تەواوی هەبێ، لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیدا))(٨). بەو مانایەی پاشکۆی دەوڵەتانی دیکە نەبێ، هیچ دەوڵەتێك ین لایەنێکی دەرەکی بڕیاری سیاسی دەوڵەتی بەدەست نەبێ. لە ناوخۆشدا دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بەسەر قەوارەکەی.

د. وەزاح زەیتوونیش بەم شێوەیە ((سەروەری)) ناساندووە: ((مانای چەمکی سەروەری دەوڵەت بریتییە لەوەی دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتی یاسایی ڕەسەن و بڕیاربەدەستی باڵایە))[٩]. بەو واتایەی، کە دەوڵەت خۆی خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆیەتی لە ڕووی یاساییەوە، ناکرێ کەسانێك یان لایەنێکی تر لە ناو دەوڵەتدا لە جیاتی کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت کە نوێنەرایەتی سەروەریەکەی دەکەن بڕیاری سیاسی دەوڵەتیان بەدەست بێ، یان دەوڵەت گیرۆدەی دەستی بە تەنها دامەزراوەیەك بێ.

جان جاك ڕۆسۆش لەبارەی سەروەریەوە وتویەتی: سەروەری تەنها بریتییە لە جێبەجێ کردنی ویستی گشتی، کە هەرگیز سازشکردنی لەسەر نییە[٨]. بەڵام ئەمە پێناسەیەکی بەرتەسکە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە چەمکی سەروەری زۆر فراوان بووە، بەتایبەت لە سایەی پێشکەوتنی جیهان، لەهەمان کاتدا گەشەکردنی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر سەروەری دەوڵەتان.

ئەگەر سەیری کتێبەکەی (د. عبدالوهاب کیالی) بکەین بە ناونیشانی (موسوعة السیاسة)، ئەوە دەبینین پێناسەی سەروەری دەکات، بەوەی بریتییە لە: ((دەسەڵاتی هەرە باڵا، کە هیچ دەسەڵاتێك لە سەرووی ئەوەوە نییە، تایبەتمەندی سەرەکی و جیانەبووەوەیە لە دەوڵەت، دەوڵەت پێی جیا دەکرێتەوە لە هەرچی ڕێکخراو و دامەزراوەی ترە لە نێو کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراودا، ناوەندی دەرکردنی یاسا و ڕێساکانە، تاکە لایەنە کە ڕاسپێردراوە بە پاراستنی سیستەم و ئاسایش، و تاکە لایەنیشە کە ڕەوایی پێدراوە قۆرغی ئامرازەکانی هێز بکات، و مافی بەکارهێنانیشی هەیە بۆ جێبەجێکردنی یاسا))[١٠].

لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەکەوێ، کە هەرچییەك هەیە لە دەوڵەتدا، ناگاتە ئاستی سەروەری، سەروەری ئەو تایبەتمەندییەی دەوڵەتە کە هاوتای نییە، ئەوە سەروەرییە وا دەکات دەوڵەت مافی قۆرغکردنی دەسەڵات و ئامرازەکانی هێزی هەبێ، هەر ئەویش ماف و توانای جێبەجێکردنی یاساکانی هەبێ، کەواتە جێبەجێکردنی یاساش لە خزمەتی سەروەریدا دەبێ، هەروەك سەروەری یاسامان هەیە کە پێویستە یاسا لەسەرووی هەموو

کەسێکەوە بێ، کەواتە سەروەری یاسا بەشێکە لە سەروەری ڕەهای دەوڵەت.

کەواتە لە ڕووانگەی سیاسیەوە، سەروەری گوزارشتە لەو تایبەتمەندیەی دەوڵەت، کە پێی لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراو جیا دەکرێتەوە، هەروەها دەربڕی بەرزترین دەسەڵاتە کە هیچ دەسەڵاتێك هاوتا و بەرزتر لەو نییە. هەرچییەك هەیە لە نێو دەوڵەتدا وادەخوازێ کە لە خزمەتی سەروەری دەوڵەتدا بێ، سەروەریی بەوە لە بنەماکانی دیکەی دەوڵەت جیا دەکرێتەوە، کە سەرباری ئەوەی سەروەری هەیە و مەعنەوییە، کەچی لە هەموو بنەماکانی دیکەی دەوڵەت بەهێزترە. ڕادەی بە هێزی دەوڵەت لە زەمینەی واقیعدا بەهێزی سەروەری ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات.

### ب. لە زاراوەی یاسای نێودەوڵەتیدا:

چەمکی سەروەری یەکێکە لەو چەمکانەی کە زۆرترین مشتومڕی لەخۆگرتووە، لە نێو پسپۆڕانی یاسادا (یاساناسانەوە)، چونکە هەیانە کۆت و بەندی دەخاتەسەر، هەشیانە بەرتەسکی دەکاتەوە، هەندێکی تریشیان بازنە و بواری سەروەری زۆر

بەفراوانی دەبینن. تا ئەمڕۆش لە سایەی پێشکەوتنی جیهان و ئاڵۆزتر بوونی سیستەمی نێودەوڵەتی، چەمکی سەروەری ئاڵۆزتر بووە، هەر چەندە ڕووە یاساییەکەی زاراوەی سەروەری ڕوونترە لە ڕووە سیاسییەکەی.

ڕۆمانیەکان پێناسەی سەروەریان کردووە بەوەی[11] بریتییە لە: "ئازادی و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی باڵا"، یۆنانیەکانیش زۆر ڕاجیا نەبوون لەگەڵ، هەروەك ئەڕستۆ لە کتێبەکەیدا بەناوی (سیاسەت) پێناسەی کردووە بەوەی "دەسەڵاتی باڵایە لە ناو دەوڵەتدا"، هەرچی ئەفلاتۆن سەرەوەری بە کەسی دەسەڵاتدار و حوکمڕانەوە بەستۆتەوە، پێی وایە سەروەری واتە دەسەڵاتدار و حوکمڕان.

ئەگەر سەیری بلاکسۆن بکەین، کە لە سەدەی هەژدەمدا بووە، دەبینین وا پێناسەی کردووە: "کە دەسەڵاتی ڕەهایە، کە چاودێری بەسەریەوە نییە و بەرەنگاربوونەوەی نییە"[12].

هەروەها کونیس ناساندوویەتی بەوەی: ناوەندی یاساییە بۆ یەکەیەك، کە ملکەچی یاسای نێودەوڵەتییە و لە سەرووی یاسای ناوخۆییە"، هەرچی "ستارك"ـــە وتویەتی: "سەروەری ئەو

دەسەڵاتەیە کە دەوڵە هەیەتی، لەو چوارچێوەیەی یاسای نێودەوڵەوتی دایناوە". هەروەها یاساناسی بەر‌یتانی "جۆن ئۆستن" لەبارەی سەروەریەوە وتویەتی: ئەو دەسەڵات و پایەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان ملکەچی دەبن، کەچی ئەو ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نابێ. پێناسەش کراوە بەوەی: ملکەچ نەبوونی دەوڵەتە بۆ هیچ هێزێك جگە لە هێزی یاسای نێودەوڵەتی، کە بە ویستی سەربەستانەی خۆی ملکەچی بنچینەکانی دەبێ، پابەندبوون بەم بنەمایانەوە واتای کۆتایی هاتنی سەروەری یان پاشەکشەکردنی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی بە واتای وەڵامدانەوە دێت بۆ داخوازییەکانی گەشەکردن و وەڵامدانەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی[١٣].

جۆرج یلنك پێناسەی سەروەری کردووە بەوەی: ویستی ڕەهای دەوڵەتانە، بەڵام بە جۆرێك کە گونجاو بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان[١٤]. دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٤٩ز، سەروەری بەوە پێناسە کردووە:

((سەروەری دەسەڵاتی دەوڵەتە لە سنووری هەرێمەکەیدا، کە تاك و ڕەهایە، ڕێزگرتن لە سەروەری هەرێمی نێوان وڵاتانی

سەربەخۆ، بنچینەیەکی سەرەکییە لە بنچینەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان))[١٥].

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە سەروەری و سەربەخۆیی وەك دوو چەمکی دوانەن، کە هیچ یەکێکیان بێ ئەوەی تر نابێ، چونکە ناتوانین بە دەوڵەتێك بڵێین خاوەن سەروەری لە کاتێکدا ملکەچی دەوڵەتێکی تر بێ.

لە ڕووانگەی زاراوەی یاساییەوە، سەروەری واتە هێ دەسەڵاتێك لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە نەبێ، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، هەرچی پابەندبوونی دەوڵەتیشە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، بە مانای ئەوە نایەت کە پێشێلی سەروەرییەکەی کراوە، ئەگەر هاتوو پابەندبوونەکەی بەویستی خۆی بووبێ.

کەواتە کۆی ئەو پێناسەی خرانەڕوو، لەوەدا هاوبەشن کە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سەروەری دەسەڵاتی باڵایە، ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی هەبێ چ حوکمڕان بێ یان دەسەڵاتدار یان گەل یاخود دەوڵەت، ئەوە سەربەخۆیی و ملکەچ نەبوون و پاشکۆ نەبوونی بۆ مسۆگەر دەکات.

## دەروازەی دووەم

## پوختەیەك لە مێژووی سەروەری

سەروەری وەك زاراوە و چەمكێكی یاسایی و سیاسی كۆنە، بە ئەندازەی كۆنی خودی دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەروەری بەو مانایەی كە ئێستا هەیە بەشێوەیەكی ڕێژەیی نوێیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدەی زاینی، لە كاتی ئەو ململانێیەی پاشای فەڕەنسا ئەنجامیدا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەقامگیری ناوخۆیی و دەرەكی. لێرەدا بە پوختی قۆناغەكانی مێژووی سەروەری دەخەینەڕوو:

### یەكەم: سەروەری لە چاخە كۆنەكاندا:

سەروەری لەو سەردەمەدا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی سەریهەڵدا، ئەمەش لە كاتی بەدواداچوونی قووڵ دەردەكەوێ، بۆ سەرچاوەكانی دەسەڵات و ڕادەی پێویستی پابەندبوون پێیەوەن لە دەوڵەتانی كۆندا، وەك: یۆنان، چین، میسر و وڵاتی ڕافیدەین،

که تیایاندا خاسیەتی پیرۆزی زاڵ بوو بەسەر دەسەڵاتدا، دەسەڵات بە پیرۆز دادەنرا، ئاویتەی بیروباوەڕە ئاینیەکان بوو، ملکەچی بۆ دەسەڵاتدار و حوکمڕان، بە ملکەچی و گوێڕایەڵی دادەندرا بۆ خواوەندەکان و حوکمەکانی ئایین. جا یۆنانیە کۆنەکان زیاتر لە گەلانی دیکە، قوڵ ببوونەوە لە زانستە سیاسییەکان، و ئاشنای ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی سەروەری بوون[١٦].

## دووەم: سەروەری لە چاخەکانی ناوەڕاستدا:

لەم چاخانەدا ناکۆکی دروست بوو، لە نێوان حوکمڕان (پاشا و ئیمپڕاتۆر) کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بوو، بەوپێیەی پێی وابوو دەسەڵاتەکانی ڕاستەوخۆ لە خواوە سەرچاوە دەگرن نەوەك لە گەلەوە، و ئەو سێبەری خوایە لەسەر زەوی، لەگەڵ دەسەڵاتی پاپا کە بەدەستی هێنا بوو لە دەرئەنجامی بڵاوبوونەوەی فراوانی ئاینی مەسیحی و هەژموونی کڵێسا، بەو پێیەی قەواریەکی سەربەخۆ بوو لە دەوڵەت.

لە ڕووی تیۆریەوە دەکرێ بوترێت، کە سەروەری لەم سەردەمانەدا، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری دەسەڵاتی

پاپاکان، کە پاپا بانگەشەی دەکرد لە ململانێکانی لەگەڵ ئیمپڕاتۆر و پاشاکان لەسەر دەسەڵات، لەوانەیە شارڵ لوازۆ کە هاوچەرخی پاشای فەڕەنسا (هنری چوارەم) بوو، یەکەم کەس بووبێ کە تیۆری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتی دووپات کردۆتەوە، لە بەرامبەر پاپاکان. هەروەها ئەو تیۆرەی یاساناسانی کڵێسایی تاوتوێیان کرد بەناوی سەرهەڵدانی تیۆری سەروەری لە فەڕەنسا، بەهەمان شێوە دەرئەنجامی ئەو ململانێیە بوو(١٧).

لەو ماوەیەدا قەوارەیەك لە شاری مەدینە دروست بوو (بۆیە ناوم لێناوە، قەوارە نەوەك دەوڵەت، چونکە ئەو کات بەو مانای ئێستا کە هەیە دەوڵەت بوونی نەبوو، بەوەی قەوارەکەی لەسەر ئەو چوار بنەما دیاریکراوانە دامەزرابێ، کە دەوڵەتی ئێستا هەیەتی)، لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، دوای هاتنی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و کۆچ کردنی بۆ شاری مەدینە، و دامەزراندنی قەوارەی مەدینە بە بەشداری گشت پێکهاتەکان، و نووسینەوەی پەیماننامە (الوثیقة)ـــی مەدینە، کە دەستووری حوکمڕانی بوو، ماف و ئازادییەکان دیاریکران، دادگەری جێبەجێ کرا، بەشداری پێکهاتەکان لە دروستکردنی

بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردن دەستەبەر کرا. ئەو قەورایە سەروەری هەبوو.

لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ٦٢٢ز، و لە سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکان (خەلیفەکانی ڕاشیدین)، چەمکی سەروەری بە نەگۆڕی مایەوە، سەروەری ئەم قەواریە وەك خۆی بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەوارەکە دەوڵەتە شار (City state) نەبوو وەك ئەو نموونەیەی کە لە یۆنان هەبوو، هەروەها دەوڵەتی نەتەوەیش (nation state) نەبوو، بەوەی سنووری هەرێم و کەلتور و مێژوو و زمان و...هتدی دیاریکراو بێ. وەك بەشێك لەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە ئێستا هەن، وەك شانیشنی عەرەبی سعودییە، هەروەها سیستەمی حوکمڕانیەکەی ئیمپڕاتۆری یان پاشایی بۆماوەیی نەبوو، کە کوڕ دەسەڵات لە باوکەوە بە بۆماوەیی وەریبگرێت، بەڵکو قەوارەیەکی دەستووری بوو، دەسەڵاتی شەرعی سەروەری هەبوو نەوەك خودی دەسەڵاتدار و حوکمڕان.

بەڵام چەمکی سەروەری لەسەردەمی ئەمەویەکاندا، بەدیاریکراوی لەسەر دەستی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان وەرچەرخانی بەسەردا هات، لە سیستەمی ڕاوێژ (شورا) و هەڵبژاردن و متمانە پێدان (بەیعە) و لێپرسینەوە و لەسە دەسەڵات لادانی حوکمڕان لەکاتی پێشێل کردنی دەستوور، گۆڕدرا بۆ حوکمی بۆماوەیی لە باوکەوە بۆ کوڕ، بەوەی یەزیدی کوڕی دانایە شوێنی خۆی. بەمەش سەروەری لە دەسەڵات و قەوارەوە گوازرایەوە بۆ پاشا، چیتر ئوممەت سەرچاوەی سەروەری نەبوو، بەڵکو پاشا و سیستەمی پاشایەتی بووە سەرچاوەی سەروەری، ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیستەمە بوو کە خەلیفەکان لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، پێیدا هاتنە سەر دەسەڵات و حوکمیان پێ کرد.

ئەمەش خاڵی وەرچەرخان لە چەمکی سەروەریدا، بەم شێوەیە سەروەری گوازرایەوە بۆ پاشاکان و سیستەمی پاشایەتی، لە ماوەی حوکمڕانی ئەمەوی و عەبباسییەکان تاکو ئێستا.

## سێیەم: سەروەری لە سەردەمی گەشەسەندندا:

ئاماژەدان بە سەردەمی گەشەسەندن، بەمانای گەڕانەوەیە بۆ سەدەی پازدەمی زاینی، کە دەوڵەتی نوێ لەسەر میراتی سیستەمی دەرەبەگایەتی دامەزرا، لاوازبوونی دەسەڵاتی پاپاش سەریکێشا بۆ دەرکەوتنی بیرۆکەی سەروەری و پێدانی مانایەکی تازە بەم چەمکە.

لەگەڵ سەرەتای سەدەی شازدەم بیرۆکەی دەوڵەت، وەك بیرۆکەیەکی یاسایی گەیشتە ئاستێك کە قبوڵکراو بوو، لە ڕوی پێگەیشتنەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان ڕۆڵیان لەمەدا هەبوو، و دەوڵەت توانی خۆی دابماڵێت لە پاشماوەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی، ئەوسا سەروەری بووە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەت و بەشێك لە کەسایەتی دەوڵەت[١٨].

ئەمەش دەرئەنجامی کار و هەوڵی پاشاکان بوو، لە پێناو کۆکردنەوەی دەسەڵات بە تەنها لە دەستی خۆیاندا، لە میانەی قۆستنەوەی خراپییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، هەروەها قۆستنەوەی هاریکاریەکانیان لەگەڵ چینی تازە هەڵکشاوی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا، کە دەرئەنجامی

دەستپێکی دۆزینەوە جوگرافی و زانستییەکان و جوڵەی بازرگانی فراوان، هەموو ئەو پاڵنەران و هۆکارانە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی پاشاکان بزوتنەوەی یەکخستنی سیاسی جێبەجێ بکەن، دەسڵاتی سیاسی لە دەستی ەك کەسدا کە پاشایە کۆببێتەوە، بەمەش هیچ دەسەڵاتێکی تری هاوتای یان لە سەرووی ئەوەوە نەبێ لە شانشینەکەی، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەیە کە بە سەروەری گوزارشتی لێکرا(١٩).

شانشینی یەکگرتوو پێشەنگ بوو لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی و دەرچوونی لە پابەندبوون بە سایەی پاپا، دواتر فەڕەنسا و دەوڵەتە ئەوڕوپییەکانی دیکەش ئەمەیان کرد، ئەم بیرۆکەیە دەنگدانەوەی بەخۆیەوە بینی لای هەندێك لە بیریاران، لەسەر ئاستی ئیتاڵیا میکاڤیلی پاڵپشتی کرد، لە میانەی کتێبەکەی کە بەناونیشانی (میر)ـــە بانگەوازی بۆ کرد، لە ژێر ناونیشانی میری خۆسەپێن(٢٠).

هەر لە سەروبەندی پاشەکشەی ئەو بیرۆکەیەی کە پاشا دەسەڵاتی لە خواوە وەردەگرێ، سەرهەڵدانی بارودۆخی نوێی سیاسی لە ئەوڕوپا لەم ماوەیەیدا، هەڵگیرسانی ناکۆکی ئاینی و

ڕکابەری لەسەر دەسەلآت، لەوانە گرنگترینیان ناکۆکی نێوان پڕۆستانت و کاسۆلیکەکان لەسەر ئەوەی کامەیان شایستەترن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات.

هەموو ئەم ڕەوش و بارودۆخانە کاریگەریان لەسەر (جان بودان)ــی فەڕەنسی دروستکرد. کە لەماوەی (١٥٢٩ - ١٥٩٦) ژیا، ناوبراو بە توونڈی لە کتێبەکەیدا (شەش کتێب لەبارەی کۆمارەوە) بەرگری لە سەروەری کرد، سەروەری لە بەندیخانەی لاهوت دەرهێنا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بۆدان ململانێی نێوان کلێسا و پاشاکان یەکلاکردەوە، بۆدان قەناعەتی هات بە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات و هەژموونی کلێسا، چونکە وای دەبینی کە ئایین کاولکارە، پیاوانی کلێسا ئاینیان بە خراپی بەکارهێناوە بۆ بەجەستهێنانی حەز و ئامانجە کەسییەکانیان[٢١].

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا "جان بودان" سەروەری پێناسەکرد بەوەی: "دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دێت، بەسەر هاوڵاتیان و خەڵکدا، کە یاسا سنووری بۆ دیاری ناکات"[٢٢]. کەواتە دەسەڵات ڕەهایە و یاسا کۆت و بەندی بۆ دانانێت، چونکە

ئەرکی دەسەڵاتە یاسا دروست بکات، واتە: ئەوەی شەڕەفی دانانی یاسای هەیە، خۆی بە یاساکۆت و بەند نەکراوە، ڕێبیری بۆدان بریتییە لە هێزی سەروەری، چونکە پێی وایە سەروەری هێزی کۆکەرەوەی کۆمەڵە سیاسییەکانە. هەروەها دەوڵەت لای بۆدان، حوکمەتێکی شەرعییە لە چەند خێزانێکەوە پێکهاتووە، شتومەك و موڵکەکانیان هاوبەشە و دەسەڵاتێکی بەخریان هەیە، دەوڵەتی شەرعی یاسا جێبەجێ دەکات، ئەوەی ئەم پێناسەیە جیا دەکاتەوە بنەمای سەروەرییە، سەروەری بەردەوامە چونکە سومبولی سەرەکی دەوڵەتە[٢٣]. جان بۆدان بە یەکەم کەس دەمێنێتەوە کە مانای ڕاستەقینەی بەخشیە سەروەری.

هەروەها بەهۆی یاساناس (غروسیوس)ـــی خاوەنی قوتابخانەی سروشتی، بیرۆکەی سەروەری بە ئاڕاستەی مانایەکی نوێ ئاڕاستەی گرت، کە ڕەچاوی گەشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، ناوبراو توانی سەروەری لە چنگی حوکمڕان و دەسەڵاتدار و لکان بە خودی ئەوانەوە ڕزگار بکات، و لە پاشماوەکانی ڕەهایی دایبماڵێت و ملکەچی بنەمای تازەی بکات، کە بریتی بوون لە بنەماکانی یاسای سروشتی لەگەڵ یاسای

خوایی[٢٤]. ئینجا لەو سەردەمەدا بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵات و دەوڵەت و خودی پاشا لە یەکتری، گۆڕانە سیاسییەکانەوە تێگەیشتنی نوێ بۆچوونی وابوو کە سەروەری بریتییە لە سەروەری دەوڵەت نەوەك سەروەری پاشا، سەروەری دەسەڵاتی دەوڵەتیش لەوەوە هاتووە کە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە.

لێرەوە سەروەری بەسترایەوە بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا، بەوەی سەروەری دەوڵەت لە سەرەتادا وەك بنەمایەکی سیاسی دەرکەوت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پاشا خاوەن دەسەڵاتی باڵایە لە دەوڵەتدا، دواتر لە دوای ئەم بنەمایەش پەیماننامەی وێستفالیا لە ١٦٤٨ ئەمەی بەشێوەیەکی تۆکمە جێگیر کرد[٢٥].

### چوارەم: سەروەری لە سەردەمی نوێدا:

تیۆرەکانی نوێیەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان تاوتوێی چەمکی سەروەریان کردووە، لەوانە تیۆری مارکسی، کە وەك شۆڕشێکی تیۆری دەکەوت، کە داوای ڕەتکردنەوەی سەروەری دەکرد، لە ڕێگای زاڵبوون بەسەر

دەوڵەتی بۆرژوازیدا، وەك ڕێگەخۆشكردنێك بۆ دروستكردنی كۆمەڵگەی شوعی، یەكێك لە پێشەنگەكانی ئەم تیۆرە هارۆڵد لاسكی بوو، كە سەروەری بە مەترسییەك دانا، بەجۆرێك كە هەڕەشە لە ماف و ئازادییەكانی تاك دەكات[٢٦]. هەرچی تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكییە، ئەوە جەختی كردەوە لەسەر پێویستی بوونی سەروەری لە دەستی دەوڵەت، بەجۆرێكی ڕەها، ئەمەش لە ڕووانگەی هێز و بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، كە سەروەری بۆ دەوڵەت دەستەبەری دەكات، بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆڵگێڕێكی سەرەكی لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

سەبارەت بە تیۆری مافەكانی تاك، كە یەكێكە لەو تیۆرانەی دەستی بردووە بۆ پرسی سەروەری لە دەوڵەتدا لە بەرامبەر مافەكانی تاك، پێی وایە دەوڵەت تەنها بۆ ئەوە دروست بووە تا مافی تاكەكان بپارێزێ، لێرەشەوە مافەكانی تاك لە چوارچێوەی تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتیدا گەڵاڵە بوو، لەلایەن هەر یەك لە جان جاك ڕۆسۆ و جۆن لۆك، كە هەر دووكیان جەختیان كردەوە لەوەی تاك سازشی لە هەموو مافەكانی نەكردووە، تەنها بەو ئەندازەیە نەبێ كە ژیانی كۆمەڵێتی ڕێگەی پێدەدات، كەواتە

تیۆری مافەکانی تاك، تاك بە پیرۆز دەگریٚ لەسەر حیسابی سەروەری نیشتمانی، لەگەڵ پابەندکردنی دەوڵەت بە پاراستنی مافی هاوڵاتیانی[٢٧].

ئەمانە گرنگترین تیۆرەکانی سەردەمی نویٚ بوون، کە سەروەری بەشیٚوەیەکی جیاواز گەشەی کرد، بە مانایەکی تازە و جیاواز لە سەردەمانی پیٚشوو دەرکەوت، و نزیك بوو لەو مانایەی کە لەم سەردەمەدا سەروەری هەیەتی.

### پیٚنجەم: سەروەری لە سەردەمی هاوچەرخدا:

سەروەری لەگەڵ تیٚپەڕینی کات گۆڕانکاری گەورە بەسەر ماناکەیدا هات، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ تا گەیشتە ئەم شیٚوەیەی ئیٚستای، چیتر وەك بیرۆکەیەك یان زمانیٚکیی سیاسی نەمایەوە، بەڵکو بووە چەق و ناوەند لە زمانی سیاسیدا، وایلیٚهات سەروەری بووە سیفەتی یاسایی دەوڵەت، کە گوزارشت لە سیما و بڕیارەکانی دەکات لە گۆڕەپانی نیٚودەوڵەتیدا.

زۆربەی هەرە زۆری یاساناسانی هاوچەرخ، کۆکن لەسەر ئەوەی سەروەری کۆت و بەندکراوە یان ڕشێژەییە، کاتێك وێنای سەروەریان کردووە لە بنەما و یاسا هاوچەرخەکانی نێودەوڵەتی، بەوەی پێیان وایە بریتییە لە کۆمەڵێك ماف و دەسەڵاتی دیاریکراوی دەوڵەت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە بازنەی سەروەری نیشتمانی کەم دەبێتەوە لە بەرژەوەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ، لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتە یاساییانەی دراونەتە ڕێکخراوە جیاوازە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین: دەوڵەتان جیاوازن لە سەروەریدا، بەپێی ئەو دەسەڵات و شکۆ و هێزەی هەیانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لە سەردەمی ئێ‌تادا مانای سەروەری بەستراوەتەوە بەو گەشەیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئایندەی سەروەری وابەستەی جیهانگیریە[٢٨].

بەدرێژایی هەموو سەردەمەکان سەروەری گەشەی کردووە، بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی پێشتر، بەڵام هەرچەندە

گەشەش بکات، ئەوە ئەو تایبەتمەندیانە دەپارێزێ کە پێی جیا دەکرێتەوە، کەواتە تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی سەروەری چین؟

# بەشی دووەم

# خەسڵەت و شوێنەوارەکانی سەروەری

# لە دەوڵەتدا

**دەروازەی یەکەم: خەسڵەتەکانی سەروەری**

**دەروازەی دووەم: شوێنەوارەکانی سەروەری لە دەوڵەتدا**

## دەروازەی یەکەم

## خەسڵەتەکانی سەروەری

سەروەری وەك هەر چەمکێکی دیکەی پەیوەست بە دەوڵەتەوە، لێکدانەوە و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لە ئەنجامی تێگەیشتن شیکردنەوەی پێناسەی سەروەری، دەتوانرێ بگوترێت سەروەری چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە، ئینجا بەپێی ئەوەی پێشتر خرایەڕوو، دەتوانین بڵێین کە سەروەری تایبەتمەندی و خەسڵەتی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتە، جا لەبەر گرنگی ئەم تایبەتمەندییە ئەوە دەبینین لە سیفەتەوە گوێزراوەتەوە بۆ ناو، ئەوەتا لە جیاتی ئەوەی بوترێت دەسەڵاتی سیاسی خاوەن سەروەری، ئەوا وایلێهاتووە ئێمە دەڵێین سەروەری دەوڵەت، کە هەمان ناوەڕۆکی سەربەخۆیی دەوڵەت لەخۆدەگرێ و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە.

زۆرێك لە یاساناس و نووسەران ڕایان وایە، کە سەورەری دەوڵەت لەسەر کۆمەڵێك خەسڵەت وەستاوە، تا ڕادەیەکی زۆریش لەسەری ئەم خەسڵەتانە کۆکن[٢٩]، کە بە پوختی لە خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

١- ڕەهایە (Absolute):

واتە هیچ دەسەڵاتێك لەو بەرزتر نییە لە دەوڵەتدا، بەم پێیە دەبێتە بەرزترین سیفەتی دەوڵەت، بەمەش دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر هاوڵاتیان و هەموو ئەوانەدا دەبێ کە لە سنووری هەرێمەکەیدا نیشتەجێن، هیچ جێگایەك نییە بۆ دەسەڵاتێکی ڕکابەر یان بەرهەڵستکار، ئەم ڕەهاییە خاسیەت و تایبەتمەندی سەرەکی بوو لە تێگەیشتنی کۆن بۆ سەروەری دەوڵەت. بەڵام ئێستا سەروەری ملکەچی چەندین کۆت و بەندی زۆرە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان لەسەر ئاستی دەرەکیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەروەریەی یاسا هەیەتی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا، بەپێی سەروەری یاسا دەوڵەت لە دەوڵەتێکی خۆسەپێنەوە گۆڕاوە بۆ دەوڵەتێکی یاسایی، لەلایەکی دیکەوە سەروەری

دەوڵەت کاریگەر دەبێ و گۆڕانی بەسەردا دێت، بەپێی ئو گەشە و وەرچەرخانانەی ڕوودەدەن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، چونکە ئەوەی جێی سەرنجە ئەم دیاردە تازانەی، وەك: جیهانگیری، وابەستەبوون بەیەکترەوە، سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی، دەستێوەدران و جگە لەمانەش، بەجۆرێك لە جۆرەکان بوونەتە هەڕەشە ومەترسی و کۆسپ و ڕێگری ڕاستەقینە بۆ سەروەری نیشتمانی.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەگەڵ ئەوەشدا چەند هۆکارێك هەن، کە کاریگەری دەکەنە سەر ڕەهایی سەروەری، دەکرێ بە سنوورە یاساییەکان ناویان بنێین، تەنانەت دەبینین کە حوکمڕانی ڕەها کاریگەرە بەو بارودۆخ و ڕەوشەی لە دەوروبەریەتی، جا بارودۆخەکە کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخود کەلتوری یان هەر بارودۆخێکی دیکە بێ، هەروەك کاریگەر دەبێ بە سروشتە مرۆییەکەی، ڕەهابوونی سەروەری واتە لە ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێك نییە لە دەسەڵاتی دەوڵەت بەرزتر بێ.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، دەبینین لە پەنجا ویلایەت پێکهاتووە کۆ واشنتۆن

دی سی کە پایەتەختی ئەو دەوڵەتەیە و ڕەوشێکی تایبەتی پێدراوە و لە چوارچێوەی ویلایەتێکدا ڕێکنەخراوە، هەر ویلایەتێك دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری خۆی هەیە، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئەم ویلایەتانە یەکە بەیەکەیان خاوەنی سەروەرین، بەڵکو هەر هەموو ویلایەتەکان بەیەکەوە، گوزارشت لە سەروەری یەك دەوڵەت و یەك دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی دەکەن، ئەویش سەروەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە لەناوخۆ و دەرەوەدا دەسەڵاتێك لە سەروەری دەوڵەت بەرزتر نییە.

٢- گشتگیرە (Universal):

سەروەری هەمەلایەنە، واتە سەروەری هەموو هەرێمی دەوڵەت دەگرێتەوە، لەسەر هەموو هاونیشتمانیان و ئەوانەدا جێبەجێ دەبێ، کە لە چوارچێوەی سنوورەکەیدا نیشتەجێن، تەنها ئەوە نەبێ کە هەڵاواردنی بۆ کراوە بەپێی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، وەك: دیبلۆماتکاران و کارمەندانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و باڵیۆزخانەکان. لە هەمان کاتدا هیچ ڕکابەرێك نییە کە

ململانێ لەگەڵ دەوڵەت بکات، لە ئاستی ناوخۆییدا لە پیادەکردنی سەروەری و ملکەچ کردنی هاوڵاتیان.

٣- سازشی لەسەرناکرێت (Inalienable):

ئەمە بەو مانایە دێت، کە دەوڵەت ناتوانێ سازش لە سەروەری خۆی بکات، چونکە ئەگەر سازشی لێکرد، ئەوە خودی خۆی لەناودەبات، دەکرێ دەسەڵات بگوازرێتەوە، بەلاّم سەروەری ناکرێ بگوازرێتەوە، چونکە سەروەری واتە ویست، ویستیش ناگوازرێتەوە. دەوڵەت و سەروەری دوو شتی وابەستەی یەکترن، و یەکتر تەواو دەکەن، بۆیە ناکرێ مامەڵەیان پێوە بکرێ.

ڕۆسۆ دەڵێت: لەبەر ئەوەی سەروەری بریتییە لە جێبەجێ کردنی ویستی گشتی، ئەوا لەبەر ئەم هۆیە ناکرێ سازشی لەسەر بکرێ، خاوەن سەروەریش بریتییە لەو بوونەوەر و یەکە کۆمەڵێیەی کە ناکرێ جگە لەخۆی لایەن و یەکەیەکی دیکە نوێنەرایەتی بکات، دەسەڵات شیاوی گواستنەوەیە، بەڵام ویست شیاوی گواستنەوە نییە.

کاتێك هەر دەوڵەتێك، بەویستی خۆی و ئازادانە سازش لە بەشێك لە خاکەکەی دەکات، یان دەستی لێهەڵدەگرێت،

ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کە سازشی لە سەروەریەکەی کردووە، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت، کە سەروەری لەسەر ئەو بەشە خاکە نەماوە کە دەستی لێهەڵگرتووە.

٤- هەمیشەییە (Permanent):

واتە سەروەری بەردەوام دەبێ، بە ڕادەی بەردەوامی بوونی دەوڵەت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، کە کاتێك سەروەری نامێنێ، کە دەوڵەت بوونی نەمێنێ، گۆڕانی دەسەڵات بە مانای گۆڕان یان نەمانی سەروەری نایەت، هەرچەندە حکومەتەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام دەوڵەت و سەروەری هەر دەمێنن. کەواتە سەروەری بۆ دەوڵەت هاوشێوەی ئازادییە بۆ تاك، کە کۆتایی نایەت مەگەر بە فەوتانی کەسەکە نەبێ.

٥- بەش بەش نابێ (Indivisible):

واتە لە ناو دەوڵەتێکدا تەنها یەك سەروەری هەیە، کە بەش بەش ناکرێ، چونکە بەش بەشبوونی سەروەری واتە پارچە پارچە بوونی دەوڵەت، ئەمەش بە مانای نەمانی دەوڵەت و کۆتایی هاتنی سەروەریەکەی دێت. گێتڵ دەڵێت: "ئەگەر سەروەری ڕەها نەبوو، ئەوا دەوڵەت هەر بوونی نابێ، ئەگەر

سەروەریش بەش بەشکرا، ئەوا ئەو کات زیاد لە دەوڵەتێك بوونی هەیە"[30].

## دەروازەی دووەم

## شوێنەوارەکانی سەروەری لە دەوڵەتدا

سەروەری وەك بنەمایەکی کاریگەر لە گشت کایە و کار و بوارەکانی دەوڵەتدا، بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە، چ ڕەهەندی ناوخۆیی یاخود ڕەهەندی دەرەکی، چەندین لێکەوتە و شوێنەوار لە سەر دەوڵەت جێدەهێڵێت، کە ناتوانین هەموو شوێنەوارەکان بەیەکەوە لێرەدا بخەینە بەرباس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ هەر باسی هیچ کامێکیان نەکەین، هەر چەندە ئەم پرسە ئەگەر جارێك پرسێکی سیاسی بێ، ئەوە دوو ئەوەندە پرسێکی یاساییە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەگەر بە کورتی و پوختیش بێ.

لێرەدا گرنگترین شوێنەوارەکانی سەروەری لە دەوڵەتدا بە کورتی دەخەمەڕوو، ئەو شوێنەوارانەی کە کەسایەتیەکی سیاسی و یاسایی جیاواز بە دەوڵەت دەبەخشن[٣١]، ئەمەش بەپێی هەر دوو ڕەهەندی دەرەکی و ناوخۆیی سەروەری. کۆمەڵێك

شوێنەوار بەهۆی سەروەریەوە لە دەوڵەتدا ڕەنگ دەدەنەوە، لەوانە سەروەری دەرەکی، گرنگترینیان ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەن:

١. دەوڵەت هەموو ئەو ماف و تایبەتمەندیانەی دەبێ، کە لە سەروەریدا بوونیان هەیە.

٢. سەرپشك بوونی لە ئاڵوگۆڕ کردنی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتێك یان دەوڵەتانێکی دیاریکراو.

٣. بەخشینی کەسایەتیەکی یاسایی بە دەوڵەت، بنەمای سەروەری ئەو شوێنەوارە لە دەوڵەتدا بەجێ دەهێڵێ، کە دەوڵەت قەوارە و کەسایەتیەکی یاسییە، واتە لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکییدا، کە هیچ لایەن و دەزگایەکی ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی، یان ئەم نوێنەرایەتییە مسۆگەر بکات بەبێ بوونی سەروەری.

٤. یەکسانی لە سەروەریدا، بنەمای سەروەری ئەو شوێنەوارەی لێدەپشکوێتەوە، کە دەوڵەتان لە ڕووی یاساییەوە یەکسانن، چونکە لێرەدا پلەبەندی لە سەروەریدا نییە، بەوەی سەروەری دەوڵەتێك لەوەی دیکە بەرزتر بێ، ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێ کە ئەو ماف و ئەرکانەی دەوڵەتان دەکەوێتە سەریان، لە ڕووی یاساییەوە یەکسانن، ئەگەرچی جیاوازیش هەبێ لە نێوان دەوڵەتاندا لە ڕووی چڕی دانیشتوان و ڕووبەری جوگرافی و دەرامەتە ئابوورییەکان و ئاستی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و ڕادەی هێزی سەربازی و جگە لەمانەش.

٥. نا ڕەوایی دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتانی دیکەدا، یاسای نێودەوڵەتی دەستێوەردانی قەدەغە کردووە، لە کاروباری دەوڵەتانی دیکەدا، چونکە هەر دەوڵەتێك ئازادە لە هەڵبژاردن و گەشەپێدان سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەتانی دیکە.

٦. پاریزبەندی، بنەمای سەروەری شوێنەواری ئەوەی لە دەوڵەتدا لێدەکەوێتەوە، کە هەرێمەکەی پارێزراو دەبێ و قەدەغە دەبێ بۆ هەر لایەن و دەوڵەتێکی دیکە دەستدرێژی بکاتەسەری، لەبەر ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی دەستەبەری مافی سەلامەتی هەرێمی هەر دەوڵەتێك دەکات.

٧. سەربەستی دەوڵەت لە هەڵسوکەت کردندا، بنەمای سەروەری هەڵسوکەوت کردنی سەربەستانە بۆ دەوڵەت

دەستەبەر دەکات، لەو بوارانەی کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی لەبارەوە نییە (بناغە لە شتەکاندا ڕەوایيە)، واتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەوڵەت سەربەستە لە هەڵسوکەوت کردندا لەو بوارانەی بە یاسای نێودەوڵەتی ڕێکنەخراوە.

٨. سەرپشك بوونی دەوڵەت لە ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە.

٩. سەروەری دەوڵەتان کۆت و بەند ناکرێ، بنەمای سەروەری ئەو شوێنەوارە لە دەوڵەتدا جێدەهێڵێ، (لە ڕووی تیۆریەوە) کە هیچ کۆت و بەندێك لەسەر سەروەری دانانرێ، ئەوەش کە دەوڵەت بە ویستی خۆی پابەندی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەیەك دەبێ، بە مانای کۆت و بەندکردن نایەت، چونکە سەرپشکانە ئەم بژاردەیەی پەسەند کردووە و خۆی پێیەوە پابەند کردووە.

١٠. گومان لە ڕاڤە و شرۆڤەکردنی هەر ناڕوونیەك، دەربارەی جێبەجێ کردنی بنەمایەکی یاسایی، ئەوە لە بەرژەوەندی سەروەری دەوڵەتدا شرۆڤەی بۆ دەکرێ.

١١. بناغە لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا ڕەواییە، واتە هەر کارێك دەوڵەت پێی هەڵدەستێت دروستە، بەو مەرجەی پێچەوانەکەی نەسەلمێنرێ.

لە ڕووی ڕەهەندی ناوخۆییەوە، ئەوە سەروەری ئەم شوێنەوارانەی لە دەوڵەتدا دەبێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. سەرپشك بوون لە هەڵبژاردن و دانانی سیستەمی حوکمڕانی گونجاو، بەپێی ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە.

٢. سەربەستی لە دانانی دەستوور، کە ڕەگەز و بنەما سەرەکییەکان دەوڵەت و دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا تێیدا دیاری دەکرێن.

٣. ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکان.

٤. پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و دەرکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.

ئەمانە گرنگترین ئەو شوێنەوارانە بوون، کە لە ئاستی دەرەکی و ناوخۆییدا سەروەری لە دەوڵەتدا جێیان دەهێڵێت، بەم پێیە دەوڵەت لە قەوارە و یەکەکانی نێو کۆمەڵگەی سیاسی، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکە جیا دەبێتەوە.

# بەشی سێیەم

# جۆرەکانی سەروەری

لێرەدا دەمانەوێ ڕۆشنایی بخەینەسەر جۆرەکانی سەروەری لە ڕووانگەی توێژەر و نووسەرانی ئەم بوارەوە، چونکە جۆرەکانی سەروەری چەند دانەیەکی دیاریکراو نین، بۆیە چەند دابەشکاریەك بۆ جۆرەکانی سەروەری دەکەین بەپێی دیدگای نووسەر و توێژەران، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەر یەکە لە (پرۆفیسۆر د. هادی شیب) و (د. ڕزوان یەحیا) لە کتێبەکەیاندا (مقدمة في علم السياسة والعلاقات الدولية[٣٢]) بەم شێوەیە جۆرەکانی سەروەریان دابەشکردووە:

١. سەروەری سیمبولی (فەخری) (Titular Sovrereignty):

ئەم جۆرە سەروەرییە و ئەم ناولێنانەی دەگەڕێتەوە بۆ سەەی حەڤدەم، لە سەروبەندی هاتنە کایەی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation-State)، لەو کاتدا ئەو دەوڵەتانەی لە ژێر سەرکردایەتی پاشا خاوەن دەسەڵاتە ڕەهاکاندا بوون، کە سەروەری دەوڵەتیان بە کەسی کرد بوو، دواتر ناکۆکی لە نێوان پاشاکان و هاوڵاتیانیان دروست بوو، ئەو هاوڵاتیانەی

حەددای دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری پاشاکانیان کرد، و داوای ماف و جیاوکەکانیان دەکرد، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە لە کۆتاییدا ئەوان خاوەنی دەسەڵاتن، و پاشاکان دەسەڵات پیادە دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە خەڵك ئەوانی ڕاسپاردووە، کەچی پاشاکان پەنایان بردەبەر تیۆری ئاینی بۆ دەربازبوون و خۆدامالّین لە هەرچی سنوور و کۆت و بەندی مرۆییە.

بەڵام لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی گەل هات و دیموکراسی بە شێوەیەکی لە شێوەکان دەسەڵاتی ڕەهای ڕامالّی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەسەڵاتەکانی پاشا بەپێی یاسا یان بەپێی داب و نەریتەکان دیاریکران، لەگەڵ ئەوەشدا وەك سەرۆکی دەوڵەت پاشا پێگەی خۆی پاراست، بەڵ ام لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردندا ناچار بوو، کە بگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژ و ئامۆژگاری و ڕەزامەندی نوێنەرانی گەل، پابەندبوون بە بۆچوونەکانیان، ئەمەش پێشەکی و ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هاتنی حکومەتێکی دەستووری.

ئا بەم شێوەیە پاشا بووە سیمبولێك بۆ دەسەڵات و میراتی ڕابردوو، بەوەی سەروەری کرداری لە دەسەڵاتی پاشادا

نەما، بەڵکو کەوتە دەست دەسەڵاتی گەل و نوێنەرانی گەل، چیتر سەروەری بە خودی کەسی پاشاوە پەیوەست نەبوو. بەمانایەکی تر، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە سەروەری سیمبولی بریتییە لە ناونیشان، کە ئاماژە بە هێز سەروەری پاشا دەکات، کە چیتر پیادەی هیچ دەسەڵاتێکی کرداری ناکات، لە ڕووی تیۆریەوە، لەوانەیە پاشا هەموو هێزی سەروەری هەبێ، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا کەسێك یان کۆمەڵە کەسانێکی تر هەن کە لە جیاتی پاشا پیادەی دەسەڵات دەکەن، باشترین نموونە بۆ ئەمە جۆرە سەروەریە، ئەوەیە کە لە شانشینی یەکگرتوودا بوونی هەیە.

٢. سەروەری شەرعی (Legitimate Sovrereignty):

سەیری سەروەری دەکرێ لە ڕووانگەیەکی یاسایەوە، و ئاماژە دەکات بۆ کەسێك یان کۆمەڵە کەسانێك، کە لە توانیاندا هەبێ بڕیاری کۆتایی بدەن، بەپێی یاسا و ڕێساکان، ئەم دەسەڵاتە پێی دەوترێت سەروەری شەرعی، دەسەڵاتی ئەم جۆرە سەروەری دەسەڵاتی کۆتایی دەبێ، لەسەر تاك و کۆمەڵە سیاسییەکان، بۆ هیچ کەسێك نییە کە پێچەوانەی

بڕیارەکانی دەسەڵاتی سەروەری هەڵسوکەوت بکات، ئەگەرچی بڕیارەکان یاسا ئاینیەکانیش ببەزێنن، جگە لەو دەوڵەتانە نەبن کە زۆرینەی ڕەهایان موسڵمانن، کە تیایاندا یاساکانی ئیسلام، سەرچاوەی سەرەکی دەستوورن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە یاساکانی ئیسلام بەشێك لە سەروەری ئەم دەوڵەتانە پێکدەهێنن. دادگاکانی تەنها ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن، کە لە سەروەری شەرعیەوە گەڵاڵە دەبن، هەر سەرپێچیەك بۆ ئەم یاسایانە سزای بەدواوە دەبێ.

کەواتە دەکرێ سەروەری شەرعی کورت بکەینەوە لەوە: سەروەری شەرعی هەردەم سنووردارە. هەروەها ئەم جۆرە سەروەریە لە خودی کەسی پاشادا بێ، هەروەك ئەمە لە ڕژێمی پاشایەتی ڕەهادا دەبینرێ، لەوانەیە کۆمەڵە کەسێك گوزارشت لەم سەروەریە بکەن، وەك نوێنەرانی گەل یان پەرلەمان. و ئەم جۆرە سەروەریە بەشێوەیەکی ورد و بەپێی یاسا ڕێکخراوە، و تەنها ئەم جۆرە هێزی دەربڕینی هەیە سەبارەت بە ویستی دەوڵەت، هەموو مافەکان لە خاوەن سەروەری شەرعیەوە سەرچاوە دەگرن، هەر ئەویش دەتوانێ ئەم مافانە بگێڕێتەوە یان ڕەتیان بکاتەوە، و

دەسەڵاتی خاوەن سەروەری شەرعی ڕەها و باڵا و بێ سنوورە، هیچ چاودێریەکی لەسەر نییە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا.

٣. سەروەری سیاسی (Political Sovrereignty):

دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنوور، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، کە هی خاوەن سەروەری شەرعییە، لە هەموو شوێنێك بوونی نییە، سەروەری سیاسی ئەو دەسەڵات و هەژموونەیە لە دەوڵەتدا، کە پاشخان و کۆڵەگەی یاسایە، ئینجا بۆیە سەروەری شەرعی ملکەچی سەروەری سیاسییە، لەبەر ئەوەی سەروەری سیاسی وەك سەروەری شەرعی ڕێك نەخراوە، واتە دیاریکراو و سنووردار نییە، ئەم سەروەرییە لە دیموکراسی هاوچەرخدا زۆربەی جاران بە جەماوەرەوە لکێنراوە بە گشتی، یان بە هەڵبژاردنەوە یاخود بە ڕای گشتی وابەستەکراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سەروەری سیاسی بە لێڵی و ناڕوونی و دیاری نەکراوی دەمێنێتەوە، لە زۆر قۆناغیشدا بە لێکدراوی و تێکەڵاوی ماوەتەوە، جا هەر چەندە لێکۆڵینەوە زیاتر لەم بابەتەدا (کە کۆتا دەسەڵاتە) بکرێ،

ئەوە پەرتەوازەیی لە پەیی پێبردندا زیاتر دەبێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ناکرێ بوونی پشتگوێ بخرێ، تەنانەت لە سەدەی نۆزدەمدا لە بەریتانیادا، جیاوازی لە نێوان سەروەری شەرعی و سەروەری سیاسیدا کرا، جا لە کاتێکدا پەرلەمان لە ڕووانگەی یاساوە، خاوەنی سەروەری یاسادانان بوو لەدەوڵەتدا، ئەوە لە ڕووانگەی سیاسیەوە ملکەچی دوو پەکخەر و کۆسپ بووەوە: ئەوانیش ئەوە بوون کە نەیدەتوانی ویستی خۆی بسەپێنێ ئەگەر هاوڵاتیان پەنایان بردەبەر یاخی بوون، هەروەها کەمتەرخەم بوونی لە بەجێگەیاندنی هەندێك کاروباردا.

جیاوازی نێوان سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی، هیچ جیاوازیەکی وا دروست نەکردبوو، تا سەردەمی دیموکراسی نوێ نەبێ، بەوەی لە سایەی سیستەمی حوکمی نوێنەرایەتی، سەروەری دەوڵەت خۆی لەو دەستەیەدا دەبینێتەوە کە دەنگدەرە، جا خاوەن سەروەری سیاسی بریتییە لە خاوەن هێزی سیاسی ڕاستەقینە لە دەوڵەتدا، ئەمەی دوایی یاساکانی لێ دروست دەبێ، سەروەری یاسایی دەڕوانێتە خواست و ویستی خاوەن سەروەری سیاسی تا لە

شێوەی یاسادا خواستەکانی دابڕێژێت، ئینجا بەم پێیە سەروەری سیاسی لە ڕێگەی دەنگدانەوە پیادە دەکرێ، واتە گەل بەرجەستەکەری ئەم سەروەریەیە، هەر کاتێك ئەمەش ڕێکخرا ئەوە دەبێتە سەروەری یاساسس، کەواتە سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی بەیەکەوە ئالاون و هەر یەکەیان ئەوەی دیکە لەخۆ دەگرێ.

٤. سەروەری گەل (Popular Sovrereignty):

سەروەری گەل بەرهەمی سەدەی شازدەم و حەڤدەم بوو، ئەم جۆرەیان گەلالە بوو، وەك گوزارشتێك لە توڕەیی خەلك و بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی پاشا، و پشتبەستنی بە تیۆری ئاینی. ئینجا سەروەری گەل سەروەری کۆتایی بۆ گەل دەگێڕێتەوە، یەکەم کەسیش کە ئاماژەی بەم تیۆرە کرد، جۆن لۆك بوو، دواتر ڕۆسۆ ڕوونی کردەوە، وایلیهات سەروەری گەل بووە دروشمێکی شۆڕشی فەڕەنسی، جیفرسۆن لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا پشتیوانی لە سەروەری گەل کرد.

بەلام لەگەل ئەمەشدا سەختە بەشێوەیەکی کۆتایی دیاری بکرێ، کە ئەو خەلکانە کێن کە خاوەنی سەروەرین، ئایا

هەموو ئەو خەڵك و جەماوەرەن، كە لە دەوڵەتدا دەژین، بە ژن و منداڵ و تاوانبار و كەسانی خراپ؟ جا ئەگەر وابێ، ئەوا سەروەری جەماوەر هیچ مانایەكی سیاسی نامێنێ، بەڵام ئەگەر خەڵك ڕێكخرا و شوێن چەند سەركردەیەكیان كەوتن، ئەوە سەروەری ئەوان لە كوێدا دەبێ؟

بۆچوونێك هەیە كە سەروەری گەل، بە مانای سەروەری دەنگدەران دێت، بەڵام ئەم جۆرە سەروەریە كە هی دەنگدەرانە هیچ بنەمایەكی شەرعی نابێ، مەگەر لە ڕێگەی سەرچاوە و كەناڵی دیاریكراو نەبێ لە دەستووردا، تەنانەت دەنگدەران لە حكومەتی نوێنەرایەتی پیادەی دەسەڵاتی سەروەری كرداری ناكەن، مەگەر لە ڕێگەی نوێنەرەكانیانەوە نەبێ، بەڵام بە كرداری باڵادەستی یاسادانان لەو حیزبەدا دێتەجێ، كە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمانییە، بە ڕەچاوكردنی ئەمە مانای سەروەری گەل لە حیزبی زۆرینەدا كورت دەبێتەوە، سەرباری ئەمەش، ئەوانەی كە مافی دەنگدان جێبەجێ دەكەن، ئەوە پێنج یەكی دانیشتوان تێپەڕ ناكەن، لە نێو ئەم پێنج یەكەش زۆرینەكە دروست دەبێ، بەم پێیە ئەو زۆرینەیەی كە دروست بووە، دە یەكی دانیشتوانی

دەوڵەتەکە تێپەڕ ناکات، لەبەر ئەمە ناکرێ سەروەری گەل بە سەروەری دەنگدان و دەنگدەران یەکسان بکرێ.

ئا بەم شێوەیە دەبینین کە مانای چەمکی سەروەری گەل تێکەڵ و ناڕوونە، لە هەمان کاتیشدا ناکرێ پشتگوێ بخرێ، هەندێك لە بیرمەندان هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن کە کۆتا هەناسەی دەسەڵاتی سیاسی لە جەماوەردا خۆی دەبینێتەوە، چونکە دەوڵەت لە پێناو خەڵکدایە، ئامراز و ئامێری دەوڵەت کە حکومەتە ئەرکەکانی بەجێدەگەیەنێ، بەپێی حەز و ئارەزووەکانی خەڵك، لەکاتێکدا سەروەری بەپێی مانای شەرعی، لەوانەیە لە خەڵکدا بەرتەسك نەبێتەوە، هەرچەندە ئەوانە بە ناڕاستەوخۆ چاودێری سەروەری شەرعی دەکەن، جا لە دەوڵەتی نوێدا ئاڕاستەکە بەو جۆرەیە، کە سەروەری شەرعی بکرێتە وەڵامگۆی داواکانی گەل، چونکە ناتوانرێ هێزی سەروەری گەل فەرامۆش بکرێ، ئەگەرچی ئەم چەمکەش مەبەستەکەی بە تەواوی ڕوون نییە، ئەوە پێشنیار کراوە کە بەکارهێنانی چاودێری گەل (Popular Conrtol) دیاریکراوترە و باشتر ئاماژە بە بیرۆکەی سەروەری گەل دەکات.

له بۆ سەروەری

٥. سەروەری یاسایی و سەروەری کرداری یان ئەمری واقیع (De facto & De jure Sovrereignty):

پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان سەروەری یاسایی لەگەڵ سەروەری کرداری یان ئەمری واقیع، سەروەری یاسایی بریتییە لە سەروەری شەرعی، کە بنچینەکەی یاسایە، ئەو جۆرەیان مافی حوکمی هەیە، فەرمانیش بە گوێڕایەڵی دەکات، بەڵام لە هەندێك دۆخ و حاڵەتدا وا ڕوودەدات، کە سەروەری شەرعی توانای سەپاندن و پابەند کردنی نییە بە گوێڕایەڵی، چونکە کەسێك یان کۆمەڵە کەسانێك هەن، کە ناسنامەیان لای یاسا ناسراو نییە، کەچی بەشێوەیەکی کرداری ئەو کەسە یان ئەو کەسانە گوێڕایەڵیان دەکرێ، و دەسەڵاتی کرداری بەڕێوەدەبەن، ئەوان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، دەتوانن گوێڕایەڵ بوون و لایەنگیری و پابەندی بسەپێنن، یان لەو کۆمەڵە کەسانەدا کەسی وایە کە خەڵك بە تەواوی ویستی خۆیان گوێڕایەڵیان دەبن، ئا بەو جۆرە کەسانە دەوترێت خاوەن سەروەری کرداری، نموونەی

ئەمانەش ئەو ڕێگایەیە، کە هەر یەکە لە مۆسۆلینی و هێتلەر و ستالین پێیدا هاتنە سەر دەسەڵات.

هەندێکی تر لە پسپۆرانەی ئەم بوارە، ئاماژەیان بە دوو جۆری دیکە لە سەروەری کردووە، ئەوانیش ئەم دوو جۆرانەی خوارەوە:

١. سەروەری تەواو (کامڵ) (Full Sovrereignty):

سەروەری تەواو یان ئەو دەوڵەتەی خاوەن سەروەری تەواو و کامڵە، لەسەر ئاستی ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی، بەبێ ئەوەی ملکەچی ویستی هیچ دەوڵەتێکی تر بێ. پێوەری جیاواز و دیار لای ئەوانەی سەبارەت بە سەروەری تەواو نووسیویانە، بریتییە لەوەی دەوڵەتی خاوەن سەروەری تەواو، ئازادی تەواوی هەبێ، لە بنیاتنانی سیستەمی سیاسی خۆی، یان هەموارکردن و گۆڕینی سیستەمە سیاسیەکەی، یاخود هەڵبژاردنی هەر شێوەیەك بۆ حکومەتەکەی.

لە ئەنجامدانی هەر ڕێکەوتنێك و چوونە ناو هەر هاوپەیمانێتیەك و کشانەوە لێی، دەوڵەت بە ویستی ئازادی خۆی هەڵسوکەوت بکات، نەوەك لە ژێر گوشار و بە ناچارانە ملکەچی ویستی دەوڵەتێکی تر بێ[٣٣].

**٢. سەروەری ناتەواو (ناکام) ( Incomplete Sovrereignty):**

سەروەری ناتەواو یان دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو (ناکام)، دەبڕێنێکی زاراوەییە بۆ ئەو دەوڵەتانە بەکاردێت، کە سەربەخۆیی تەواویان نییە، لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا یان لە هەر دووکیاندا بەیەکەوە، هەروەها لە ژێر هەندێك چاودێری و سەرپەشتی دەوڵەتێك یان ڕێکخراوێکی دیکەدایە.

ئەوسا دەوڵەت سەروەریەکەی ناتەواو دەبێ، چونکە ملکەچی بەستەرێکی یاساییە، کە بە دەوڵەتێك یاخود ڕێکخراوێکی تر دەیبەستێتەوە، ئەمەش سەروەری ناوخۆیی یان دەرەکیەکەی یان هەردووکیان بەیەکەوە کۆت و بەند دەکات. ئینجا یەکسانە ئەم کۆت و بەندکردنە لەلایەن دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواوە هەڵبژێردرابێ، یان ناچار کرابێ. دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو، لەوانەیە دەوڵەتێکی پاشکۆ یان پارێزراو یان لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتیدا بێ.

ئەگەر سەیری کتێبی (پ. ی. د. تاڵیب ڕەشید یادگار) بکەین، بە ناونیشانی (بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی) دەبینین لەو بارەوە وتویەتی: "دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو، کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی خۆی هەیە، بەڵام لە هەندێك کاروباری نێودەوڵەتیدا، کۆت و بەندکراوە و ناتوانێ پیادەی بکات، چونکە بەستراوەتەوە بە دەوڵەتێکی ترەوە، بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتدا ئەم دەوڵەتانە قەوارەی سەربەخۆی یاسایی خۆیان و خاوەنداریێتی هەرێمیان و تەبەعییەتی هاوڵاتیانیان بۆ ئەو هەرێمە بەلای خۆیانەوە دەپارێزن"[٣٤].

هەروەها جۆر دابەشکردنێکی دیکە هەیە، بۆ جۆرەکانی سەروەری، بەوەی هەندێك لە پسپۆران پێیان وایە دوو جۆر سەروەری هەن، کە گشتگیرن و جۆرەکانی دیکە لەخۆدەگرن، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١. سەروەری ڕەها (Absolute Sovrereignty):

بیرۆکەی ئەم جۆرە سەروەریە دەرکەوت، وەك فەلسەفەیەك کە پشتیوانی حوکمڕانی ڕەهای دەکرد لە ماوەی سەدەی

شازدەم و هەژدەمی زانین، لە دەرئەنجامی قۆناغێکی کاریگەر لە ژیانی ئینگلتەرا، بەهۆی ناکۆکی توندی نێوان "کرومویل" کە سووربوو لەسەر دامەزراندنی کۆمارێك، کە سیستەمی پاشایەتی ڕەت بکاتەوە، لەگەڵ (چارلزی دووەم)، جا لەبەر ئەوەی تۆماس هۆبز لایەنگیری چارلزی دووەم بوو، ئەوە هەوڵیدا حوکمڕانی ڕەها و خۆسەپێنی پاشایەتی بشەرعێنێ، لە میانەی تیۆرەکەی کە پێی وایە، دەستەوەسانی هەر کۆمەڵە خەڵکێك لە پاراستنی سەربەخۆییەکەی و بەرگریی کردن لە خۆی، لە بەرامبەر هەر دەستدرێژیەك، ئەوە سیفەتی دەوڵەتی لێدەستێنێتەوە، بەم پێیە هۆبز سەروەری بە هاومانای هێزی دانا، و بە بنچینەی سەرەکی دەوڵەت هەژماری کرد، ئەمەش وەك پاساودانێك بە سیستەمس پاشایەتی ڕەها.

هۆبز پێی وایە تاکەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتوون، بەبێ ئەوەی پاشا لایەنێك بێ لە گرێبەستەکەدا، بەمەش هەمووان سازشیان لە مافەکانیان کردووە و دەستیان لێهەڵگرتووە بۆ ئەو پاشایەی هەڵیانبژاردووە، بەمەش پاشا دەسەڵاتی فەرماندەیی دەبێ، لە بەرامبەر ئەو ئاسایش و سەقامگیریەی

بۆیان فەراهەم دێنێ، بۆ ئەو تاکانە نییە لە پابەندبوونیان پاشگەز ببنەوە، تەنها لە دۆخی دەستلەکار هەڵگرتنی پاشا نەبێ لە دەسەڵاتەکانی یان تێکشکانی نەبێ بۆ نموونە لە جەنگێکی دەرەکی، ئا لێرەدا بۆیان هەیە خۆیان بە دەسەلاتداریێکی دیکە ببەستنەوە، پاشا و دەسەڵاتداریش تەنها لە بەرامبەر خوا بەرپرسیار دەبێ(٣٥).

ئەڵمانیا ئەم جۆر و تیۆرەی سەروەری جێبەجێ کرد، لەسەر بنەمایەکی نەژادی و دەمارگیری نەتەوەیی، بەمەش تیۆری ئەڵمانیای نەتەوەی دەرکەوت، لەسەر دەستی کانت و فیختە و هیگڵ، ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو، کە جەنگ و هێز دوو یاسای سروشتین لە نێوان گەلاندا، ئاماژەی بەوەشدا کە گەلی ئەڵمانی لە گەلانی دیکە بەرزترە، بەهۆی ئەوەی هەر لە کۆنەوە نەژادی خۆیان بە پاکی پاراستووە، هەروەك هیگڵ نکۆڵی کردووە لە بوونی یاسایەکی نێودەوڵەتی سەربەخۆی، کە حوکمی هەموو دەوڵەتان بکات، پێشی وابووە کە هێز سەرچاوەی یاسایە.

ئەم تیۆرە کە ئەڵمانیا پیادەی کرد، پێی وایە: کە چاودێری خوایی نەژادی ئەڵمانی هەڵبژاردووە تا حوکمی ڕەکەز و

گەلانی دیکە بکات، بەمەش نکۆڵی کرد لە سەروەری ئەو دەوڵەتانەی کە ڕەگەزی جیا لە ئەڵمانیەکانی تیّدایە، ئەڵمانیا بە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم ئەم تیۆرەی جیّبەجیّ کرد، لە ژیّر ناونیشانی "ئەڵمانیا لە سەرووی هەمووانە"، هەروەك ئەمەی وەك پاساو هیّنایەوە بۆ هیّرش و پەلاماردانی دەوڵەتانی دراوسیّ لە ماوەی سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا، ئەمەش چەندین لیّکەوتە و شویّنەواری خراپی بەدوای خۆیدا هیّنا.

ئەم جۆر و تیۆرەی سەروەری ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە، چونکە بیرۆکەی مەترسیدداری تیّدایە، کە دەبنە مایە داڕووخاندنی یاسای نیّودەوڵەتی و بنەماکانی، و قایم کردنی لۆژیکی هیّز و توندوتیژی و دەستدریّژی، کە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەمی دەپۆشی. هەروەك بیرۆکەی سەروەری ڕەها دووچاری ڕەخنە بووەوە، تەنانەت لەلایەن کۆمەڵگەی خۆرئاواییەوە ڕەخنەی ئەوەی لیّگیراوە، کە ئەم جۆرە سەروەریە بەتیّپەڕینی کات قۆناغی بەسەرچووە، چیتر شیاو نییە، بەڵکو تەحەدایەکی بۆ لۆژیکی یاسایی و ناکریّ بەگری لیّبکریّ.

کەواتە سەروەری ڕەها تەنها کاتێك دەوڵەت دەیبێ، کە دەوڵەتەکە لە گۆشەگیریەکی تەواودا بژیەت، ئەمەش تێکدەگیرێ لەگەڵ واقیعی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، کە هەموو دەوڵەتانی جیهان لەخۆدەگرێ، هەروەك پشتبەستن بە سەروەری ڕەها، سەردەکێشێ نەمانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و ئەگەری ڕوودانی بەیەکدادان لە نێوان دەوڵەتان و زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی هێزدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بڵێین نیمچە سەروەریەکی ڕەها بوونی هەیە، بۆ نموونە کۆریای باکور، کە تەواو گۆشەگیرە و پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نییە، سیستەمە تاکڕەویەکەی ورد و درشتی دەوڵەتەکەی جڵەوگیر کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی سەروەری ڕەها کاتێك جێگای قبوڵ دەبوو، ئەگەر پشێوی زاڵ بووبا و یاساییەکی نێودەوڵەتی نەبووبا کە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان ڕێك بخات، بەڵام تا یاسای نێودەوڵەتی بوونی هەبێ، ئەوە بوونی سەروەری ڕەها جۆرێك لە خەیاڵ دەبێ.

٢. سەروەری سنووردار (Restricted Sovrereignty):

سەبارەت بە سەروەری سنووردار یان کۆت و بەندکراو، ئەوە بیرۆکەی ئەم جۆرە سەروەرییە دەرکەوت، لە دەرئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی و بەیەکداچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زۆربوونی پێویستی بە هاریکاری نێودەوڵەتی، لەگەڵ پێویستی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و سەروەری دەوڵەتان، چونکە بوونی تاك لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراودا (واتە لە دەوڵەتدا)، سەردەکێشێ بۆ سنووردارکردنی ئازادیەکەی لە مامەڵە کردندا، هەمان شت سەبارەت بە دەوڵەت، بە بوونی دەوڵەت لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراودا (واتە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا) یان لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوەییدا (واتە لە نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا)، واتە بوونی هەندێك کۆت و بەند لەسەر سەروەریەکەی.

جا بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگە کۆنەکان، دەبینین هەر تاکێك بۆی هەبوو مافی خۆی بە دەستی خۆی وەربگرێ، هەروەك تیرە و هۆزەکان بەسەریەکیاندا دەدا بۆ چارەسەرکردنی

ناکۆکیەکانیان، بەڵام ئەمانە هەموویان کۆتایی هاتن لە سایەی باڵکێشانی سەروەری دەوڵەت بەسەر تەواوی هەرێمەکەی، هەمان شت سەبارەت بە دەوڵەت، بەوەی یلاەنگیری دەوڵەت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوە، دەبێتە مایەی سەپانی کۆمەڵێك کۆت و بەندی دانراو لەسەر سەروەریەکەی، جا دەوڵەت سەروەری ڕەهای بەسەر هەرێمەکەیدا هەیە، لەهەمان کاتدا سەروەریەکەی سنووردارکراوە بە حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا، وەك دروست نەبوونی بەکارهێنانی هێز لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتیەکان و ڕێزگرتن لە سەرلامەتی خاك و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتانی دیکە، و پێویستی هاوکاربوونی لە هاریکاریە نێودەوڵەتیەکاندا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکاندا، لە چوارچێوەی ئەم جۆرەی سەروەریدا چەندین قوتابخانە دەرکەوتن، بۆ نموونە قوتابخانەی یاسای سروشتی، و قوتابخانەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

ئەمانەی کە لەم بەشەدا خستمانەڕوو، چەند جۆرە دابەشکردنێکی گرنگ بوون بۆ جۆرەکانی سەروەری بەپێی ڕووانگەی پسپۆرانی ئەم بوارە، چونکە هەموویان لەسەر چەند جۆرێکی دیاریکراوی سەورەری کۆك نین.

# بەشی چوارەم

## ڕەهەند و تیۆرەکانی سەروەری

### دەروازەی یەکەم: ڕەهەندەکانی سەروەری

### دەروازەی دووەم: تیۆرەکانی سەروەری

سەروەری وەك هەر چەمكێكی دیكەی دەوڵەت، فرە لایەنە و زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین كە لە میانەی دوو دەروازەدا، ڕەهەند و تیۆرەكانی سەروەری بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## دەروازەی یەكەم

## ڕەهەندەكانی سەروەری

سەروەری یەكێكە لەو چەمكانەی، كە توێژەران بە چەندین جۆر و شێواز باسیان لە ڕەهەندەكانی كردووە، گرنگترین ڕەهەند و لایەنەكانی سەروەری بریتین لە ڕەهەندی دەرەكی و ناوخۆیی، كە هەر یەكێك لەم دوو ڕەهەندانە تەواوكەری ئەوەی تریانە، بەبێ بوونی یەكێكیان ئەوەی دیكەیان ناتوانێ بە تەواوی گوزارشت لە سەروەری تەواو بكات، بەم شێوەیەی خوارەوە هەر یەكە لە سەروەری ناوخۆیی و دەرەكی بە پوختی ڕوون دەكەینەوە:

**یەکەم: سەروەری ناوخۆیی:**

سەروەری ناوخۆیی خۆی دەبینێتەوە لە باڵادەستی دەوڵەت، بەسەر تێکڕای هەرێمەکەی، و هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بەرزتر لە دەسەڵاتی دەوڵەت نەبێ، کە ویستی خۆی بسەپێنێ بەسەر تاك و دامەزراوەکان لە نێو چوارچێوەی سنوورەکانی، یان دەستێوەردان بکات لە ڕێکخستنی کاروبارەکانی هەرێمەکەی، دەوڵەت بە تەنها مافی پیادەکردنی گشت ئەرك و پسپۆریە پەیوەستەکانی هەیە بە بوونی ئەو وەك دەوڵەت، دەوڵەت لە سایەی سەروەری ناوخۆییدا پاساو دەدات بە قۆرغ کردنی ئامرازەکانی هێز، کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە بەڕێوەبردنی گشتی و یاسادانان و دادوەریدا.

هەروەك "پ. د. نوعمان ئەحمەد خەتیب" لەم بارەوە وتویەتی: "سەروەری ناوخۆیی بریتییە لەوەی: دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بەسەر تێکڕای هەرێمی دەوڵەتدا، بەشێوەیەك کە دەسەڵاتی بڕیاردەری هەبێ، کە باڵاتربێ بەسەر هەموو ئەو تاك و کۆمەڵ و دامەزراوانەی هەن لە نێو دەوڵەتدا. دواتر هەر خۆی خاوەنی بڕیاری کۆتایی بێ لە ورد و درشتی

کاروبارەکانی نێوخۆییدا، بێ بەشداربوونی هیچ دەسەڵاتێکی تر لەم سەروەریەدا"[٣٦]. هەروەها "جان بودان" پێی وایە: "سەروەری گیان و ڕۆحی کۆمارە، یان وێنەی دەوڵەتە"[٣٧].

بەم پێیە ڕەهەندی ناوخۆیی، ڕەهەندێکی بنەڕەتییە لە سەروەریدا، کە ڕاددەی بەهێزبوونی سەروەری ناوخۆیی، بەهێزی سەروەری دەرەکیمان بۆ شرۆڤە دەکات.

**دووەم: سەروەری دەرەکی:**

سەروەری دەرەکی بریتییە لە ملکەچ نەبوونی دەوڵەت بۆ دەوڵەتێکی دیکە، یان بۆ دەسەڵاتێکی دیکەی بیانی، بەوەی کە دەسەڵاتی باڵای هەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا، بەشێوەیەك کە ئەو دەسەڵاتانە بە تەواوی بەکاربهێنێ لە بەرامبەر دەوڵەتانی دیکەدا، ئەمەش وای لێبکات کە یەکسان بێ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە.

و لە تێڕوانینی "ئەمیر حەناشی"ـــدا: "سەروەری ناوخۆیی، مانای نەرێنی بوون دەگەیەنێ، ئەمەش بە ڕەتکردنەوەی بوونی هەر دەسەڵاتێکی بەرزتر لە دەوڵەت، واتە: دەوڵەت دانانێ بە

هیچ دەسەڵاتێك لە سەرووی دەسەڵاتی خۆیەوە، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، تەنها پەیماننامە و ڕێکەوتننامەکان، کۆت و بەندی سەروەرییەکەی دەکەن، کە دەوڵەت بە ویستی خۆی خۆی پێیانەوە پابەند بووە"[٣٨].

هەروەها د. نوعمان خەتیب لەوبارەوە وتویەتی: "سەروەری دەرەکی: واتە ملکەچ نەبوونی دەوڵەت بۆ هیچ دەوڵەتێکی بیانی، لە هەمان کاتدا ئەو سەربەخۆیە تەواوەی هەبێ، کە دەوڵەت بەدوور بگرێ لە وابەستەبوون و بوونە پاشکۆی دەوڵەتێکی تر"[٣٩].

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە سەروەری دەرەکی گوزارشتە لە ویستی سەربەخۆ و باڵادەستی دەوڵەت، لەبەرامبەر دەوڵەت و یەکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

## دەروازەی دووەم

## تیۆرەکانی سەروەری

هەر لە وەتەی دروستبوونی دیاردەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم تا ئێستا، مانا سەروەری بە بابەتێکی گەرم ماوەتەوە، کە نێو ناوەندەکانی مشتومڕی یاسایی و سیاسیدا، بەوپێیەی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەپێی تیۆرەکان. ئایا بۆچی ئەم بنیاتە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ڕووخاندن دەبێتەوە؟ ئایا ئەمە وەڵامدانەوەی گەشەی سروشتی جیهانی هاوچەرخمانە، بەتایبەت ئەو گەشە مەزنانەی لە بواری تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان دێنە ئاراوە؟ یاخود لە کاردانەوەی گۆڕانی سیستەمی جیهانی و حەزە نوێبووەوەکەیەتی بۆ فراوانخوازی و زاڵ بوون؟

سەروەری جۆرە هەژموونێکی ڕەوایی پێدراو و شەرعێنراوە، بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا، بەو مانایەی

هەژموونێکی بەشی و لاوەکی ڕەوایی پێدراوە، لەکاتێکدا سیستەمی جیهانی جۆرێکە لە هەژموونی گشتگیر و سەرەتانسەر بەسەر جیهاندا، بە ڕێگەی لێسوڕانەوەی نا ڕەوا و ناشەرعیانە، لێرەوە تێکگیران و بەریەککەوتن لە نێوان هەر دوو هەژموونەکە یان هەر دوو سەروەرییەکە ڕوودەدات، کە بریتین لە سەروەری جیهانی یان هەسارەیی لەگەڵ سەروەری ناوچەیی ین دەوڵەت[٤٠].

بەپوختی مانای سەروەری دەوڵەتان لە سەردەمی گۆڕانە مەزنەکاندا، ڕووبەڕووی باروۆدخێکی مەترسیداربووەتەوە، چەندین کۆت و بەندی بۆ زیادبوون و گەیشتووەتە ئاستێك کە هەندێك لە بیریارانی خۆرئاوایی قسە لەسەر سەروەری نەرم، سەروەری ڕوون و سروشتی گۆڕاوی مانای چەمکی سەروەری دەکەن، دەڵێن: تەحەددایەکی گەورە لە مانای چەمکی سەروەریدا ڕوویداوە. هەروەك هەر یەك لە دوو بیریارە ئەمریکییەکە (هینری کیسینجەر) و (ریچارك هاس) دەڵێن: چیتر سەروەری پەناگەیەکی سەلامەت نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتان خۆیان لە پەنادا بشارنەوە[٤١].

سەروەری وەك هەر پرسێکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، شیکردنەوەی بۆ کراوە لە چەندین ڕووانگەی جیاوازەوە، لە دیدگای تیۆری جۆراوجۆرەوە. یان بە مانایەکی تر چەندین تیۆر هەوڵیانداوە سەرچاوەی شەرعییەت و ڕەوایی سەروەری دەستنیشان بکەن، هەر یەکەیان بۆچوون و بەڵگەی خۆی لەوبارەوە خستۆتەڕوو. ئێمەش لێرەدا گرنگترین تیۆرەکانی سەروەری دەخەینەڕوو:

### یەکەم: تیۆری سیۆقراتی:

ئەم تیۆریە هەروەك مەحمود ئیسماعیل محەممەد[٤٢] دەڵێت: کۆی ئەو تیۆرانە لەخۆ دەگرێ، کە سەرچاوەی سەروەری بۆ خوا دەگێڕنەوە، لە سەدەی پێنجەمدا کلێسا ڕێبازێکی ڕەوایی پێدەری داهێنا کە دواتر زاڵبوونی تیۆرێکی بەدواداهات، بە ناوی "تیۆری مافی خوایی" و "ڕێبازی باوکانی کلێسا"، کە ناوەڕۆك و پوختەکەی ئەوە بوو، کە دەسەڵات و حوکمڕانی تەنها بۆ خوایە، خوا هەر کەسێك کە بیەوێ لە زەویدا هەڵیدەبژێرێ، تا نوێنەرایەتی حوکمی خوا بکات، بەمەش ئەو کەسە دەبێتە حوکمڕان بە فەرمانی خوا. لە بەرامبەردا لایەنگرانی پاشاکان

تیۆریٚکی دیکەیان لە  بەرامبەر کلێساداد داهێنا، کە بریتی بوو لە (چاودێر و یارمەتی خوایی) کە پێی وایە، ویستی خوا کاروبار و عەقڵ و ویستی خەڵك ئاراستە دەکات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، تا وایلێدێت دەسەڵات دەکەوێتە دەست کەسێکیان، ئەو کەسەش ئەم پێگەیە بە هەوڵ و ماندووبوون بەدەستناخات، بەهۆی خاسیەتێکی تایبەتیشەوە شایستەی نەبووە، لە هیچ کەسێکیش وەرنەگرتووە، تەنانەت لە خواش وەرینەگرتووە، بەڵکو ئەوە چاودێری و یارمەتی خوایی بووە ئەوی لەو شوێنەدا داناوە.

ئەمانە دوو تیۆر لە ڕەواییدان بە تاکڕەوی و خۆسەپاندن، بە تەنها لە ئەوروپا کورت نەبوونەوە، بەڵکو خەلیفە مەنصوری عەبباسی (ڕێبازی قەشەکانی کلێسا) پەیڕەو کرد، کاتێك لە شاری مەککەی پیرۆز وتاریدا و وتی: "ئەی خەڵکینە من دەسەڵاتدار و نوێنەری خوام لە زەویکەیدا"، ئیمپراتۆرەکانی چینیش لە کۆندا ئەم ڕێبازەیان بەکارهێنا، ئیمپراتۆر کوڕی ئاسمان بوو. هەروەك معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی ئەمەوی تیۆری (چاودێری و یارمەتی خوایی) بەکارهێنا، بۆ ڕەواییدان بە خۆسەپاندنەکەی لە جیاتی خەلیفەی هەڵبژێردراو، بەوەی وتی:"ئەگەر پەروەردگارم

منی به شایسته نەبینیبا بۆ ئەم کارە (دەسەڵاتداریّتی) ئەوە نەیدەهیّشت بۆ من بیّ، خۆ ئەگەر خوا حەز نەکات لەو کارەی ئیّمە لەسەرینە ئەوە دەیگۆڕی"[٤٣].

## دووەم: تیۆری دیموکراسی:

ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بنچینە و بناغەیە دامەزراوە، کە سەرچاوەی سەروەری گەلە و گرنگترین تیۆرەکانی دیموکراسی بریتییە لە تیۆری گریّبەسی کۆمەڵایەتی، کە دەڵیّت ژیانیّکی خۆرسك بووە کە بەر لەوەی کۆمەڵ دروست بیّ، و گویّزرانەوەی لە ژیانی سروشتی بۆ ژیانی بەکۆمەڵ، لەسەر بنچینەی گریّبەستیّکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە لە نیوان تاکەکاندا، بە مەبەستی دروستکردنی دەسەڵاتیّکی بەکۆمەڵ[٤٤].

لەم تیۆرەدا سەروەری دەسەڵات لە گەلەوە بۆ گەلە، گەل سەروەری بەو دەسەڵاتە دەبەخشیّ کە دروستی کردووە، بەم پیّیە هیچ شتیّك نییە کە لە سەرووی سەروەریەوە بیّ، سەرچاوەی سەروەری گەلە نەوەك دەسەڵات و دەسەڵاتدار، بەمەش گەل دەتوانیّ بە ڕیّگەی دیموکراسیانە دەسەڵات بگۆڕیّ لەو ماوەیەی

که خۆی یان نوێنەرانی گەل دیاری دەکەن، بەڵام سەروەری جێگیرە.

سێیەم: تیۆری ئیسلامی:

تیۆری ئیسلامی سەرچاوەی شەرعی مافی سەروەری، لەگەڵ پێویستی بوونی دەسەڵات و ڕێکخستنی خەڵك بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەو ڕێکخستنە دامەزراوە، لەسەر پەیڕەوێك کە هەڵبژاردن و متمانەپێدان (البیعة) و سەروەری دەستوور لە خۆی دەگرێ. گەل بە تووندی چاودێرە بەسەر دەسەڵاتەوە، گەل مافی دانان و لادانی دەسەڵاتدار و حوکمڕانانی هەیە[٤٥].

لە ئیسلامدا خودی کەسی دەسەڵاتدار هیچ پیرۆزی و سەروەرییەکی نییە، جگە لە نوێنەرایەتی کردنی گەل نەبێ لە پیادەکردنی یاسا و دەستوور. لە ئیسلامدا خودی قەوارە (کە ئێستا پێی دەوترێت دەوڵەت) و دەسەڵات سەروەری هەیە، نەوەك خودی حوکمڕان و دەسەڵاتدار، بەمەش ئیسلام ڕووانگەی بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی جیاوازە، زۆرترین بواری بەجێهێشتووە تا عەقڵ کاری تێدا بکات، دادگەری و ڕاوێژ

(شوڕا)ی کردۆته دوو کۆڵەگەی سەرەکی ئەو دەسەڵات و قەوارەیەی کە خاوەن سەروەرییە.

# بەشی پێنجەم

## گرنگترین هۆکارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان

یەکەم: هۆکارە ئابوورییەکان

دووەم: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ

سێیەم: جیهانگیری

چوارەم: سەرهەڵدانی ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتەکان

پێنجەم: بەهێزبوونی هەرێمەکان، هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە

شەشەم: ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی

کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، یەکێکە لەو کێشانەی بەرۆکی زۆرێك لە دەوڵەتانی گرتووە، ئێستا بەم هۆیە چەندین دەوڵەت لە قەیراندان، بەتایبەت ئەگەر سەیری ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، بەتایبەتتر ئەگەر تیشك بخەینە سەر عێراق و سوریا، دەبینین کە چ قەیرانێك تەنگی بەم دوو دەوڵەتە هەڵچنیوە، و چۆن ئەم دوو دەوڵەتە لە ئەنجامی کاڵبوونەوەی سەروەریەکەیان و نەبوونی هێزی پێویست بۆ گوزارشت کردن لە شکۆی سەروەریەکەیان، بوونەتە گۆڕپانی ململانێیە هەرێمی و جیهانیەکان، تەنانەت بەجۆرێك کاریگەری کاڵبوونەوەی سەروەریان پێوە دیارە، و شوێنەوارەکانی بە ڕوونی لەسەریان دەرکەوتووە.

ئینجا ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە ئەم دوو دەوڵەتە (عێراق و سوریا) خاوەن سەروەری بن، ئەوا ڕاستیەکەی دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان سەروەری دەوڵەت و سەروەری لە ناو

دەوڵەتدا. واتە سەروەری دەوڵەت زیاتر شتێکی مەعنەویە، ئەوەی گرنگە کێ لە ناو دەوڵەتدا نوێنەرایەتی ئەم سەروەرییە دەکات، ئایا گەل سەرچاوەی پێکهێنەر و هێز و وزە بەخشە بە سەروەریەکە، یان ئەوە دەستە و تاقم و حیزبەکانی ناو دەوڵەتەکەن، کە هەر یەکەیان بە جۆرێك بەشە هێزێکی وەدەستخستووە بە نایاسایی، لەسەر حیسابی سەروەری دەوڵەت خۆیان بەهێز، دەکەن بەمەش دامەزراوەکانی دەوڵەت بەجۆرێك لاوازن کە ناتوانن گوزارشت سەروەری دەوڵەت بکەن، ئەوەندە هێزەیان نییە کە ناوخۆی خۆیان ڕێك بخەنەوە و بەمەش بەهێزبوونی سەروەری ناوخۆی خۆیان، بکەنە بناغەی بەهێزکردنی سەروەری دەرەکیان.

کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان چەندین هۆکاری هەن، لەوانە هۆکارە ناوخۆییەکان و هۆکارە دەرەکیەکان، کە هەر یەکەیان پێویستی بە توێژینەوە قوڵ هەیە، بەڵام لەبەر کەمی ماوە و سنوورداری ئەم کتێبەمان، ئەوەبە ناتوانین لێرەدا هەموویان بەو تێروتەسەلییە بخەینەبەر باس، بۆیە هەوڵ دەدەین، ڕۆشنایی بخەینەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی

کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، ڕێزبەندی ئەم هۆکارانە، گوزارشت نییە لەوەی یەکەم لەوەی دووەم یان سێیەم کاریگەرترە، چونکە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی ترەوە دەگۆڕدرێ، دەکرێ هۆکارێك بۆ دەوڵەتێك کارگەرتر بێ بەراورد بە دەوڵەتێکی تر، گرنگترین هۆکارەکان ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: هۆکارە ئابوورییەکان** (Economic factors):

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، سیستەمی جیهانی سەرلەنوێ داڕێژرایەوە، ئەمەش لەسەر دەستی براوەکانی جەنگەکە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد، سیستەمی جیهانی لەسەر بنەمای سیستەمی سەرمایەداری دامەزرا، کە ئابووری و سەرمایە و قازانج بنەما و کۆڵەگەی سەرەکی بوون، لەم سۆنگەیەوە هۆکارە ئابووریەکان، ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتیان گێڕا لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، بەم پێیە ئەو دەوڵەتانەی خاوەن ئابوورییەکی لاواز بوون کەوتنە ژێر گوشارەوە، نەیانتوانی تا ڕادەیەکی زۆر

ببنە خاوەن بڕیاری خۆیان، بەم هۆیە بوونە پاشکۆ و یان ڕەگەڵ سیاسەتی خاوەن ئابووریە بەهێزەکان کەوتن.

هۆکارە ئابوورییەکان یەکێکن لەو هۆکارە دیارانەی، کە بوونەتە وێستگەی وەرچەرخان لە زۆربەی کایەکانی جیهانی هاوچەرخدا، لەو کایانەش کە کاریگەری لەسەر داناوە، کایەی سیاسی و دەسەڵات و سەروەری دەوڵەتە. هۆکارە ئابوورییەکان ئەوەندە کاریگەریان بەهێزبووە، کە بەشێك لە دەوڵەتانی نەك تەنها تووشی کاڵبوونەوە سەروەری کردووە، بەڵکو لەوەش بەولاتر چەند دەوڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە، کە لە نێویاندا دەوڵەتی زلهێز و جەمسەربەندی تێدابوو، بۆ نموونە: ئەگەرس بڕوانینە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کە لە ڕووی هێز و جبەخانەی سەربازی و جبەخانەی ناوەکی و کەرتی سەربازیەوە، زۆر بەهێز و پێشکەوتوو بوو، لە ترۆپکی پێگەیشتنی سەربازی خۆیدا بوو، ئەم دەوڵەتە زەبەلاحە کە سەرکردایەتی بەرەی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە سەرکردایەتی بەرەی خۆرئاوای دەکرد، هەرگیز وێنا نەدەکرا ڕۆژێك هەڵبوەشێتەوە و تووشی داڕمان بێ، چونکە ئەوەندە لە ڕووی

ئایدۆلۆژی و سەربازی و تەکنەلۆژیەوە کار بۆ بەهێز کردنی کرابوو.

بەڵام بەهۆی لاوازی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی ئابووری، دۆشداماوی سەرانی ئەو دەوڵەتە لە ئاست دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و بنەڕەتی بۆ قەیرانە ئابووری و داراییەکان، هەوڵ نەدانیان بۆ نوێکردنەوەی کەرتە ئابوورییەکان، دانانی سیستەمێکی بەهێزی ئابووری کە بتوانێ لەگەڵ وەرچەرخانە مەزنەکان هەڵ بکات، پێداویستیەکانی دەوڵەتێکی مەزنی وەك یەکێتی سۆڤیەت پڕ بکاتەوە، بەردەوام نوێ بکاتەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی، بە بەهێزی بیهێڵێتەوە لە بەرامبەر نەیارەکەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە خاوەن ئابووریەکی بەهێز بوو بەراورد بە ئابووری یەکێتی سۆڤیەت، چەندین سەرچاوەی دەرامەتی تۆکمەی بەدەستهێنابوو، بەتایبەت دوای دانانی نرخی دۆلار لە بەرامبەر نەوت، لە دوای ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە، ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکەی ئابووری بوونە هۆی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر دەستی (غۆرباتشۆف)، بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە گورز و

گوشاری ئابووری زۆر جاران لە گورزی سەربازی بەهێزترن، کاریگەریان لەسەر دەوڵەتان زیاتر دەبێ، هەروەك چۆن دەوڵەتێکی زلهێزی وەك یەکێتی سۆڤیەتی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە. بەم پێیە کاتێك سەروەری کاڵ بووەوە، لەوانەیە سەربکێشێ بۆ نەمانی سەروەری، نەمانی سەروەریش واتە نەمانی دەوڵەت بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان.

دواتر کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، چەندین دەوڵەتی نوێی لێدروست بوو، ئەمەش کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکانمان بۆ دەردەخەن، ڕوسیاش کە زۆرترین میراتی بەرکەوت لە میراتەکەی یەکێتی سۆڤیەت، تەنانەت وەك میراتگری فەرمی یەکێتی سۆڤیەت مامەڵەی لەگەڵ کرا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کورسی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئاسایش بەو درا، تا ئێستای لەگەڵ دابێ بەدەست هەمان کێشە دەناڵێنێ، ئەویش لاوازیەتی لە بواری ئابووریدا، واتە ئابوورییەکەی بەجۆرێك فرەجۆر و بەهێز نەبووە، کە نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر کاڵبوونەوەی سەروەرییەکەی و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا.

لەگەڵ ئەوەی ڕووسیا بەرکەوتەی هەرە زۆری بەرکەوت، لە میراتەکەی یەکێتی سۆڤیەت، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئابووری لاواز بەشێکی گەورەی ئەو میراتە بوو، بۆیە ڕوسیای تازە، روونتر بڵێین ڕوسیا بەتایبەت لە سەردەمی سەرۆك فلادیمێر پۆتیندا، کە هەوڵی ئەوە دەدات ڕووسیا ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەتی جارانی بۆ بگەڕێتەوە لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا، هاوشانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قسەی هەبێ لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا، کەچی لاوازی ئابووریەکەی ڕێگرە لە گەیشتنی ڕوسیا بەم ئامانجە مەزنەی، تەنانەت هەر ئەمەش وایکردووە کە هێزەکانی ڕووسیا، هاوشێوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ مەودا بنکە و بارەگای جێگیر دانەنێن لە دەرەوەی سنووری ڕوسیا، چونکە تێچووی زۆرە.

هەروەك دەبینین ئێستا کە نەوت لە ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، نرخەکەی دابەزیوە بۆ نزیك لە بیست دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەمەش دوای ئەو قەیران و بێ بازاریەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید نۆزدەوە دروست بوو، کار و کارگەکان وەستان، بەهۆی پەتای ڤایرۆسی ناوبراو،

بەمەش ناکۆکی دروست بوو لە نێوان شانشینی عەرەبی سعودیە و ڕوسیا سەبارەت بە ڕێژەی کەم کردنەوەی نەوت، بەوەی کامیان ڕێژەکەی کەمتر دەکاتەوە، لە ئەنجامدا سعودیە ڕایگەیاند کە بازار نقومی نەوت دەکەن، بەمەش نەوت ئەم دابەزینە زۆرەی بەخۆیەوە بینی، خستنەڕوو لە خواست زیاتر بوو، دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ڕووسیا بە ناوبژیوانی ئەمریکا لەگەڵ سعودیە و ڕێکخراوی ئۆپێك هاتە سەر هێڵ بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی بەرهەم هێنانی نەوت و بەرزکردنەوە و جێگیرکردنی نرخی نەوت. لەبەر ئەمە لەگەڵ هەر داکەوتنێکی نرخی نەوت، ڕوسیا بەدەست قەیرانی ئابووریەوە دەناڵێنێ.

وایلێهاتووە کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکان، یەکێك بن لە بەشداربووە سەرەکییەکانی داڕشتنی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە ئاڕاستەکردنی سیاستی دەوڵەتان، تەنانەت کاریگەری گەوریان لەسەر سەروەری دەوڵەتانیان هەیە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە بەدەست لاوازی ئابووریەوە دەناڵێن. بەمانایەکی دیکە، ئەو وڵاتانەی ئابووریەکی بەهێزیان هەیە، خاوەنی زۆرترین کۆمپانیای زەبەلاحن، ئەوا

پێگەیەکی بەهێزیان هەیە، کاریگەریشیان لە نێو کۆمەڵگەی سیاسی نێودەوڵەتیدا زیاترە، تەنانەت بەپێی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی (Structural Realism) بێ، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان تەنها دەستکەلای زلهێزەکانن، هێز کە ئابووری یەکێکە لە جۆرە کاریگەرەکانی هێز، ئامرازە نەوەك ئامانجە، بەمەش ئەگەری دەوڵەتێك هێزەکەی بەهێزی ئابووریشتەوە بە ڕادەیەك بەهێز نەبوو، کە بتوانێ خۆی لە هەژموونی زلهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بپارێزێ، ئەوا خۆی و سەروەریەکەی دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسی کاڵبوونەوە. لەبەر ئەوەی تیۆری ناوبراو پێی وایە سیستەمی نێودەوڵەتی پشێوی (Anarchy)ـــە، بەڵام پشێویەکی بێ سنوور نییە، بەڵکو سنوورداره و زلهێزەکان ئاراستەی دەکەن، کەواتە ئەم پێشویەی لە سیستەمەکەدا هەیە، هانی دەوڵەتان دەدات کە خۆیان بەهێز بکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی هێز بدەن، لە نێویاندا هێزی ئابووری بۆ پاراستنی سەروەری خۆیان.

هەرچی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکە ( Classical Realism)، پێی وایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی پشێویە، ئەم

پشێویە وا لە دەوڵەتان دەکات کە بەخۆیان بکەون بۆ خۆ بەهێز کردن، چونکە خودی مرۆڤ شەڕانگێزە و چڵێسە، بۆیە ئەگەری جەنگ کراوەیە، بۆ پاراستنی شکۆ و سەروەری دەوڵەت پێویستە دەوڵەت خۆی بەهێز بکات.

هەر لە دیدگای تیۆری ناوبراو بە پێچەوانەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی، هێز ئامانجە و ئامراز نییە، بۆیە دەوڵەتان دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بدەن بۆ بەدەستهێنان ئەو هێزە، زیادکردنی بەشە هێزی خۆیان لە هێزی جیهانی، لەو چوارچێوەیەدا بەهێز کردنی ئابووریش بوارێکی سەرەکی زیادبوونی هێزە، کەواتە بە دیدگای هەر دوو تیۆرەکە دەوڵەت پێویستە هێز بەدەستبهێنێ، بە ڕادەیەك کە پاراستنی ئاسایش و سەروەری خۆی مسۆگەر بکات.

من پێم وایە هێز هەم ئامرازە و هەم ئامانجیشە. هێز ئامرازە بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش و بنیاتنانی ئابووریەکی بەهێز و پاراستنی کایەکانی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و ...هتد. لە هەمان کاتدا ئامانجیشە، بەوەی هەرچی کەرتەکانی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و تێکڕای کەرتەکانی

دیکە، بەکاردەهێنرێن بۆ زیاد کردنی هێز و بەهێز کردنی ڕادەی هێزی دەوڵەت و بەدەستهێنانی بەشە هێزی زیاتر لە هێزی جیهانی بۆ دەوڵەت.

لە گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتیدا، هێز و کاریگەری هۆکارە ئابووریەکان بە ڕوونی دیارە، لە بەهێزکردنی سەروەری ئەو دەوڵەتانەی ئابووریەکی بەهێزە، لە بەرامبەردا کاڵکردنەوەی سەروەری ئەو دەوڵەتانەی کە ئابووریان لاوازە، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە کەرتی ئابوریان پاشکۆی کۆمپانیا بیانیەکانە و بەتایبەت کۆمپانیا نێودەوڵەتیە فرەڕەگەزەکان، ئەوا ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە خاوەن سەروەری بن، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا لاوازن و ملکەچی سیاسەتی کۆمپانیاکان و دەوڵەتە بەهێزەکانن لە ڕووی ئابووریەوە، چونکە ئەو کۆمپانیایانە هەرگیز هەوڵ نادەن ژێرخانێکی ئابووری نیشتمانی وا بۆ دەوڵەتێك دروست بکەن، کە بگاتە ئاستی خۆبژێوی و بێ منەت بێ لە کۆمپانیا بیانیەکان و چیتر ئابووریەکەی پاشکۆی ئابووری دەوڵەتە بەهێزەکان نەبێ.

تەنانەت بیرمەندی ناوداری جیهانی (ساموێل . پ. هەنتینگتۆن) لە کتێبە ناودارەکەیدا "پێکدادانی شارستانییەکان"

وتویەتی: لە ساڵی ١٩٥٠ ڕۆژئاوا توانی پوختەی ٦٠% بەرهەمهێنانی جیهانی هەبێت... وا مەزەندە دەکرێت کە ڕۆژئاوا لە ٢٠١٣ تەنها ٣٠% بەرهەمەکانی جیهانی هەبێت، واتە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. لە ساڵی ١٩٩١ بەپێی دەرئەنجامێکی تر، لە ناو حەوت ئابووری گەورەی جیهاندا، چوار ئابووریان هی ڕۆژهەڵاتییەکانە، کە ئەمانەن: ژاپۆن، چین، ڕووسیا و هیند[٤٦].

ئەمەش خوێندنەوەیەکی بیریاری ناوداری جیهانی سامویل هانتیگتۆنە، بۆ ئەوەی ئابووری ئامرازی بەهێزی هێشتنەوەی شارستانیەت و سەروەری دەوڵەتانە. لەبەر ئەمە ڕیالیزمی کلاسیك ڕای وایە، هێز تەنها بریتی نییە لە هێزی سەربازی و بوونی جبەخانەی زۆر، بەڵکو هێز لە چەندین ڕەگەز پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە: (هێزی سەربازی، ژمارەی دانیشتووان، هەڵکەوتەی جوگرافی دەوڵەت، هێزی سیاسەت، جوگرافیای سیاسی دەوڵەت، داهاتی تاك، ئابووری، تەکنەلۆژیا، و..هتد). بە ڕامان لەو جۆرانەی هێز دەبینین کە هێزی ئابووری یەکێکە لە کاریگەرترین جۆرەکانی هێز، بناغەی چەندین جۆری دیکەی هێزی دەوڵەتە.

سەبارەت بە کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێونەتەوەییەکان، کە سنوور ناناسن، پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لە دارشتن و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتاندا، ڕۆڵی کارتێکەر نەوەك کارتێکراو دەبینن، بۆ نموونە کۆمپانیای: ئیکسۆن مۆبیل (ExxonMobil)ـی ئەمریکی، شێڵ ( Royal Dutch Shell)ـی ئەمریکی، بی پی (British Peroleum)ـی بەریتانی، شیفرۆن (Chevron Corporation)ـی ئەمریکی، تۆتاڵ (Total S.A)ـی فەڕەنسی، ڕووسنەفت (Rosneft)ـی ڕووسی. هەر یەکە لەوانە کاریگەری بەرچاویان هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتی خۆیان و کاریگەریشیان هەیە لەسەر سیاسەت و تەنانەت سەروەری ئەو دەوڵەتانەی کە کاری تێدا دەکەن.

بە نموونە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، کاتێك هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠١١ز، گرێبەستێکی زەبەلاحی لەگەڵ کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمەریکی واژووکرد، بەبێ گوێدانە سیاسەتی نەوتی عێراق، وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی

ناوەندی عێراق، تاکلایەنانە ئەم گرێبەستی کرد، کۆمپانیای ناوبراویش بەهیچ شێوەیەك ڕەچاوی حکوەتی ناوەندی نەکرد.

بەمەش نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات، داوای لە ئۆباما کرد، کە ئەو کات سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، تا دەستبەجێ بێتەسەر هێڵ، بەمەبەستی "ڕێگری کردن لەم هەنگاو و کارەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، کەچی ئۆباما هیچ بەدەمەوە هاتنێکی نەبوو"(٤٧).

ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی کاریگەری هۆکارە ئابووریەکان، و کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێونەتەوەییەکان، تەنانەت چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش و لە دیاریکردنی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە، بۆیە ئەم هەنگاوەی کۆمپانیا مەزنەکانی بواری وزە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەری هەرێمی کوردستانیش لە سەربەخۆیی ئابووری کە شا دەماری سەربەخۆییە نزیك نەکاتەوە، ئەوە هەنگاوێکی مەترسیدارە بۆ کاڵکردنەوەی سەروەری دەوڵەتی عێراق، لێدانە لە سەروەری ناوخۆیی چ جای سەروەری دەرەکی ئەو دەوڵەتە.

کەواتە هۆکارە ئابوورییەکان، وەك چۆن ڕۆڵ دەبینن لە بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەت، پارێزگاری کردن لە شکۆی سەروەریەکەی، بە ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکیەوە، بە هەمان شێوە کاریگەرن لە کێشان و ئاڕاستەکردنی تابلۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و داڕشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا. ئابووری لاوازیش مایەی لاوازی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتانە لە زەمینەی واقیعدا، بەمەش ئەگەر دەوڵەت بەخۆی نەکەوێ بۆ بەهێزکردنی کەرتی ئابووری خۆی هاوشانی کەرتەکانی دیکە، ئەوە لەوانەیە لە ئایندەدا ببێتە مەترسییەکی جددی لەسەر دەوڵەت.

**دووەم: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ( Human rights violation):**

پرسی مافەکانی مرۆڤ گرنگیەکی زۆری وەرگرت، دوای ئەوەی ئەم مافانە مانایەکی گشتیان وەرگرت و، بوونە پرسێکی نێودەوڵەتی، سنووری کەلتورەکانیان بڕی، تا ئاستێکی زۆر چەمکی مافەکانی مرۆڤ جێگیر بوو لە کۆڕ و ناوەندە

نێودەوڵەتییەکاندا، جەخت کرایەوە لەسەر جیهانی بوونی زۆرێك لە مافەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا.

پێشتر مافەکانی مرۆڤ بە بەشێك دادەنرا، لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەت، وا سەیری دەکرا کە ئەمە لە پرسە سەروەرییەکانە، بۆ هیچ دەوڵەتێکی دیکە نییە دەستێوەردانی تێدا بکات. ئینجا لەگەڵ پێشکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە بوارەکانی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاریەکان بە خێراییەکی زۆر لە زۆربەی بوارەکان هاتە کایە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەوانەش کە گرنگیان بە مافەکانی مرۆڤ دەدا بە ئاسانی بزانن مامەڵەی دەوڵەتان لەگەڵ هاوڵاتیانیان چۆنە، چەندە دەوڵەتان پابەندن بە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش دواتر بە جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤە ناسرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگیری بەشێوەیەکی گشتی. لە دوای سیستەمی نێوی جیهانی و کۆتایی هاتنی جەنگی سەرك و سیستەمی دووجەمسەری، هاتنە کایەی سیستەمی تاکجەمسەری مافەکانی مرۆڤ زیاتر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوونە جێی بایەخ.

هەروەك بەپێی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی یان دیموکراسی بێ، ئەوە لە بنەڕەتدا دروست بوونی دەوڵەت، بەوەیە کە هاوڵاتیان لە بەشێك لە ماف و سەروەری خۆیان دەبورن بۆ دەوڵەت، لە بەرامبەردا دەوڵەت خاوەن سەروەری هەمەلایەن دەبێ، پێویست دەبێ لەسەر دەوڵەت بەم دەسەڵات و سەروەریەی پێی دراوە، خزمەتی هاوڵاتیانی بکات، بۆیە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و چەوساندنەوەی هاوڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە، خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی سەروەرییە. لەبەر ئەوەی بناغەی دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت گەلە، دەسەڵات لە گەلەوە بۆ گەلە.

بەڵام بەهۆی تاکڕەوی و خۆسەپێنی بەشێك لە ڕژێمەکان، بەدەستەوەگرتنی جڵەوی کایەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و..هتد وڵات، لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە، بێ بەشکردنی هاوڵاتیان لە مافەکانیان، ئەوا لە سایەی بەجیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ، بە پێویست زانراوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستیوەردان لە کاروباری ئەو دەوڵەتەدا بکات، کە ڕژێمەکەی پاوانخواز و خۆسەپێنە، ئەگەر بەپێشێلکردن و

لێدانیش بێ لە سەروەریەکەی، بە ئامانجی گێڕانەوەی شکۆی هاوڵاتیانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو دەوڵەتەدا.

هەرچەندە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان، بەهەر پاساوێك بێ ئەوە لە ڕووکەشدا دژی سەروەری دەوڵاتانە، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی بەرجەستەبوونی سەروەری لە دەوڵەتدا، سەربەخۆبوونە لە ڕاپی کردنی کاروبارە ناوخۆییەکانی و پاشکۆ نەبوونە لە ئاستی دەرەکیدا، چونکە سەروەری گیانی دەوڵەتە. ئەگەر سەروەری نەما واتە شتێك نییە بە ناوی دەوڵەت.

دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندا چەندین جۆری هەیە، ئێمە لێرەدا ناچینە سەر جۆرەکانی، بەڵکو تەنها ئاماژە بە بنەما یاساییەکەی دەستێوەردان دەکەین لە: بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەم، لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دەق هاتووە کە بەهەموو جۆرێك یاساغە کە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بکات، یان هێز بەکارهێنێ دژی سەلامەتی خاك و سەربەخۆیی سیاسی

هەر دەوڵەتێك، یان بە هەر جۆرێك کە نەگونجێ لەگەڵ بنەما و ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان[٤٨].

لەم دواییانەدا و لەگەڵ نەمانی دوو جەمسەری، کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، هەڵوەشانەوەی جەمسەری ڕۆژهەڵات و دارمانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووداوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، بوونە وێستگەی وەرچەرخانی مەزن لە ڕەوڕەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا. دەستێوەردان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ: "ئەوا بەڕەوا دانراوە لە ڕووی یاساییەوە، ئەمەش کاتێك دەوڵەتێك هەڵسوکەوت لەگەڵ هاونیشتمانیانی دەکات، بەپێچەوانەی بنەما مرۆییەکان، بەجۆرێك کە ویژدانی مرۆڤ بهەژێنێ"[٤٩].

دەوڵاتە زلهێزەکان زۆر کات ئەم پاساوەیان بەکارهێناوە، لەلایەك بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، لەلایەکی ترەوە بۆ پیشاندنی ڕووی مرۆییانەی خۆی و دەرخستنی ئەوەی چەندە بە تەنگ بەرژەوەندی گەل و نەتەوەکانەوەن. دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس دووبارە چنگەکانی بە تەواوی بەسەر ناوەڕاست و باشوری عێراقدا جێگیر کرد، ئەوا هێزە عێراقییەکان بە پاڵپشتی

هێزی ئاسمانی هێرشی هێنایە سەر تەواوی کوردستان، بەمەش کۆچڕەوە مەزنەکەی گەلی کوردستانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە قوربانیەکی زۆری لێکەوتووە. ئەم قوربانی و کارەساتانە، ناخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند، کۆچڕەوە بە کۆمەڵەکەی سەدان هەزار کوردی عێراق، لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەرەو سنووری ئێران و تورکیا، کاریگەرییەکی مەزنی کردە سەر ڕای گشتی جیهانی، لەسەر ئاستی گەلانی دونیا و ئاستی کەسایەتییە فەرمییەکانی دەوڵەتان.

بەم هۆیە لەسەر بنەمای نامەی هەر یەکە لە نوێنەرانی تورکیا و فەرەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە بەراوری ٢ و ٤/ نیسانی/ ١٩٩١ ناردبوویان، هەروەها هەر دوو نامەی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ٢و٤/نیسانی/ ١٩٩١ ناردبووی. ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی لەم بارەوە ساز کرد، و بڕیاری ژماری ٦٨٨ لە ٥/ نیسانی/ ١٩٩١ دەرکرد بۆ سنووردانان بۆ حکومەتی بەغداد، ئەم بڕیارە سەرکۆنەی داپڵۆسین و سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی سڤیلی عێراقی کرد و لە نێویشیاندا کوردەکان، لەلایەن حکومەتی بەغدادەوە،

داواشی کرد دەستبەجێ ئەم سەرکوتکردنە بوەستێنرێ و ڕێگە بدات بە گەیشتنی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بە هەموو ئەو شوێنانە کە پێویستیان بە یارمەتییە لە عێڕاق[٥٠].

ئەم بڕیارە لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە کە دەرچوو، سەبارەت بە کوردستانی عێڕاق (یان ڕاستتر بڵێین باشوری کوردستان) وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە پرسی سیاسی کورد لەو بەشی کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە زۆر بە وردی ئەوەی دەرخست، کە لەمەودا عێڕاق نەك تەنها سەروەرە دەرەکیەکەی کاڵبووەتەوە، بەڵکو سەروەری ناوخۆیشی کاڵبووەتەوە، بەڵکو دەسەڵات و سەروەری نەماوە بەسەر بەشێك لە خاکەکەی، کە دەکەوتە بەشی باکوری وڵات و ژێر هێڵی دژەفڕینەوە (NO-FLY-ZONE).

لەبەر ئەمە بۆمان دەردەکەوێ، کە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، وەك چۆن لە ئاستی ناوخۆییدا مایەی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتە، ئەوە دەبێتە هۆی کاڵ بوونەوەی سەروەری دەوڵەتان لە ئاستی دەرەکیدا، بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

دەستکراوە دەکات بۆ لێدان و دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکاندا.

### سێیەم: جیهانگیری (Globalisation):

جیهانگیری ئەو چەمکەیە، کە وەرچەرخانێکی گەورەی لە جیهاندا هێنایە کایە، گۆڕانکاری وای دروست کرد، کە پێشتر جیهان شتی وای بەخۆوە نەدی بوو، کاریگەری جیهانگیری بەجۆرێك بوو کە چیتر دەوڵەتان نەیانتوانی قۆرغی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بکەن، بەڵکو لە سایەی جیهانگیری پرسی سەروەری دەوڵەتان کاڵبووەوە و گەلان بەرەو تێکەڵاوبوونی زیاتر ڕویشتن، ئابووری وڵاتان زیاتر وابەستەی یەکتر بوو، تەکنەلۆژیای و پێشکەوتنە خێراکان، بوونە هۆی ئەوەی جیهان زیاتر لە گوندیکی بچوك بچێ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جیهانگیری شوێنەواری نەرێنی لەسەر سەروەری و ئاسایشی دەوڵەتان بەجێهێشت، بەوەی نەك تەنها ڕێکخراو و دەوڵەتانی دیکە بەڵکو تاکێك لەو سەری دونیاوە، لەوانەیە ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و سەروەری دەوڵەتان، تەنانەت کێشەکان لە

کێشەی ناوخۆییەوە بوونەتە کێشەی نێودەوڵەتی، چونکە سنوورەکان کاڵ بوونەوەتەوە لەسایەی جیهانگیری.

زۆربەی بیرمەندان ڕاجیان لەبارەی کاتی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە، بۆیە هەندێك پێیان وایە: چەمکی جیهانگیری لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە سەریهەڵداوە، کەچی هەندێکی تر پێیان وایە ئەم چەمکە کۆنترە لەو بەرواره، تەنانەت لە خودی چەمکی سەرمایەداریش کۆنترە، هەروەها لەو بارەش دوو بۆچوون هەن، سەبارەت بەوەی ئایا جیهانگیری هزرە یان کردەیە[٥١]، هەندێکی تر ڕایان وایە، جیهانگیری بریتییە لە: کۆمەڵە کردارێکی ئالۆزە، کە بە گوێرەی ئەوە دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە جۆرێکی زۆرتر وابەستەی یەکتر دەبن، هەر ئەم وابەستەبوونەش چەندین کێشە و گرفت بۆ چەمکی دەسەڵاتی نەتەوەیی بە مانا کۆنەکەی دەخولقێنێ.

گومان لەوەدا نییە، سیستەمی دەوڵەتە نەتەوەیی، پشت دەبەستێ بە سەروەری دەوڵەت، زۆرێك لە توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە: "پەیماننانەی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە"[٥٢]. لەگەڵ

ئەمەدا، زانا و یاساناسان زۆر هەوڵیاندا پارێزگاری لەم جۆرە دەوڵەتدارییە بکەن، زۆر بە توندی بەرگریان کردووە لە سەروەری دەوڵەت و ڕەهەندەکانی.

هەرچەندە کۆدەنگی نییە لەسەر مانای زاراوەی جیهانگیری، ئەوا ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە جیهانگیری هەیە و شوێنەواری گەورەی لەسەر جیهان بەجێهێشتووە. ئەوەتا لەگەڵ بەرفراوانبوونی جیهانگیری و تەنینی هەموو کایە و بوارەکانی ژیان، سەروەری دەوڵەت کەوتە بەرلێشاوی مەترسییەکان، ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و تەحەددای مەزن بووەوە، بەتایبەت لە بوارەکانی: سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تەنانەت کەلتوری و ڕۆشنبیریشەوە، جا وڵاتان ویستیان لەسەر ئەمە بووبێ یان نا، ئەم وەرچەرخانە لە مانای سەروەریدا بەڕوونی بەدەرکەوت، هەروەك ئەمە لەسەر زمانی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دووپاتکرایەوە، کە وتی: سەروەری دەوڵەتان لە ناوەڕکی ماناکەیاندا لە ژێر پێداچوونەوەیەکی قوڵدان، نەك تەنها لە ژێر کاریگەری جیهانگیری و هاریکاری نێودەوڵەتی، بەڵکو ئێستا ئەم بۆچوونە

باوە کە دەوڵەتان ئامرازی خزمەتکردنی گەلانیان بن، نەوەك بە پێچەوانەوە[٥٣].

جیهانگیری لەبەر ئەوە بووە تەحەدا و بەرۆکی سەروەری دەوڵەتانی گرت، چونکە "یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم چەمکە، هەڵوەشانەوەخوازییە، چونکە مەبەست لێی گەڕانەوەیە بۆ توخمە سەرەتاییەکانی سروشت و هەر یەکێك خۆی جڵەوی خۆی بەدەست بێت"[٥٤]. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ، کە پێشتر دەوڵەت جڵەوی هەموو شتێکی بەدەست بوو، بڕیاری کۆتایی لای ئەو بوو، بەڵام ئێستا وا نییە، چونکە جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە لە سایەی جیهانگیریەوە، بۆ نموونە بێ بازاڕی لەو سەری جیهان کە ڕوودەدات، ئەوە لێرە کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، چونکە کە بازاڕ نەبوو، کارگەکان ناچار بەرهەم هێنان کەم بکەنەوە، کە ئەمەش ڕوویدا کڕینی سوتەمەنی لەلایەن ئەم کارگانەوە کەم دەبێتەوە، بەمەش خستنەڕووی سوتەمەنی زیاد دەبێ، لە ئەنجامدا نرخی دادەبەزێ، بەمەش ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان نەوتە

تووشی قەیرانی ئابووری و دارایی دەبنەوە. کەواتە هەمووان بەیەکەوە وابەستەن لەسایەی جیهانگیریەوە.

بۆ نموونە: کاتێك هێزی ئاسمانی دەوڵەتی تورکیا، لە بەرواری ٢٤ نۆڤەمبەر/ تشرینی یەکەم ٢٠١٥ بەهۆی سنووربەزاندنەوە، فڕۆکەیەکی سوخۆی ڕووسی تێکشکاند، ئەوا ڕووسیا تێکڕای پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابووری و سەربازی و گەشتییارەکانی لەگەڵ تورکیا پچڕاند، ئەمەش کاری کردە سەر تێکڕای کایەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی دەوڵەتی تورکیا، تا وایلێهات ئەو دەوڵەتە ناچاربوو داوای لێبوردن بکات، هەرچەندە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی تورکیا مافی ڕەوای هەیە، لە بەرگری کردن و بەرپەرچدانەوەی هەر دەستدرێژیەك کە دەکرێتە سەر سنووری ئاسمانی و وشکانی و زەمینی هەرێمی وڵاتەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سایەی جیهانگیریەوە تورکیا بە توندی وابەستەی جیهانی دەرەوەیە، لە نێویشیاندا ڕوسیا، بۆیە تورکیا تووشی کێشەیەکی ڕاستەقینە بووە، ئامادەبوو قوربانی بە هەر شتێك بدات لە پێناو گرێدانەوەی

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیابۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێگە دیبلۆماسیەکانی گرتەبەر.

ئەم هەموو سازشانەی دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر کارێکی ڕەوا بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی کە ئەنجامی داوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جیهانگیری بە ڕادەیەك تورکیای بە ڕوسیا و دەوڵەتانی تر بەستۆتەوە، کە هەرگیز ناتوانێ دەستەبەرداریان بێ، ئەگەر بە قوربانیدانیش بێ بە بەشێك لە شکۆی سەروەرییە دەرەکییەکەی.

نموونەیەکی دیکە ئەوەیە، کە لە سایەی جیهانگیرەوە ئەمڕۆ دەکرێ بە ڤایرۆسێك کە لە دوورترین وڵاتەوە بەرهەم هاتووە، هەڕەشە لە ژێرخان و سەرخان و سەروەری دەوڵەتێکی دیکە بکرێ. ڤایرۆسێك کە سنوور ناناسێ کاتێك تەشەنە دەکات، هەروەك بینیمان کاتێك ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ١٩، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە چینەوە دەرکەوت، ئێستا لە زۆربەی دەوڵەتاندا پەتای ئەم ڤایرۆسە بڵاوبووەتەوە و ئابووری جیهانی تووشی پەککەوتن کردۆتەوە، ئێمە ناچینە سەر ئەو مشتومڕەی ئایا خودی ئەو ڤایرۆسە گازی سارینە یان ڤایرۆسە،

بەڵکو ئاماژە بە لێکەوتەکانی دەکەین لەسەر سەروەری دەوڵەتان، بەتایبەت لە ژێر هەژمموونی جیهانگیریدا و خێرایی ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن و پەیوەندی کرد، کە وایکرد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، ئەم ڤایرۆسە لە شاری ووهانی چینەوە بگوازرێتەوە بۆ زۆرێك لە دەوڵەتا تا دەگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین دەوڵەتی دیکەش. ئێستا لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی ئەم پەتا درم و گوازراوەیان تێدا تەشەنەی کردووە، قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنراوە، واتە زۆربەی کەرتەکانی دوڵەت پەککیان کەوتووە، دەوڵەتان تا ڕادەیەك بەچۆکدا هاتوون لە بەرامبەریدا، دەشڵێن بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی پێکوتە (Vaccine) بەلایەنی کەم پێویستمان بە ساڵێکە.

ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی جیهانگیری و کاریگەری لەسەر کایەی سەروەری دەوڵەتان، تەنانەت بەشێك لە توێژەران ئێستا لە سەروبەندی توێژینەوەی ئەو بۆچوونەدان، کە ئایا ئێستا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید نۆزدە، شتێك ماوە

به ناوی سەروەری! ئەگەر ماوە ئەوە سەروەری لە سەردەمی جیهانگیردا چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ پێشتر.

**چوارەم: سەرهەڵدانی ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتەکان** ( The appearance of Non-State Actors):

سەرهەڵدانی ڕێکخراوە نادەوڵەتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو، کاریگەری مەزنیان دروستکردووە لەسەر کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، ئەم ڕێکخراوانە پێشتریش هەر هەبوون، بەڵام لەم دواییانەدا ڕۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

ئەکتەر و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکان بریتین لەو: لایەنە ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر کاروباری نێودەوڵەتی، ئەو لایەن و ڕێکخراوانە سەر بە هیچ دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نین، بەڵام توانای ئەوەیان هەیە کاریگەری دابنێن لەسەر بڕیارەکانی حکومەت، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی(٥٥). ئەم پێناسەیە گشتگیرترە، کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی وەك: ئێکسۆن مۆبیل و شیفرۆن، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی

وەك: ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی داعش و قاعیدە دەگرێتەوە.

ئەگەر لێرەدا تیشك بخەینەسەر ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان، وەك: ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهانیەکانی هاوشێوەی قاعیدە و داعش، کە ڕۆڵی مەزن دەگێڕن لەسەر ئاستی جیهان. لێرەدا ئەگەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە نموونە وەربگرین، کە ڕێکخراوێکە بەناو دەوڵەتی ئیسلامییە، بەناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) کە داعش کورتکراوەکەیەتی، ڕێکخراوێکی توندڕەوە، خۆی بە ڕێکخراوێکی ئیسلامی دادەنێ، پێی وایە دووبارە خەلافەتی ئیسلامی زیندوو کردۆتەوە.

ئەگەر کاریگەری ئەم ڕێکخراوە لە گۆڕەپانی سوریادا وەربگرین، ئەوە کاتێك ئەم ڕێکخراوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ باڵادەستی خۆی نواند لە سوریا، ئەوا توانی: ڕووبەرێکی زۆر لە خاکی سوریا داگیر بکات، کە دەکاتە نزیکەی ٥٠% نیوەی خاکی ئەو وڵاتە، زۆربەی چاڵەکانی نەوت و گاز و کانگا و سەرچاوەکانی ئاوی سوریا، دەکەونە نێو ئەو ڕووبەرەوە، کە ڕێکخراوی ناوبراو تێیدا زاڵە، لە هەمان کاتدا بەشار ئەسەد و

ڕژێمەکەی نزیکەی ٢٥% جوگرافیای سوریای لەژێر دەسەڵاتیدا ماوە، کوردەکانیش نزیکەی لە ٥% باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریایان لەبەردەستە، خۆیان بەڕێوەی دەبەن لە ژێر سایەی بەڕێوبەرایەتی خۆسەر[٥٦].

هەر چەندە ئەم ڕێژەیەی لە گۆڕاندایە، بەهۆی دەستێوەردانی ڕوسیا و ئێران و پشتگیریان لە ڕژێمی سوریا (ئەسەد)، بەڵام ئەگەر داعش هیچیشی بەدەستەوە نەمێنێ، ئەوا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم ڕێکخراو و ئەکتەرە نادەوڵەتیانە هەڕەشەی جددین لەسەر کاڵبوونەوە و سڕینەوەی سەروەری دەوڵەتان. کاریگەری کاڵبوونەوەی سەروەری ئەم دەوڵەتە و هاوشێوەکانی، بووەتە هۆی ئەوەی پسپۆڕان و توێژەران پێیان بڵێن: دەوڵەتی لاواز، یان دەوڵەتی هەڵوەشاوە، یاخود دەوڵەتی شکستخواردوو.

هەرچەندە ئێستا دوای بەشداری ڕاستەوخۆ و کارای ڕوسیا و کۆماری ئیسلامی ئێران، لە پاراستنی ڕژێمی ئەسەد و لێدان لە نەیارانی ڕژێمی سوریا، بەتایبەت لە داعش و تە ئیسلامیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سوریا، وایکردووە کە ڕژێمی ئەو

وڵاته، دەستبگرێتەوە بەسەر زۆرێك لە ناوچەكانی سوریا، تا ڕادەیەك هەناسەیەك بداتەوە بە پاڵپشتی ڕوسیا و ئێران، بەڵام ئەمەش لەلایەكی دیكەوە بە مانای كاڵبوونەوەی سەروەریەكەی دێت، چونكە بە ئاشكرا سوریا بووەتە پاشكۆی ڕوسیا و ئێران، تەنانەت لە كاتی چوونی فلادیمیر پۆتین بۆ سوریا، بینیمان كە لە ڕێوڕەسمەكە ڕێگە نەدرا كە بەشار ئەسەد سەرۆكی ڕژێمی سوریا پێشوازی لێبكات، بەڵكو لەلایەن ژەنەڕاڵێكی ڕوسیەوە پێشوازی لێكرا، بەمەش ڕادەی لاوازی دەسەڵات و سەروەری سوریا دەردەخات، تەنانەت ئێرانیش چەندین بەرپرسی بەرزی پایەبەرزی سەربازی لە ململانێكانی سوریادا كوژران، ئەمەش بەدڵنیایەوە بێ بەرامبەر نابێ، بەڵكو سوریا دەبێ باجەكەی بداتەوە.

هەرچی ئێستا دەبینین توركیا عەفرین و كۆبانێی داگیر كردووە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە ئاشكرا ڕایگەیاندووە، كە لەبەر نەوت لە باكوری سوریا ماوەتەوە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ بۆشاییەكی مەزن كە لە سوریادا هەیە، ئەویش لە دەرئەنجامی لاوازی و كاڵبوونەوەی سەروەری ئەو

دەوڵەتەیە بەهۆی ئەکتەر نا دەوڵەتیەکانەوە. ئەم ڕێکخراو و ئەکتەرە نادەوڵەتیە کە ناوی داعشە، تا ئێستا نەتوانراوە ڕیشەکێش بکرێ لە سوریا، گریمان ئەگەر بە تەواوی ئەم ڕێکخراوە لە ناوبرا، ئەوە ئەو شوێنەوارانەی ئەم ئەکتەرانە بەجێیان هێشتووە لەسەر سەروەری دەوڵەتان بە نموونە سوریا، سەختە بە ئاسانی نەهێڵدرێن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر سەیری ڕۆڵ و کاریگەری ئەو ڕێکخراوە بکەین لە عێراق، ئەوا لە دوای ساڵی ٢٠١٤ موسڵ و زۆربەی شارە سونیەکانی داگیرکرد، گەیشتە بەردەم دەروازەی بەغداد، شکۆی سەروەری دەوڵەتی عێراقی شکاند، بەڕادەیەك کە "لە ساڵی ١٠ یۆنیۆی ٢٠١٤ــدا لە ٤٠% خاکی عێراقی داگیرکرد، کە یەکسانە بە زیاتر ١٠٨ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە"(٥٧).

ئەگەرچی دوای گرتنەوەی زۆربەی شارە سونیەکان، لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، و گرتنەوەی ناوچەکانی کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (ناوچە جێناکۆکەکان)، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بە

پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنانەت ڕاگەیاندنی گرتنەوەی موصلْ و ڕزگارکردنی عێراق لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، کەچی هێشتا ئەم ڕێکخراوە چالاکە لە عێراق، ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفراوانیش نەبێ لە ڕووی کردارییەوە، ئەوە لە ڕووی هزرەوە بە قوڵی کاریگەری داناوە و شوێنەواری لە عێراقدا جێهێشتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتیانە لە کاڵکردنەوەی سەروەری دەوڵەتاندا.

یەکێکی تر لە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرە نادەوڵەتەکان، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی دیاریان هەیە، حیزبوڵای لوبنانیە[٥٨]، کە تەنها لە نێو دەوڵەتی لوبنادا کاریگەری نییە، بەڵکو کاریگەری ئەم حیزبە پەلیهاوێشتووە بۆ دەرەوە سنوورەکانی دەوڵەتی ناوبراو، لە قەیرانی سوریادا بەشدارێکی سەرەکییە و بەرگریکارێکی سەرسەختە لە ڕژێمی ئەسەد، لە زۆربەی بەرەکانی شەڕی مەیدانی لە پاڵ هێزەکانی ڕژێمدا بەشدارە، ئەوەتا بەپێی زانیاریەکان ژمارەی شەڕکەرانی حیزبوڵا لە سوریا "زیاتر لە ٢٠ هەزار شەڕکەرە"[٥٩]، ئەمەش ڕاددەی

هێزی ئەو حیزبە پیشان دەدات. پێشتریش ئەو حیزبە جەنگی لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد. کەواتە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی وەك حیزبوڵا نموونەیەکی زەقە، لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەکتەرانە، هەندێك کات ڕۆڵیان لە دەوڵەتێك کەمتر نییە. بەشداری کارای ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتیانە لەم کێشە و قەیرانەکانی وەك سوریا و عێراق، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە دەرئەنجامی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان و بۆشایی دەسەڵاتی دەوڵەتانەوەیە.

ئەگەر سەرنجێکی حوسییەکانی یەمەن بدەین، کە شەڕی حکومەتی یەمەن و هاوپەیمانی عەرەبی دەکەن، کە لە دژیان پێکهێنراوە، ئەوا دەبینین کە ئەم ڕێکخراوە توانی "زۆربەی پێگەکانی دەسەڵات لە باکوری یەمەن داگیر بکات، لە ٢١ سێپتێمبەری ٢٠١٤ سەنعای پایتەختی یەمەنیان داگیر کرد، لە مانگی یەنایەر کۆشکی سەرۆکایەتیشیان داگیر کرد"[٦٠]. ئەمانە هەموو هێما و ئاماژەن بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەك، کە ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتەکان دەتوانن ڕۆڵێکی وایان هەبێ، کە هیچی کەمتر نەبێ لە ڕۆڵی دەوڵەتەکان بگێڕن. کەواتە ئەکتەر و ڕۆڵگێڕە

نادەوڵەتەکان، هۆکارێکی دیکەن بۆ کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان.

**پێنجەم: بەهێزبوونی هەرێمەکان، هەرێمی کوردستان بە نموونە** (The Empowerment of Regions, Kurdistan Region as a case study):

لێرەدا مەبەستمان لە هەرێمەکان، ئەو هەرێمانەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا رێکخراون، ئەو هەرێمانەی سەربەخۆخوازن، نەوەك هەرێمە نێودەوڵەتییەکان، وەك هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا، کە هەوڵی زۆری داوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، بۆ ئەم مەبەستەش لە ١/ئۆکتۆبەری/ ٢٠١٧ گشتپرسیشی ئەنجامدا، بەپێی وتەی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە دەنگی بەڵێ زیاتر لە ٩٠٪ هێناوە، دواتر لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئیسپانیاوە بە زەبری هێز شکست بەو هەوڵانەی سەربەخۆیی ئەو هەرێمە هێنران. لە کاتێکدا ئەم هەرێمە لە ناو جەرگەی ئەوروپایە کە بانگەشەی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین دەکات بۆ گەلان.

ئەگەر هەرێمی کوردستان بە نموونە وەربگرین، وەك جیاوازترین هەرێم کە لە ناو دەوڵەتێکدا هەبێ لە جیهاندا، بەوەی خاوەنی هێزی سەربازی و هەواڵگری و ئاسایشی تایبەت بە خۆیەتی، لە هەمان کاتدا هەوڵی گەیشتن بە ئابووری سەربەخۆ دەدات، لە ڕێگەی ناردنە دەرەوەی نەوت بە تاکلایەنانە. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیخەینەڕوو، پێداهەڵگۆتن نییە بە شان و باڵی هەرێمی کوردستان، داپۆشینی کەموکورتی و گەندەڵیەکانیشی نییە، بەڵکو باسکردنە لەوەی کە سەرباری ئەو هەموو کەموکورتی و کرچ و کاڵیەی لەو هەرێمەدا هەیە، ئەوا هەرێمی ناوبراو بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە، لەسەر سەروەری عێراق، کاریگەری لەسەر کاڵبوونەوەی سەروەریەکەی هەیە، چونکە لەوەتەی عێراق دروست بووە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، ئەوا ئەم بەشەی کوردستان (کە پێی دەوترێت هەرێمی کوردستان)، بە زۆرەملێ بە عێراقەوە لکێنراوە، بەم هۆیەگەلی کوردستان بەردەوام هەوڵی سەربەخۆیی داوە، ئەمەش کارگەری هەبووە لەسەر کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتی عێراق.

سیستەمی دەوڵەتی عێراق بەپێی دەستووری هەمیشەیی سیستەمێکی فیدراڵییە، هەرێمی کوردستانیش تاکە هەرێمی ئەو دەوڵەتەیە. بەپێی مادەی (١) دەستووری عێراقی: "کۆماری عێراق، دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە، ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی تیایدا، کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراتییە و ئەم دەستوورەش زامنی یەکپارچەیی عێراقە"[٦١].

هەر یەکە لە حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو سیاسەتی جیاواز پەیڕەو دەکەن، هەر یەکەیان بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا دەڕۆن، ئەگەر سەیری لایەنی ئابووری بکەین، ئەوە دەبینین هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵی داوە، کە بگات بە سەربەخۆیی ئابووری، چونکە سەربەخۆیی ئابووری هەنگاوێکە بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

هەرچەندە باسی سامانە سروشتیەکان کراوە لە دەستووری عێراقدا، لە مادەی (١١١) هاتووە: "نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا"[٦٢]. هەروەها لە

مادەی (١١٢) دەستووری ناوبراودا هاتووە: "حکومەتی فیدراڵ هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو، لەو کێڵگانەی ئێستا هەن لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەکان، بەو مەرجەی کە داهاتەکەی بەشێوەیەکی دادگەرانە دابەشبکرێت..."[٦٣].

لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان گرێبەستی نەوتی ئەنجام داوە، ئەوەتا گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازن، لەگەل گرێبەستەکانی حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ، بەوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان: گرێبەستی هاوبەشن (العقود المشارکە)، تەنانەت هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٤٨ گرێبەستی نەوتی ئەنجامداوە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان، لە نێویاندا شەش گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بوون، ئەمەش کاردانەوەی سزای و شەڕی ڕاگەیاندنی لێکەوتەوە، لە نێوان هەر دوو لادا. هەروەها ڕێکەوتننامەی پەنجا ساڵەی لەگەڵ تورکیادا ئەنجامداوە.

ئەم گرێبەستانە بە شێوەیەکی تاکلایەنانە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان ئەنجامدران، بێ مۆڵەت

و ڕەزامەندی عێراق، ئێستاش هەرێمی کوردستان هەناردە دەکات بۆ بازارەکانی جیهان، ئەگەر بە نرخێکی هەرزانتریش بێ، ئەوە خۆی سەرپەرشی ئەم کرداری هەناردە کردنە دەکات، بەمەش عێراق لە ئاستی ئابووریدا بەگشتی، لە کەرتی سامانە سروشتیەکاندا بەتایبەتی باڵادەستی لەدەستداوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، دوای ئەو هەموو هەوڵانەی لەو پێناوەدا دای، نەیتوانی جڵەوی ئابووری هەرێم بگێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند. بەم پێیە عێراق دەسەڵات و سەروەری لەدەستداوە یان بەلایەنی کەم کاڵ بووەتەوە لەسەر کەرتی ئابووری هەرێمی کوردستان.

ئەگەر لە ڕووانگەی هێزی سەربازی و هەواڵگریەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوە دەبینی کە هەرێمی کوردستان خاوەن هێزی مەزنی پێشمەرگەیە، دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تەنها بە تیۆری نەبێ لە زەمینەی واقیعدا، بە هیچ شێوەیەك ملکەچی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی عێراق نین، بەڵکو ملکەچی فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانن.

له سەروبەندی گرتنەوەی موسڵدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕازی بکات، بەوەی ڕێگە بە هێزە عێراقیەکان بدات، لە ناوچەکانی ژێر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشی سەر موسڵ بکەن، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکەوتننامەی سەربازی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەدا ئەنجامدا، کە بەشێوەیەکی فەرمی واژۆ کرا لە نێوانیاندا، تەنانەت چەند ساڵێکە لە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بودجەیەکی تایبەت بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە دیاری دەکرێ.

من باس لەوە ناکەم ئەم ڕێکەوتنە چەندە لە بەرژەوەندی کوردستاندا بووە یان نا، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکەم، کە ئەم جۆرە ڕێکەوتنە سەربازیە بێ وێنەیە و لێدانە لە سەروەری عێراق و بەهێز پێگەی هەرێمە لەسەر حیسابی کاڵکردنەوەی سەروەری دەوڵەتی عێراق، چونکە لە سیستەمی فیدراڵییدا نییە هەرێمێك هێزی سەربازی و هەواڵگری تایبەت بەخۆی هەبێ، گرێبەستی سەربازی ئەنجام بدات.

تەنانەت هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لە جەنگی دژی داعشدا توانیان تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەیی ئیدارەی هەرێم (ناوچە کێشە لەسەرەکان) ڕزگار بکەن، کە هێزەکانی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر داعشدا لە دەستی دابوون، کە دەکاتە نزیکەی٤٠% خاکی هەرێمی کوردستان. هەرەچەندە دوای ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە هەرێم زۆربەی ئەو ناوچانەی لەدەستدا و هێزە عێراقیەکان بە یارمەتی ئێران و چەند لایەنێکی دیکە گرتیانەوە. هەموو ئەمانە لەوە کەم ناکەنەوە، کە هەرێمی کوردستان بەم هێزی سەربازی و ئابووری و سیاسیەی هەیەتی، کاریگەری لەسەر سەرووەری عێراق داناوە.

ئەوەتا لە ٢٥/ئەیلول/سێپتێمبەر/٢٠١٧ هەرێمی کوردستان گشتپرسی سەربەخۆیی ئەنجامدا، لە سنووری هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (ناوچە جێناکۆکەکان) بە کەرکوکیشەوە، سەرباری نارەزای حکومەتی ناوەندی و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەت، ئەوە

گشتپرسیەکە بەڕێوەچوو و دەنگی بەڵێ ڕێژەی زیاتر لە ٩٢% هێنا.

کاتێکیش شاری کۆبانێ کەوتەبەر پەلاماری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لەسەر لێواری داڕووخان بوو، هەرێمی کوردستان بڕیاری ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگەی دا، ئەو هێزەی پێشمەرگە سنووری سێ دەوڵات (عێراق، تورکیا، سوریا)ـــی بڕی و توانی هاریکاری هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاڤا بکات، بۆ پاراستن و گرتنەوەی تەواوی ئەو شارە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەرێم بەم هێزەی مەترسییە بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی عێراق.

**شەشەم: ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی**

(The role of Media in creating public opinion):

شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری بووەتە هۆی ئەوەی دیاردەی پشت بەیەکتربەستنی دوو سەرە لە نێوان دەوڵەتاندا پەرەبستێنێ، و ئەو پاڵنەر و هۆکارانە کەم کاتەوە، کە دەبنە مایەی

بەکارهێنانی سەرداریێتی (سەروەری) بەشێوەیەکی ڕەق و زبر و تووند[٦٤].

سەبارەت بە کاریگەری تەکنەلۆژیای نوێ، لە نێویاندا تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بەتایبەت ئەو کاریگەریانە لەسەر چالاکی سیاسی، ئەوا "لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ٢٠ دەوڵەتی ئەوروپی، ئوسکار لوینگۆ، گەیشتووەتە ئەوەی ئەنتەرنێت، بەهێزترین کەناڵی کارتێکردنە لەسەر ئاستی چالاکی سیاسی بۆ تاکەکان"[٦٥]. ئەمەش وێنای کاریگەریی مەزنی تەکنەلۆژیا و میدیا و ڕاگەیاندن دەکات، بە جۆرەکانی نووسراو و بینراو و خوێنراو ، لەسەر کاروباری سیاسی و کایەکانی تری دەوڵەت، میدیا و ڕاگەیاندن یاریکەرێکی سەرەکییە، لە ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، جا ئەو ڕۆڵە ئەرێنی یان نەرێنی بێ، بەپێی ئامانج و جۆری بەکارهێنانی دەگۆڕێت. ئەمڕۆ جەنگی نێوان لایەنە ناکۆکەکان زیاتر جەنگێکی میدیاییە، لەوەی جەنگێکی کردەیی بێ، بەتایبەت تەکنەلۆژیا وایکردووە میدیا کاریگەرتر بێ، چونکە ئێستا سۆشیال میدیا کاریگەری هیچ کەمتر نییە لە میدیای فەرمی، بۆیە ئەوەی لە میدیا و ڕاگەیاندندا براوەبێ، ئەوا ئەگەری

زۆره براوەی ناکۆکی و جەنگ بێ، بەهۆی ئەمە زۆرێك لە دەوڵەتان، ناچاربوونە کار بکەن لەسەر دامەزراندنی دامەزراوەی میدیایی بەهێز بۆ ڕەواجدان بە بەرنامەکانیان و ئامادەکردنی ڕای گشتی.

هەروەها میدیا ڕۆڵی هەبوو، لە پەرەسەندنی بەهاری عەرەبی لە ١٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٠، لە توونس و گوێزرانەوەی بۆ زۆرێك لە دەوڵەتانی عەرەبی. بڵاوکردنەوەی فیدیۆ و وێنە و هەواڵی ئەو گەنجە توونسیەی کە خۆی سوتاند، بووە مۆمی هەڵگیرساندنی بەهاری عەرەبی لە زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت کاریگەری ئەم ئێستاش لە سوریا بەردەوامە. هەرچەندە ڕۆژانە سەدان گەنج دەکوژرێن و دەمرن، بەڵام ئەوە میدیا بوو گەورەی ئەو ڕووداوەی خۆسوتاندنی توونسی گواستەوە، بەمەش گەل ڕاپەڕی لە دژی دەسەڵاتەکەی زەینلعابدین عەلی، ناوبراو هەڵات بۆ شانشینی عەرەبی سعودیە، بەمەش میدیا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە وروژاندنی شەقام و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی لە دژی دەسەڵات لە توونس.

هەروەها وێنەی ئەوانەی بەر چەکی گازی ژەهراوی کەوتن، کاتێك ڕژێمی سوریا، لە بەرواری ٤ نیسانی ٢٠١٧، چەکی کیمیایی دژی دانیشتوانی خان شەیخون بەکارهێنا، کە شارۆچکەیەکە لە دەوروبەری ئیدلب، سەدان قوربانی لێکەوتەوە، کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەت بوون، دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ئەم کارەساتە، دەبینین میدیا سەرنجی ڕای گشتی، زۆر بە چڕی بەلای ئەم پرسە ڕاکێشا، تەنانەت کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٩/ ٤/ ٢٠١٧ گورزێکی سەربازی وەشاند، لە دژی بنکە سەربازییەکانی ڕژێمی ئەسەد، بەتایبەت فڕۆکەخانەی شوعەیڕات. دەبینین بەهۆی ئەوەی تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، دوای پەخشکردنی وێنەکانی کارەساتە مەرگەساتەکەی خان شەیخون، وایانکرد کە ویژدانی دانیشتوانی جیهان بهەژێنێ، تەنانەت ئەو بۆردومانە موشەکیەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئەنجامیدا، بەهۆی ئامادەسازی پێشوەختە، لەڕووی میدیایەوە، ئەوا پێشوازییەکی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، ئینجا هەموو ئەمانە کاریگەری میدیا دەردەخەن لەسەر سەروەری دەوڵەتان.

ئەوانەی خستمانەڕوو، گرنگترین ئەو هۆکارانەبوون، کە بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، لەوانەیە کاریگەرییان بەپێی دەوڵەتان ڕێژەکەیان جیاواز بێت، لە دەروازەی داهاتوودا باسی لێکەوتەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان دەکەین.

# بەشی شەشەم:

# دیارتریان شوێنەوارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان

یەکەم: بەهێزبوونی کەمینەکان

دووەم: لاواز بوونی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان

سێیەم: زەقبوونەوەی چەمکی (یەك نەتەوە _ یەك دەوڵەت)

چوارەم: دارشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە

پێنجەم: زاڵبوونی پێوەری ئەمری واقیع

کالْبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان چەندین لێکەوتە و شوێنەواری هەیە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان لەسەر ئاستی دەرەوە، تەنانەت لە مامەڵەکردنی دەوڵەتانی دیکە لەگەڵیدا، لەبەر سنووورداری ئەم کتێبە، ئەوا لێرەدا تەنها باسی دیارترین ئەو شوێنەوارانە دەکەین، کە بەشێوەیەکی زەق بە سەروەری دەوڵەتانەوە دیارن، هەر چەندە هەر یەکێك لەم شوێنەوارانە، شایەنی ئەوەیە توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەبارەوە بکرێ.

ئەو شوێنەوارانە کە لێرەدا باسیان دەکەین، ئەو شوێنەوار و لێکەوتانەن، کە بە کرداری بە کەسایەتی دەوڵەتەوە دیارن، بەجۆرێك کە دەسەلمێنن ڕەهایی و گشتگیری سەروەری سەختە دەستەبەر بکرێ، هەر چەندە هەندێك پێیان وایە، کە ئەگەر سەروەری بەشێك لە دەوڵەتان کاڵ بووبێتەوە، ئەوە سەروەری هەندێك لە دەوڵەتانی دیکە توختر و بەهێزتر بووە. بەڵام پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە ئێمە لێرەدا باسی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتانمان کردووە، و سەلماندووشمانە کە لە زەمینەی واقیعدا هەیە، نەوەك باسی بەهێزبوونی سەروەری دەوڵەتانمان

کردبێ، تەنانەت لەگەڵ هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ١٩ بینیمان سەروەری دەوڵەتە بەهێزەکان و زلهێزەکانی دونیاش بەو ڕادەیە بەهێز نییە کە بانگەشەی بۆ دەکرا، تەنانەت تووشی قەیرانی گەورە بوونەتەوە لە ئاست ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتای ئەم ڤایرۆسەدا. لەبەر ئەوە لێرەدا دیارترین شوێنەوارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان دەخەینەڕوو، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: بەهێزبوونی کەمینەکان** (The rise of Minorities):

یەکێك لە شوێنەوارە سەرەکییەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، بەهێز بوونی کەمینەکانە، جا ئەو کەمینانە چ کەمینەی نەتەوەیی و مەزهەبی و.. هتد، بن. کاتێك دەوڵەت سەروەریەکەی کاڵ دەبێتەوە، لە ڕووی کرداریەوە و لە زەمینەی واقیعدا، ئەوا باڵادەست بوون بە ڕەهایی و گشتگیری لە دەستدەدات، بەسەر هەموو کایەکانی دەوڵەتدا، بەشێوەیەکی تۆکمە ناتوانێ پیادەی شکۆ و سەروەری خۆی بکات، ئەمەش پاڵنەرێکی بنەڕەتیە، بۆ ئەو کەمینانەی کە خۆیان بە مافخوراو

دەزانن لە دەوڵەتدا، یان لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتدار و سەردەستەوە بە پلە دوو سەیرکراون، هەوڵی بەهێزبوون بدەن، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و سەربازیەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان، ئەو کەمینانە کار دەکەن بۆ زەقکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆیان، لە بەرامبەر شوناسی ئەو دەوڵەتەی کە تێیدا دەژین.

کاتێك سەرنجی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دەدەین، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، بە سەرپەرشتی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیای مەزن)، سیستەمی پاشایەتی تێدا دانرا، بەبێ ڕەچاوکردنی ویستی ئەو گەلانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردە تازەیەی پێی دەوترێت عێراق، بۆیەش وتومە گەلانی عێراق چونکە دەوڵەتی عێراق دەرئەنجامی گەلێك نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێکی دەستکردی سەپێنراو بوو بەسەر گەلانی ئەو ناوچەیە، لەلایەن دەوڵەتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ناوی لێنرا عێراق، سوودمەندی یەکەم لەم دەوڵەتە نەتەوەی عەرەب بوو، بەدیاریکراوی سوننەکان، باشوری کوردستان (کە ئێستا پێی دەوترێت هەرێمی کوردستان و بە ناوچە

کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمەوە) بەبێ ویستی گەلی کوردستان لکێنرا بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە.

لە دەرئەنجامدا دەبینین، کە گەلی کورد هەرگیز خۆی بە بەشێك نەزانیوە لە عێراق، تەنانەت شۆڕش لە دوای شۆڕش کراوە، لەلایەن گەلی کوردستانەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، چونکە ئامادەنەبوون شوناسی عێراقی پەسەند بکەن. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ داگیرکرانی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، گەلی کوردستان توانی بگات بە بەشێك لە مافەکانی خۆی و هەرێمێکی فیدراڵی بۆ خۆی دروست کرد، کەواتە هەر لە شا فەیصەڵی یەکەمەوە دروستکردنی شوناسێك بۆ گەلی عێراق وەك مەتەڵ مایەوە، تەنانەت تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش نەتوانرا گەلانی عێراق لە ژێر چەتری یەك گەلدا کۆ بکرێنەوە و شوناسە لاوەکییە نەتەوەییەکان بسڕدرێنەوە یان کاڵ بکرێنەوە.

ئێستاش هەرچەندە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) نەتەوەی کورد لە پاڵ نەتەوەی عەرەبدا، دوو نەتەوەی سەرەکین لە عێراقدا، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا، گەلی

کوردستان کە نزیکەی ڕێژەی ١٧% گەلی عێراق پێکدێنێت، لە بیرکردنەوەی سەرانی حکومەتی ناوەندی بە نەتەوە و کەمینەیەکی مەترسیدار سەیری دەکرێ، نەوەك بە هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە حوکمڕانیدا، سەرانی عێراق پێیان وایە بە لاوازبوونی دەسەڵات و هێز و سەروەری عێراق، گەلی کوردستان بەهێزتر دەبێ، خواستی جوداخوازی و سەربەخۆخوازی زۆرتر دەبێ، بەمەش نەك سەروەری بەڵکو یەکپارچەیی خاکی عێراقیش دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە.

لە بوار کردەییدا دەبینین هەولێر لە ئاستی پێشوازی کردن لە شاندە دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری و سەربازیەکاندا هیچی کەمتر نییە لە بەغداد، تەنانەت بەشێك لە سەردانی شاندەکان ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر دەکرێن بەبێ ئەوەی تێپەڕبوون بە بەغدادی پایتەختدا، ئەمەش وای لە عەبادی سەرۆکی پێشوتری عێراق کرد، کە دوای سەردانی شاندێکی باڵای ئەمریکا ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر بڵێت: پێویستە ئەمرکییەکان ئەوە بزانن، کە بەغداد پایتەختی عێراقە نەوەك هەولێر.

هەرچەندە گەلی کورد لە کوردستانی گەورەدا، بە گەورەترین گەلی بێ دەوڵەت دادەنرێ لە جیهاندا، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە یەکێك لە شوێنەوارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، بەهێزبوونی کەمینەکانە، هەرچەندە کورد وەك نەتەوە ٤٠ ملیۆن زیاتر دەبێ، بەڵام بەهۆی دابەشبونیان لە نێوان چوار پێنج دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی دیاریکراو، ئەوا لەو دەوڵەتانەدا بوونەتە کەمینە، کاڵبوونەوەی سەروەری ئەو دەوڵەتانەت شوێنەواری هەیە لە بەهێزبوونی کەمینەکاندا، بۆ نموونە کورد لە باکوری عێراق و سوریادا.

دەکرێ لاوازبوونی سەروەری دەوڵەت بەهۆی خودی کەمینەکانیشەوە نەبێ، ئەگەر عێراق بە نموونە وەربگرین ئەوا لە ساڵی ٢٠٠٣ بە داگیرکرانی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەروەری نەما، ئینجا دوای ساڵی ٢٠٠٥ و پەندکردنی دەستووری هەمیشەیی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و دانانی حکومەتی عێراق، ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە عێراق سەروەری بۆ گەڕایەوە، بەڵام بینیمان تا ساڵی

٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە نەکشانەوە، تەنانەت دوای کشانەوەشیان لە ٢٠١١، ئەوە لەگەڵ جەنگی داعش دووبارە هێزەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڕانەوە عێراق، سەرباری بڕیار و ڕێککەوتننامەکان سەبارەت بە دەرکردنی هێزە بیانیەکان، لە نێویاندا هێزەکانی ئەمریکا، دەبینین ئەو هێزانە بوونیان لە عێراقدا هەر هەیە، تەنانەت لە دروستکردنی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا قسەی جددی هەیە. سەروەری بە

دۆخی دەوڵەتی یەمەن، زۆر خراپترە لە دۆخی عێراق و سوریا، چونکە ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو وڵاتە بکەین، ئەوا دەبینین لە ئەنجامی کاڵبوونەوەی سەروەریەکی، دابەشبوونی هێز و دەسەڵات لە نێوان حوسیەکان و بەرەی حکومەتی یەمەنی، ئەمە خزمەتی بە دەرکەوتن و بەهێزبوونی حوسییەکان کردووە. بەمەبەستی گێڕانەوەی شکۆ بۆ سەروەری دەوڵەتی یەمەن، بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتە عەرەبییەکان ئەوانەی دژی گۆڕانکارین لە نەخشەی دەوڵەتی یەمەندا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی عەرەبیان پێکهێناوە، بەناوی گەردەلولی سوربوون

(عاصمة الحزم) و به سەرۆکایەتی سعودییە، دەوڵەتی سعودیە بڕبڕەی پشتی ئەم هاوپەیمانێتیەیە، بە دەیان فڕۆکەی شەڕکەر تێیدا بەشدارە. هەروەها هەر یەکە لە شانشینی ئیمارات، کوەیت، بەحرەین، ئوردن، شانشینی مەغریب، سودان، میسر، بەشدارن لەم هاوپەیمانێتیەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، پشتیوانی خۆی بۆ گەردەلولی سوربوون دەربڕیوە، تەنانەت ئامادەیی نیشانداوە، بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی مادی و زانیاری هەواڵگری.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێ، ئەوەیە کەمینەکان دەرفەتی بەهێزبوون و گەشەیان زۆرتر دەبێ، لە سایەی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتان و کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، ئەمەش لە زەمینەی واقیعدا بە ڕوونی دیارە.

دووەم: لاواز بوونی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان، سوریا بە نموونە (The weakness of Multination States, Syria as a case study):

شوێنەوارێکی دیکە لە لە شوێنەوارە و لێکەوتەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، لاوازبوونی دەوڵەتی فرە نەتەوەکانە، دابەشبوونی هێزە لە نێوان لایەن و تاقمەکان، بەوەی حکومەتی ناوەندی خۆی ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی، بە تەواوی بەسەر هەموو پێکهاتە و نەتەوە و کەمینە و مەزهەبەکانی ناو دەوڵەتدا بسەپێنێ، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر بێهێزبوونی حکومەتی ناوەندی، ڕۆڵگێڕ و ئەکتەری دیکە لە ناوخۆیی دەوڵەتدا دەردەکەون، کە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆی ملکەچی حکومەتی ناوەند بن، ئەوا کاریگەریان دەبێ لە ئاڕاستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان. هەموو ئەمەش لەسەر حیسابی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و شکانی شکۆی سەروەریەکەی دەبێ.

مەبەستمان لە دەوڵەتە فرە نەتەوەکان، ئەو دەوڵەتانەن کە لە دروستبوونیاندا ڕەچاوی خواست و ویستی بەشێك لەو نەتەوانە نەکراوە کە لە ناو دەوڵەتەکەدان، ئەگەر دەوڵەتی سوریا بە نموونە بهێنینەوە، کە لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، لە ژێر سەرپەرشتی فەڕەنسادا بوو، دواتر کە سەربەخۆیی وەرگرت، بەهۆی ناجیگیری باری سیاسی ئەو دەوڵەتە، چەندین کودەتای سەربازی تێدا ئەنجامدرا، تەنانەت ڕژێمی بەشار حافز ئەسەد، سەرۆکی ئێستای سوریا، کە لەسەر دەسەڵاتە، درێژبووەوەی کودەتای سەربازییە، تەنانەت دۆخی لەناکاو (حالة الطوارئ) لەو وڵاتە لە دوای کودەتای حیزبی بەعس لە ١٩٦٣ تا ٢٠١١ بەردەوام بوو، لە ٢٠١١ شۆڕش لە سوریا سەرهەڵدا لە دژی ڕژێمی خۆسەپێنی بەعس.

ڕژێمی سوریا کوردانی ئەو وڵاتەی، لە ڕەگەزنامە بێ بەش کردبوو، واتە هەر بوونی کوردیان لەو وڵاتە ڕەت دەکردەوە، ئێستاش دوای هاتنی بەهاری عەرەبی و شۆڕشی گەلی سوریا لە دژی ڕژێمی سوریا و بەشار ئەسەد، ئەوە دەردەکەوێ کە دەوڵەتە فرە نەتەوەکانی وەك سوریا، کە ڕەچاوی ویستی

نەتەوەکانیان نەکردووە، بەرەو لاوازبوون دەچن، یان لە هەر هەل و دەرفەتێکدا، ئەگەری تەقینەوەی دۆخی ناوخۆیی، لە دەستدانی جڵەوی دەسەڵات و کاڵبوونەوەی سەروەری لە ئارادایە.

کوردانی ڕۆژئاڤا دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا، لاوازبوونی ڕژێم و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی سوریا، کورد لەو بەشەی کوردستان، کە پێی دەوترێت ڕۆژئاڤا (ڕۆژئاوای کوردستان)، لە دەرئەنجامی کاڵبوونەوەی سەروەری و دەسەڵاتی سوریا، توانیان دەسەڵاتێکی خۆسەر دروست بکەن، وەك هێزێکی کاریگەر لە زەمینیدا بەرەنگاری داعش ببنەوە، لە پاڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

کاریگەری بەهێزبوونی دەسەڵاتی خۆسەر (کە لە شێوەی کانتۆندا ڕێکخراون) بەڕاددەیەك بوو، کە تورکیا بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی دەزانی، بۆیە پەلاماریدا و لە ئەنجامدا عەفرین و چەند ناوچەیەکی داگیر کرد لە ناوچە کوردیەکان، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە ئەزموونی کوردی

ڕۆژئاوا لەباربری، ڕۆڵیان لە گۆڕەپانی سوریادا بسڕدرێتەوە. کەواتە شوێنەوارێکی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، لاوازبوونی دەوڵەتە فرەنەتەوەکانە.

**سێیەم: زەقبوونەوەی چەمکی (یەک نەتەوە - یەک دەوڵەت) The Rise of the Concept of One Nation – One State):**

هەروەك دیارە كاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، شوێنەواری گەورەی لێدەكەوێتەوە، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەكیدا، یەكێكیش لە شوێنەوارە گرنگەكانی زەقبوونەوەی چەمكی (یەك نەتەوە – یەك دەوڵەتە)، ئەمە چارەسەرێكی گونجاوە، بۆ ئەو دەوڵەتانەی كە تێیاندا تەنها نەتەوەی سەردەست حوكم دەكات، نەتەوەكانی دیكەش وەك هاوڵاتی پلە دوو سەیریان دەكرێ، یاخود مافی بەشداریان لە پرۆسەی سیاسیدا پێ ڕەوا نابینرێ، تەنانەت لە هەندێك دەوڵەتدا نەتەوەی سەردەست نكۆڵی لە بوونی نەتەوەكانی دیكە دەكات، هەروەك ئاماژەمان پێدا، لە سوریا كوردەكان ڕەگەزنامەشیان پێ ڕەوا نەدەبینرا، چ

جای هاوبەشی لە دەسەڵات، بەشداری پێکردنیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

ئەگەر پرسی کورد بە نموونە وەربگرین، بەدیاریکراوی لە عێراق، دەبینین گەلی کوردستان هەرگیز خۆی بە عێراقی نەزانیوە، هەر کاتێکیش لێی بپرسی تۆ کێی لەوەڵامدا دەڵێت: من کوردم یان کوردستانیم، خۆی بە هاوڵاتیەکی عێراقی نازنێت، چونکە لە دەرئەنجامی ڕێکەوتننامەیەکی بێ ویژدان و ستەمکارانەی ناسراو بە (ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ) بەبێ ڕەچاوکردنی خواست و ویستی گەلی کورد، ئەوە کورد وەك تاکە نەتەوە و گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەشکرا سەر زیاتر لە چوار دەوڵەت، تەنها گەل و نەتەوەش بوو کە مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینرا دەوڵەتی پێبدرێ، یان بەلایەنی کەمەوە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری پێبدرێ، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەریدا دابەشکراون.

لەبەر ئەوە عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینی، هەر لە دروستبوونیەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، چەندین شۆڕش لە دژی حکومەتی ناوەندی عێراق هەڵگیرسێنران، چەندان کودەتا ئەنجام

دران، له کۆتاییدا حکومەتی عێراق بەهۆی کاڵبوونەوەی سەروەری ناوخۆیی و سەرقاڵ بوونی بە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان، بۆ نموونە هەوڵدانی بۆ قڕکردن و بنەبڕکردنی کورد و پرسە نەتەوەییەکەی بەیەکجاری، تووشی کێشەی ناوخۆیی بووەوە، لە ئەنجامدا ڕژێمی بەعس لە عێراق ڕوخا و سیستەمی حوکمڕانیەکەی گۆڕدرا، کورد توانی فیدراڵیەت بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەمەش هێشتا وەڵامدەرەوەی خواستەکانی کورد نییە لەو بەشەی کوردستان. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەت نموونەیەکی جوانی دەوڵەتێکمان نییە، کە ڕەنگدانەویە خواستی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان بێ، تەنانەت ئەوەی دەگوترا کە ئیسڕائیل و تورکیا نموونەی جوانی دیموکراسین، ئەوەش وادەرنەچوو، چونکە لە دەستووری ئیسڕائیلدا هاتووە، ئەوەی لە ئیسڕائیل دادەنیشێ جولەکەیە، هەروەك لە دەستووری تورکیاشدا هاتووە تورکیا یەك نەتەوە و یەك دەوڵەتە.

کەواتە یەکێك لە شوێنەوارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، بریتییە لە زەقبوونەوەی چەمکی یەك نەتەوە و یەك

دەوڵەت، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی وەك كورد كە مافیان پێشێل كراوە لەلایەن نەتەوە سەر دەستەكانەوە.

**چوارەم: دارِشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە** (Drafting the States borders, Midde East as a case study):

یەكێك لە گرنگترین شوێنەوارەكانی كاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان، دارِشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتانە، لێرەدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە وەردەگرین، كە دەتوانین بڵێین لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دارِمانی جەمسەر رۆژهەڵات، ئەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانی زۆرێك لە كێشەكان، ناوەندی یەكلاكردنەوەی ململانێكان، بەهۆی هەڵكەوتەی جوگرافیای سیاسی ناوچەكە، دەوڵەمەندبوونی بە سامانە سروشتییەكان، بە نموونە نەوت.

دەبینین چەندین پلان و نەخشە هەن، بۆ دووبارە دابەشكردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگترینیان گرێبەستی سەدە (صفقه القرن: Century Deal) بۆ دروستكردنی دوو

دەوڵەت بۆ هەر یەکە لە ئیسرائیل و فەڵەستین، یان وردتر بڵێین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلی گەورە، لەسەر حیسابی بەشێك لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەتایبەت ئەوانەی سەروەریان کاڵبووەتەوە وەك عێراق و سوریا و یەمەن، تەنانەت ئەوانی دیکەش وەك سعودیە و میسر و لوبنان و بەحرێن، دەبینین لە زەمینەی واقیعدا، خاوەن سەروەریەکی وا تۆکمە و بەهێز نین کە بتوانن بەربگرن لە بەردەم خواستی زلهێزان بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی هەرێمەکە، ئەم داڕشتنەوەیە هەر دێتە پێش ئەگەر هاتوو سەروەری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بوو لە کاڵبوونەوە و پوکانەوە.

لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی پرۆژەی گرێبەستی سەدە، کاردانەوەیەکی توندی دەوڵەتانی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا نەهێنا، کەواتە ئەم ڕاگەیاندنە، خۆی لە خۆیدا هەڵسەنگاندێك بوو بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە، لە ئایندەدا دەکرێ ئەگەر ئەم گرێبەستەش و پلانەش هەمووی جێبەجێ نەکرێ، ئەوا لەوانەیە بچێتە قۆناغی کرداریەوە.

ئەگەر دارِشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتان یان بەشێك لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پلانی زلهێزەکانیش نەبێ ئەوە بە لاوازبوون و کاڵبوونەوەی سەروەری و دەسەڵاتی دەوڵەت، لە خودی خۆیدا هۆکارێك دەبێ بۆ دابەشبوونی دەسەڵات و هێز، بەمەش سەروەری خەسڵەتی گشتگیری و بەش بەش نەبوون، لەدەست دەدات، بەم جۆرە دەوڵەتی ناوەند بەرەو پوکانەوە و دابەشبوون دەچێ.

ئەگەر دەوڵەتی سوریا بە نموونە وەربگرین، ئەوە دەبینین دەسەڵاتی ناوەندی، ناتوانێ سەرتاپای هەرێمی دەوڵەتەکەی جڵەوگیر بکات، سەروەریەکەی لە زەمینەی واقیعدا نەماوە، ئەمەش بە کرداری بووەتە هۆی دابەشبوونی سوریا، هەرچەندە ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی پشتگیری دەکەن، ئەگەر ئەم دوو دەوڵەتە نەبووبان، ئەوە خەریك بوو شتێك نەدەما بەناوی ڕژێمی سوریا. خاکی سوریا بەجۆرێك دابەش بووە کە بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەشار ئەسەدە، بەشێکی تری لە ژێر دەسەڵاتی کوردە، هەندێکی تورکیاوە داگیری کردووە، هەندێکی تر لە ژێر دەسەڵاتی داعشە، بەشێکی تریش لە ژێر

دەستی ئەمریکایە، بەشێکیش لە ژێر دەستی گروپە ئیسلامیەکانی دیکەیە، گێتل دەڵێت: "ئەگەر سەروەری ڕەها بوونی نەبوو، ئەوا دەوڵەت هەر بوونی نییە، ئەگەر سەروەریش بەش بەشکرا، ئەوا ئەو کات زیاد لە دەوڵەتێك بوونی هەیە"، کەواتە بە کرداری کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان ڕێگاخۆشکەرە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سایەی ئەم کاڵبوونەوەیەی سەروەری دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە، دەکرێ چاوەڕێی لەدایکبوونی دەوڵەتی نوێ بکەین.

پێنجەم: زاڵبوونی پێوەری ئەمری واقیع (Dominance of the De facto pressure):

لەم دەیەی دواییدا، زیاتر پێوەری ئەمری واقیع ڕەچاوکراوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکان و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەوڵەتێکی وەك تورکیا بە درێژیی تەمەنی دروستبوونی دژایەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەڵام لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری هەرێم، دەبینین هەڵوێستی تورکیا گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووە، تەنانەت ڕەچاوی

ئەتەکێت و پڕۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان دەکات، لە ڕووی پێشوازی کردن لە سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەر لە دانانی ئاڵای کوردستان تا شتەکانی دیکە.

تەنانەت کەرتی وزە هۆکارێك بوون، بۆ ئەوەی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان هەرێم تورکیا بەهێز بێ، و ڕێکەوتننامەی نەوتی پەنجا ساڵە لەو بارەوە مۆر بکەن، تورکیایەك کە هەردەم دژی پرسی کورد بووە، لە سایەی ئەمری واقیعدا کە بەهۆی کاڵبوونەوەی سەورەری دەوڵەتی عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، ڕێکەوتن لەگەڵ هەرێمدا مۆر دەکات، سەرباری ناڕەزایی حکومەتی ناوەندی عێراق.

ئەگەر سەیری کوردانی ڕۆژئاڤا بکەین، بەشێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، پڕچەك دەکرێن و تەنانەت هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەك هێزی زەمینی و سەربازی مەیدانی، سەیری شەڕڤانان دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە شەڕی دژی داعشدا، هەرچەندە ئەم پڕچەككردنە جێگای ناڕەزایی تووندی حکومەت و دەوڵەتی تورکیا بووە، چونکە تورکیا پێی وابووە ئەمە لە ئێستا و ئایندەدا دەبێتە هەڕەشە لەسەر

ئاسایش و سەقامگیری و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی تورکیا، بەهۆی ئەوەی زیاد لە بیست ملیۆن کورد لەو وڵاتە بوونی هەیە. لەگەڵ ئەوەی تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. کەچی ئەمریکا هیچ گوێیەکی بەم نارەزایەتیانە نەداوە، بەردەوام بووە لە ناردنی چەك و پێداویستی سەربازی بۆ کوردانی ڕۆژئاڤا. هەموو ئەم شتانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە ئەمڕۆ پێوەری ئەمری واقیع (دیفاکتۆ) زاڵە لە مامەڵە و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، لەسایە کاڵبوونەوەی سەورەری دەوڵەتان.

## کۆتایی

سەروەریش مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەختە بتوانرێ سەرەتایەك بۆ هاتن و دەرکەوتنی ئەم خەسڵەتەی دەوڵەت دیاری بگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەورەری وەك چەمك بۆ یەکەم جار جان بۆدانی فەڕەنسی وەك چەمك ناساندی و دایڕشت، بەمەش بووە یەکەم کەس کە داهێنەری ئەم چەمکە بێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

سەروەری مانایەکی دیارکراوی نییە بەجۆرێك کە هەموو پسپۆرانی یاسا و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەری کۆك بن، بەڵکو چەند خەسڵەتێکی هەیە کە زۆرێك لە شارەزیان لەسەری کۆکن، ئەوانیش ڕەها و گشتگیری و هەمەلایەنی و سنووردار نەبوون و پارچە پارچە نەبوونی دەسەڵات و شکۆی دەوڵەتە. سەورەری ڕەهەندی ناوخۆی و دەرەکی هەیە، هەروەها چەندین جۆریشی هەیە، کە هەر پسپۆرێك بە جۆرێك دابەشکاری بۆ جۆرەکانی سەوەری کردووە.

بوونی سەروەری چەندین شوێنەواری گرنگی هەن لە دەوڵەتدا، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، بۆیە دەوڵەت هەوڵ دەدەن هێزی خۆیان لە بەشە هێزی نێودەوڵەتی زیاد بکەن، تا بە رادەیەك بەهێز بن کە پاراستنی سەروەری خۆیان مسۆگەر بکەن. چەندین تیۆر هەن بۆ شیکردنەوەی سەروەری، گرنگترین تیۆرەکانی سەروەریمان خستنەڕوو، کە بریتی بوون: لە تیۆری سیۆقراتی، تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (دیموکراسی)، تیۆری ئیسلام.

سەروەری دیارترین خەسڵەتی دەوڵەتە، ئەو تایبەتمەندیەیە کە دەوڵەتی پێ جیا دەکرێتەوە، لە ڕێکخراوەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی سیاسی نێودەوڵەتیدا. چەندین هۆکار هەن بۆ کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەت و چەندین شوێنەواری گرنگ بەدوای خۆیاندا دێنن، کە لەوانەیە بە کۆتایی هاتنی دەوڵەتەکە کۆتایی بێت.

## پوختە

سەروەری یەکێکە لەو پرسیە سیاسی و یاساییانەی، کە مشتومڕێکی بەردەوامی لەسەرە، لەم سەردەمی ئێستادا، جا بەهۆی پێشکەوتنی خێرای جیهان و جیهانگیری، دەرکەوتنی پرسەکانی پەیوەست، بە بواری سیاسی و کۆسپەکانی بەردەم گەیشتنی دەوڵەت بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان، کێشەی کاڵبوونەوە و داخورانی سەروەری بەشێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێ.

بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست بەم کێشەیە کراوە، بەتایبەت لە دوای هاتنی بەهاری عەرەبی، دەرکەوتن و چالاکبوونی تاقمە تیرۆریستەکانی وەك (ئەلقاعیدە و داعش)، کە دوو هۆکاری سەرەکی ناسەقاگیری ناوچەکەن.

ئەم کتێبە؛ تاوتوێی کاریگەری کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان دەکات، لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە چەندین هۆکار هەن کاریگەریان لەسەر سەروەری دەوڵەتان

داناوه، لەوانەیە بەرەو داخورانی سەروەریان ببەن، وەك كۆمپانیا بەهێزەكان كە ڕەهەندێكی ئابووری بەهێزیان هەیە و جیهانگیری، ئەمە لەلایەك. لەلایەكی دیكەوە پێشێل كردنی ئاشكرای مافەكانی مرۆڤ، كە دەوڵەتان دەرهەق بە گەلانیان ئەنجامی دەدەن، كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ سەردەكێشێ بۆ كاڵبوونەوەی سەروەری ناوخۆیی دەوڵەتان.

وهذه العوامل، أدى إلى التدخل في شؤون الدول، وانتهاك سيادة الدول. وقد تكون هذه التدخلات لأسباب غير إنسانية بل لمصالح إقتصادية، أو لتنفيذ أجندات سياسية كتغير خريطة الدول تحت مسميات حقوق الإنسان.

ئەم هۆكارانە، سەریانكێشاوە بۆ دەستێوەردان لە كاروباری دەوڵەتان، پێشێل كردنی سەروەریەكەیان. لەوانەشە ئەم دەستێوەردانانە بە مەبەستی مرۆیی نەبن، بەڵكو لە پێناو بەرژوەندی ئابووری، یان جێبەجێ كردنی ئەجێندای سیاسی بێ، وەك گۆڕینی نەخشەی دەوڵەتان لە ژێر ناونیشانی مافەكانی مرۆڤ.

## الملخص

السيادة من المواضيع السياسية والقانونية، التي يكتنفها جدل مستمر، في العصر الراهن، وبسبب التطور السريع للعالم، و العولمة، و ظهور المواضيع المتعلقة بالمجال السياسي و المعوقات أمام الدول في سبيل الوصول إلى الأهداف المنشودة، يظهر مشكلة تآكل السيادة بشكل جلي.

وتم الإحساس بهذه المشكلة بشكل واضح، خصوصا بعد ظهور الربيع العربي و بروز و تنشيط الجماعات الإرهابية مثل (القاعدة و داعش)، وهما السبب الرئيسي لعدم الإستقرار في المنطقة.

وهذا البحث يتحدث عن أسباب (تآكل سيادة الدول) و تأثيراتها على العلاقات الدولية، حيث هناك عوامل شتى أثرت على سيادة الدول، قد يؤدي إلى ضمور السيادة، مثل تأثير الشركات الكبرى العالمية ذات الطابع الإقتصادي القوي والعولمة، هذا من جانب. والإنتهاكات الصارحة لحقوق

الإنسان، التي تقوم بها الدول في حق شعوبها، والتي بصورة مباشرة يؤدي إلى تآكل السيادة الداخلية للدول من جانب آخر.

وهذه العوامل والأسباب، أدى إلى التدخل في شؤون الدول، وانتهاك سيادة الدول. وقد تكون هذه التدخلات لأسباب غير إنسانية بل لمصالح إقتصادية، أو لتنفيذ أجندات سياسية كتغير خريطة الدول تحت مسميات حقوق الإنسان.

□

# Abstract

Sovereignty is one of the legal and political subjects, which has a continuous debate. In the present era, due to the rapid development of the world, globalization, the emergence of topics related to the political sphere and the obstacles facing countries in reaching the desired goals, the problem of the Erosion of State Sovereignty starts to be present on the ground.

This problem is present visibly, especially after the emergence of the Arab Spring and coming terrorist groups to the surface such as Al Qaeda and ISIS, the main reason of instability in the region.

This study discusses the reasons of (The Erosion of State Sovereignty) and their impact on the international relations.

There are various factors that have affected the state sovereignty, which may lead to erosion of

sovereignty, such as the influence of global corporations of a strong economic character and globalization, on the one hand. Then the deliberate violations of human rights, by states against their people, which directly lead to the erosion of the internal sovereignty of states, on the other hand.

These factors have led to intervention in the affairs, violation of the sovereignty of states. These interventions may not be for humanitarian reasons, but for economic benefit, or for implementing political agendas such as changing the map of the countries under the names of protecting human rights.

## سەرچاوەکان

* قورئانی پیرۆز.

١. أحمد بن محمد بن علي الفيومي ثم الحموي، المصباح المنير في غريب الشرح الكبير، بيروت – لبنان، المكتبة العلمية، ب. ط. ١/ ٢٩٤، مادة (سود).

٢. أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين – بيروت، الطبعة: الرابعة ١٤٠٧ هـ – ١٩٨٧م ٢/ ٤٩٠، مادة (سود).

٣. المنجد في اللغة والإعلام، دار المشرق، بيروت، ٢٠٠٠، ص١٩١.

٤. حسن رزق سليمان عبدو، النظام العالمي و مستقبل سيادة الدولة في الشرق الأوسط ، مذكرة ماجستير في العلوم السياسية، كلية الآداب

٥. والعلوم الإنسانية، جامعة الأزهر، غزة، فلسطين، ٢٠١٠ ،ص٤٥.
٦. فەرهەنگی ئۆنلاینی ئیتۆلۆژی، لەسەر ئەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە بڵاوکراوەتەوە:
http://www.etymonline.com/index.php?term=sovereign
سەرەدان: ١٣/ ٥/ ٢٠١٧.
٧. عليوى أبو جهاد، الحكم المدنى عند توماس هوبز و جون لوك، ٢٠١٤ – ٢٠١٥، ص ١١.
٨. عومەر نورەدینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، چاپخانەی منارە، هەولێر – کوردستان، ٢٠٠٥، لا ١٣.
٩. محمود حيدر، الدولة فلسفتها وتأريخها من الإغريق إلى ما بعد الحداثة، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية: كربلاء، ٢٠١٨، ص ٢٧.
١٠. د. وضاح زيتون، المعجم السياسي، دار الأسامة، الأردن – عمان. ٢٠١٠، ص ٢١٧.

١١. جمعة صالح حسين، القضاء الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٨، ص ٥٤.
١٢. غضبان مبروك، التصادم بين العولمة والسيادة – حقوق الإنسان نموذجا، محاضرة ألقيت بجامعة سطيف، ٢٠٠٥، ص ١٧.
١٣. حسن رزق سلمان عبدو، النظام العالمي ومستقبل سيادة الدولة في الشرق الأوسط، جامعة الأزهر بغزة، غزة، ٢٠١٠.
١٤. صلاح الدين أحمد حمدى، دراسات فى القانون الدولى العام، منشورات اليجا، الجزائر، ٢٠٠٢ ،ص ١٧٦.
١٥. غرداين خديجة، إشكالية السيادة والتدخل الإنساني – حالة الدول العربية –، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في القانون العام المعمق، جامعة أبوبكر بلقائد – تلمسان – كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم القانون العام، ٢٠١٥م، ص ٢٢، ٢٣.

١٦. حسن رزق سلمان عبدو، النظام العالمي ومستقبل سيادة الدولة في الشرق الأوسط، جامعة الأزهر بغزة، غزة، ٢٠١٠.

١٧. هەمان سەرچاوە.

١٨. هەمان سەرچاوە.

١٩. أ.د. نعمان أحمد الخطيب، الوجيز في الأنظمة السياسية، ط ٢، دار الثقافة: عمان، ٢٠١١.

٢٠. ميكافيلي، الأمير، مطبعة العبور، القاهرة، ٢٠٠٤.

٢١. المعرفة، جان بودان، ب.ت.،

%٨https://www.marefa.org/%D
%٨A%٨_%D٨٦%٩D%٧A%٨AC%D
%٩D%٧A%٨AF%D%٨D%٨٨%٩D
٨٦

سەردان: ٢٠٢٠/٣/٢٧.

٢٢. عەلیوی ئەبو جهاد، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١.

٢٣. جلاب ذهبية، دين زهرة، مفهوم السيادة عند توماس هوبز وأثرها على الفكر السياسي المعاصر. جامعة الجلالي بونعامة بخيمي مليانة، ٢٠ – ٢٥.

٢٤. أميرة حناشي، مبدأ السيادة في ظل التحولات الدولية الراهنة، مذكرة ماجستير في القانون العام، كلية الحقوق، جامعة الإخوة منتوري، قسنطينة، ٢٠٠٧-٢٠٠٩، ص ٢٣.

٢٥. جمال بن مرار، تطور مفهوم السيادة في ظل المتغريات الجديدة، مذكرة ماجستير في العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية والإعالم، جامعة يوسف بن خدة، الجزائر، ٢٠٠٧ – ٢٠٠٩، ص٣١.

٢٦. سليماني سهام، تأثير حق التدخل الإنساني على السيادة الوطنية – دراسة حالة العراق ١٩٩١، – مذكرة ماجستير في العلاقات الدولية، كلية السياسة و العلوم، جامعة الجزائر، ٢٠٠٥، ص٢٠.

٢٧. حسن رزق سلمان عبدو، سەرچاوەی پێشوو.

٢٨.	حسن رزق سلمان عبدو، سەرچاوەی پێشوو.
٢٩.	بڕوانە: دکتۆر خامۆش عەبدوڵا، تیۆری گشتی یاسای دەستووری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٩. و الدكتور نجدت صبري آكريي، الإطار القانوني للأمن القومي، مطبعة زانكو، أربيل، ط ٢، ٢٠٠٩، ص ٦٧.
٣٠.	جمال بن مرار، تطور مفهوم السيادة في ظل المتغيرات الجديدة، تطور مفهوم السيادة في ظل المتغيرات الجديدة، مذكرة ماجستير في العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية والإعلام، جامعة يوسف بن خدة، الجزائر، ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨، ص ٢٩.
٣١.	عبدالسلام جمعة زاقود، العلاقات الدولية في ظل النظام العالمي الجديد، عمان: دار الزهران، ٢٠١٣.
٣٢.	أ. د. نعمان أحمد الخطيب، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوي، دار الثقافة، عمان، ط١، ٢٠٠٤م، ص ٣٤.

٣٣. أ. هادي الشيب و د. رضوان يحيى، مقدمة في علم السياسة والعلاقات الدولية، برلين: مركز الديمقراطي العربي، ٢٠١٧، ص ١٤٦ – ١٤٨.

٣٤. پ. ی. د. تاڵیب ڕەشید یادگار، بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، موکریانی، هەولێر، چ ٢، ٢٠١٣، لا ٢٤٩.

٣٥. أوصديق فوزي، الوافي في شرح القانون الدستوري الجزائري، ج/٠١ ،ط/٠٢ ،ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر ٢٠٠٣، ٣٨.

٣٦. أ. د. نعمان أحمد الخطيب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤. و الدكتور عارف خليل أبو عبيد، العلاقات الدولية في الفقه الإسلامي، دار النفائس، الأردن، ط ١، ٢٠٠٧، ص٢٣.

٣٧. مجموعة من المؤلفين، السيادة والحاكمية، بإشراف: د. بسام الجمل، ملف بحثي، ب.ط، ٢٠١٥م، ٨٠.

٣٨. أميره حناشی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨.

٣٩. د. وزاح زيتون، سەرچاوەی پێشوو.

٤٠. حسن رزق سلمان عبدو، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.
٤١. حسن رزق سلمان عبدو، هەمان سەرچاوە، ص ٢١.
٤٢. محمود إسماعيل محمد، دراسات في العلوم الإنسانية، مكتبة الإمارات، العين، ط٢.
٤٣. محمود إسماعيل محمد، هەمان سەرچاوە.
٤٤. أ. هادي شيب و د. رضوان يحيى، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٧.
٤٥. حسن رزق سلمان عبدو، سەرچاوەی پێشوو.
٤٦. سامۆیل پ. هەنتینگتۆن، بەیەکدادانی شارستانییەکان، و: فەیسەڵ خەلیل، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، لا ٧٦، ٧٧.
٤٧. لوس کابوس (٢٠١٢) کۆشکی سپی: ئۆباما وەڵامی داواکەی مالیکی نەدایەوە سەبارەت بە گرێبەستی ئێکسۆنمۆبیل.

https://www.masress.com/elbalad/1
٩٦٨٩٧
دوايين سەردان: ٧/ ٤/ ٢٠٢٠.

٤٨. يوئێن، بنەماكانى نەتەوە يەكگرتووەكان.
http://www.un.org/ar/sc/repertoire/p
rinciples.shtml
دوايين سەردان: ٢٩/ ٤/ ٢٠١٧.

٤٩. خياطي مختار، دور القضاء الجنائي الدولي في حماية حقوق الإنسان، مذكرة لنيل شهادة الماجستر في إطار مدرسة الدكتوراه "القانون الأساسي والعلوم السياسية"، وزارة التعليم العالمي والبحث العلمي، جامعة مولود مهمري تيزي وزو، جمهورية الجزائر، ٢٠١١، ص ٢٣.

٥٠. هادي علي، الشعب الكوردي والسياسات الدولية في القرن العشرين، سليمانية: مطبعة سيما، دار روشنبير للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص ١٩٢.

٥١. Cynthia Weber, International Relations Theory: 2 Ed, London, Routledge, p 101.

٥٢. دكتور صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة – مصر، ٢٠٠٧، ص ٢١.

٥٣. أمير حناشي، مبدأ السيادة في ظل التحولات الدولية الراهنة، مصدر سابق، ٨. و بڕوانە: مایکڵ ماندلبۆم، ئەو ئایدیایانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت، و: گۆران سەباح غەفور، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٢٨.

٥٤. مركز دراسات الوحدة العربية، العرب والعولمة، بحوث ومناقشات الندوة الفكرية التي نظمها مركز دراسات الوحدة، بيروت، ط ٣، نيسان ٢٠٠٠، ص ١٥٣– ١٧٠.

٥٥. Shawn R. Crane, The State, Non-State Actors, Federalism, and Conflict: The Mexican Drug War: March 2013 Stellenbosch University, p 25

٥٦. ئۆریانت (٢٠١٥) نەزیر ڕیزا، پێنج قەوارە سەرکردایەتی سوریایان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە، داعش بەشە گەورەکەی بەرکەوتووە.

https://orient-
/ews.net/ar/news_show/89924
سەردان: ٨/ ٤/ ٢٠٢٠.
٥٧. سکای نیوز عربی (٢٠١٧) داعش لە عێراق لە کەمبوونەوەدایە.
http://www.skynewsarabia.com/web/article/939580
دوایین سەردان: ٨/ ٤/ ٢٠٢٠.
٥٨. حیزبوڵای لوبنانی حیزبێکی سیاسی ئیسلامی شیعی چەکدارە، لایەنگری کۆماری ئیسلامی ئێرانە: "لە ١٩٨٢ز لە لوبنان دامەزرێنرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥ز هاتە ناو کایەی ململانێی سیاسیەوە" بڕوانە: چی دەزانی سەبارەت بە حیزبوڵا؟: عەلی سادق، ٢٠١٦، چ ٢، ٢٠٠٧، لا ٧.
٥٩. هیشام خریسان (٢٠١٣) ژمارەی کوژراوانی ئەسەد و هاوپەیمانە شیعەکانی.
http://www.jbcnews.net/mobile/article/12475
سەردان: ٩/ ٤/ ٢٠٢٠.

٦٠. فەتحی شەمسەددین (٢٠١٤) حوسیەکان چۆن دەستیان بەسەر سەنعادا گرت، بەبێ ئەوەی سوپا بەرگری بکات.
https://www.bbc.com/arabic/interactivity/2014/09/140924_comments_yemen_houthi_overtaken_sanaa
سەردان: ٢٠٢٠/٤/٩.

٦١. د. إحسان حمید مەفرەجی و ئەوانی تر، تیۆری گشتی یاسای دەستووری و سیستەمی دەستووری لە عێراق، و: هەتوان عومەر عەبدوڵا. چاپخانەی کارۆ، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، چ ٢، ٢٠١٧، لا ١١٣.

٦٢. دەستووری عێراق (٢٠٠٥).

٦٣. هەمان سەرچاوە.

٦٤. عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١.

٦٥. أميرة سماح فرج عبدالفتاح، الإعلام وتشكيل الرأي العام و صناعة القيم، بيروت – لبنان، ط١، ٢٠١٣، لا ٣٣.

٦٦. سكای نیوز عەرەبی (٢٠١٧) وێنەكان لە ناوەوە، قوربانیانی كیمیایەكەی ئەسەد:

https://www.skynewsarabia.com/middle-east/938824-%D8%B5%D9%88%D8%B1-%D8%AD%D8%B5%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D8%AF%D8%A7%D8%AE%D9%84-%D8%AE%D8%A7%D9%86-%D8%B4%D9%8A%D8%AE%D9%88%D9%86-%D8%B6%D8%AD%D9%8A%D8%A9-%D9%83%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%88%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%94%D8%B3%D8%AF

سەردان: ٢٠٢٠/٤/٩.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| بەشی یەکەم: | |
| مانا و مێژووی سەروەری | ١٦ |
| دەروازەی یەکەم: مانای سەروەری | ١٩ |
| یەکەم: سەروەری لە ڕووی زمانەوانیەوە | ٢٠ |
| دووەم: ســـــەروەری لە ڕووی زاراوەییەوە | ٢٤ |
| أ. لە زاراوەی سیاسیدا | ٢٤ |
| ب. لە زاراوەی یاسای نێودەوڵەتیدا: | ٢٩ |
| دەروازەی دووەم: مێژووی سەروەری | ٣٣ |
| یەکەم: سەروەری لە چاخە کۆنەکاندا | ٣٣ |

دووەم: سەروەری لە چاخەکانی ناوەڕاستدا: ٣٤

سێیەم: سەروەری لە سەردەمی گەشەسەندندا ٣٧

چوارەم: سەروەری لە سەردەمی نوێدا ٤١

پێنجەم: سەروەری لە سەردەمی هاوچەرخدا ٤٢

بەشی دووەم:

خەسڵەت و شوێنەوارەکانی سەروەری لە دەوڵەتدا

دەروازەی یەکەم: خەسڵەتەکانی سەروەری ٤٩

دەروازەی دووەم:

شوێنەوارەکانی سەروەری لە دەوڵەتدا ٥٥

بەشی سێیەم: جۆرەکانی سەروەری ٦١

بەشی چوارەم:

ڕەهەند و تیۆرەکانی سەروەری

دەروازەی یەکەم: ڕەهەندەکانی سەروەری ٨٤

یەکەم: سەروەری ناوخۆیی ٨٥
دووەم: سەروەری دەرەکی ٨٦
دەروازەی دووەم: تیۆرەکانی سەروەری ٨٨
یەکەم: تیۆری سیۆقراتی ٩٠
دووەم: تیۆری دیموکراسی ٩٢
سێیەم: تیۆری ئیسلامی ٩٣
بەشی پێنجەم:
گرنگترین هۆکارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان
یەکەم: هۆکارە ئابوورییەکان ٩٩
دووەم: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ١١١
سێیەم: جیهانگیری ١١٨
چوارەم: سەرهەڵدانی ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتەکان ١٢٥

پێنجەم: بەهێزبوونی هەرێمەکان،

هەرێمی کوردستان بە نموونە ١٣٢

شەشەم: ڕۆڵی میدیا

لە دروستکردنی ڕای گشتی ١٣٩

بەشی شەشەم:

دیارترین شوێنەوارەکانی کاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان

یەکەم: بەهێزبوونی کەمینەکان ١٤٨

دووەم: لاواز بوونی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان ١٥٥

سێیەم: زەقبوونەوەی چەمکی

(یەک نەتەوە _ یەک دەوڵەت) ١٥٨

چوارەم: دارِشتنەوەی نەخشەی دەوڵەتان،

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە ١٦١

| | |
|---|---|
| **پێنجەم: زاڵبوونی پێوەری ئەمری واقیع** | **١٦٤** |
| **کۆتایی** | **١٦٧** |
| پوختە | **١٦٩** |
| الملخص | **١٧١** |
| Abstract | **١٧٣** |
| سەرچاوەکان | **١٧٥** |
| ناوەڕۆک | **١٨٨** |

چاپخانەی شوان
0750 792 0775